# چرکە

## گۆڤارێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە


ژمارە ١٤ / کانوونی یەکەم / ٢٠٠٨

**خاوەن ئیمتیاز:**
کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

**سەرنوسەر:**
محەمەد فەریق

**بەرێوەبەری نووسین:**
هیدایەت سالح

**دیزاینی بەرگ:**
هوشنگ عمر

**دیزاین:**
نێچیروان فەرزەندە پیرانی

**ناونیشان:**
نوسینگەی هەولێر
برایەتی 40 مەتری (0662568812)
نوسینگەی سلێمانی (07701386146)
نوسینگەی دهۆک تەنیشت هۆتێلی هەلال (07507495444)
E-mail : cherka_mag@yahoo.com
چاپخانەی کوردستان
(07701532640)


ئایندەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا



کەرکوک مەسەلەیەکی نەتەوەی یە ، کێشەی نەتەوەیش بەهێزی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت



بەکارهێنانی چەک ، هەوادارانی زۆربوون



پێدەچێت ئەندامەکانی رێکخراوەکانی ژنان هەموویان خاوەن میردبن لەبێ پێویستی خۆیان سەیری بارودۆخەکەیان کردوە





کالی فەقی وسو

# ژنان خۆیان مافەکانی خۆیان ناپارێزن بەپاساوی جۆراوجۆر

ئەم ماوەیە هەڵاهەڵای ئافرەتان ودەربڕینی ناڕەزاییەکانیان بەرامبەر دەسەڵات وکۆمەڵگا , وادەکات کەبە قوڵاییەکی زۆر بچێتە ناو ناخی مەسەلەکە و بەویژدانەوە سەیری بارودۆخەکە بکەی و بێدەنگ نەبیت. بۆیە ئەم پرسیارە وەکو من لەوانەیە لای هەندێك کەس دروست بێت کەئایا بەڕاستی پیاوان بەتەنیا پێشڵکاری سەرەکی مافەکانی ئافرەتانن؟!

ئایا ئافرەتان وژنان, خۆیان هیچ ڕۆڵێکی یان نییە لەبوونی ئەم ئازارو کێشانەی بۆیان دێتە ئاراوە؟!

هەرچەندە هەڵی دەسەنگێنم نانوانم ئەمە لەزۆر شتدا قەبوڵ بکەم کەتەنها پیاو ستەمکارو زاڵمە لەمەیدانی ئەرك و ماف لەبەرامبەر ژن دا .دەبا, ئێمەی ئافرەت تۆزێك بەویژدانانەو قوڵی سەیری هەندێك لەمەسەلەکان بکەین بۆ نموونە لەبواری ئەو یاسایەی کەڕێگەی بەفرە ژنی داو زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان لەو ڕۆژدا دەستیان بۆ بەرزکردەوە , تۆبڵێی ئەمانە هەموویان حەزیان لەڕاپێچانی چارەنووسی ژنان بێت بۆ ناوگۆمی ژان و ئازارو بێ ڕێزی کردن !تۆ بڵێی ئەمانە هەموویان بێ بنەما بووبن لەئاست قەبوڵ کردنی ئەم یاسایە!!!

لەوانەیە ڕەچاوی ئەو ژنانەیان کردووە کەخۆیان بەئارەزووی خۆیان داوای پیاوی خاوەن ژن دەکەن یاخود بەڵگەی ئەوەیان هەیە کە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ڕێگەی پێداوە وبە پێشێڵ کردنی مافی نازانن.ژنی کورد لەکوردستان بەتایبەت عیراق, تائەمڕۆ تووشی زۆر گیرو گرفت و کێشەی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری وڕۆشنبیری بووە تاماوەیەك پێش بواری زۆر شتی پێنەدراوە کەهزرو بیرو تواناکانی خۆیان دەربخەن و زۆر کۆت وبەندی هەبووە بەڵام وەکو دەبینین ئەمڕۆ زۆربەی خەڵك وبەتایبەتی سەرکردایەتی کورد و حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی , زیاتر لە هەموو کاتێك بایەخ بەڕۆڵی ئافرەتان دەدات و داوادەکات کەئافرەتان شان بەشانی پیاوان وەکو ئەوان لەمەیدانی ژیان بۆ گشت ئەرك و مافەکانی مرۆڤی ڕاپەڕن ,داوا دەکەن ڕێگە نەدەن بەتوندو تیژی وبێ ڕێزی بەرامبەر ئافرەت و زۆر شتی تر کەباس دەکرێ سەبارەت بەم بابەتە. هەرچەندە, کەم کەم بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن کۆمەڵگاو بەتایبەتی ئافرەتان هەنگاوی جۆراوجۆر هەڵگراوە . بەڵام هێشتا زۆری ماوە. من لێرەدا ناڵێم پیاوان فریشتەی پاك وبێ گوناهن بەڵکو سەلمێنراوە کەلە زۆر کاتدا هۆکاری سەرەکییە بۆ ئازاری جەستەیی وڕۆحی ئافرەتان وژنانن. بەڵام ئافرەتێك کەخۆی بەهۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ پێشێڵ کردنی مافەکانی , چۆن دەتوانرێت لەکۆمەڵگا هەموو مافەکانی دەستەبەر بکرێت.ئاخر, ئەگەر من وتۆی ئافرەت نەچین شو بەپیاوێك بکەین کەخاوەنی ژن وماڵە و لەوانەیە هیچ کێشەیەکی ئەتۆی نەبێ بۆ پاساوی ژنی دووەم!

باشە لەکوێ وچۆ ن دەتوانرێ فرە ژنی بێتە ئاراوە وبەقسەی خۆمان بێت ڕێزیمان پێ بکرێت؟

زۆر جار ژنی دووەم بەپاساوی زۆرداری وگوزەرانی خراپ ونەزانی و بێ ئاگایی دەچێتە ناو ژیانی ژنێکی تر کەزۆر بەهیواو ئاواتەوە ماڵی هاوسەری پێکهێناوە و لەناکاو لەبەر ژنێکی تر , ژیانی تێکدەچێت. ئەوجار,ئافرەتان وژنانیش گلەیی ئەوە دەکەن کەپەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی ڕێگەی بەفرە ژنی داوە و لەجیاتی بەرەو پێش چوون بەرەو دواوە دەڕوات! (پەرلەمان خۆواجبی نەکردووە بەڵکو ڕێگەی پێداوە)

باشە! تۆی ئافرەت کەئەمەت پێ ڕەوانییە بەشێوەیەکی نووسراو قەبوڵی ناکەی ,ئەی بۆ دێی لەناحیەو مەیدانی عەمەلی دەیخەیتەڕوو , ئەگەر ڕاست دەکەی و حەزناکەی بێڕێزی بەژن بکرێت بۆ دەبنە ژنی دووەم وسێ یەم و....

زۆرمان بینیوە لەئافرەتان هەتا ئەوانەی دیارو بەرچاون لەکۆمەڵگا وخۆیان بەرۆشنیبرو پارێزەری مافەکانی ژنان دەزانن, بەڵام سەر بەهەوێ شویانم کردووە.!بۆ؟؟؟!

بۆیە سەرم سوڕدەمێنێ کەلێرە دا کامەیان پێشێڵکاری سەرەکین کەلە یەك کاتدا , لەدولاوە ایجاب وقەبول دەکرێت.دەبا ئێمەی ئافرەت بەخۆماندا بچینەوە و پێشەکی داوا لەخۆمان بکەین ڕێزلەمافەکانمان بگرین ودوایی داوا لەبەرامبەرەکانمان بکەین ماف پارێزیمان بۆ بکەن.

# جاش نیە... باشە!؟




جارێکی تر مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، حکوومەتی ناوەندی لاوازە و کورد پشتگیری و هاوکاری دەکاتەوە، تا بە هێز و سمێل بابرِدەبێت، کە بەهێزیش بوو.. یەکەم کاری لە ناوبردن و سەرکوت کردنی کوردە، وێران کردنی کوردستانە، دامەزراندنی جاش و خۆ فرۆشە بۆ شەڕی کوردو قوڵکردنەوەی برینی وێرانکردنی کوردستانە، کە هەمیشە کورد وەکو جەلادێك لە ناوەندی ڕوانیوە ولەوە زیاتری لێ نەدیووە، لەپاڵ هێزی نیزامی و سوپا جاش و خەڵکیان بەکرآ گرتووە بۆ کورد کوشتن (سەری بۆ ئێمەو ماڵ تالآن بکەن بۆ خۆتان) پەیرەو کراوە،هەر کام لە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەیتەوە پڕە لەم جاش و جاشاندنە کە هەمووی سەرچاوەکەی لەناوەندەوە هەڵی کردووە.

بگەڕێنەوە بۆ لای ئەم حکوومەتی فیدراڵی و سەردەمی عەولەمەو ئازادی و پاش ڕوخانی دیکتاتۆریەت، کە کورد دەستێکی باڵای هەبوو لەروخاندنی پێشو و دامەزراندنی تازەدا و کەس دەست خۆشی لێ نەکرد بەر لەهەموو ڕەنج بابردەڵە بووین، ئێستا دەستی داری گرتووەو حکومەتەو بەسەرکردایەتی ((المالکی)) بە هەزاران کەر بەجاش تۆمار ئەکات و بەکرێیان دەگرێت بۆ لێدانی کورد ،بێگومان لەهەنگاوی دووەم ئەمە دەکات، ئەوەندەش دڵ گەورە دیموکراتییە لە مەیاندا لە کوردو عەرەب و تورکمان ناپرسێ چ خەڵکی !؟ تەنها مەرج ئەوەیە ببێتە جاش (ئیسناد) بۆ شەڕی کورد ئامادەیان بکات تا ئامادەبن چرای کورد فوو لێ بکەن،کە لەمالکی دەپرسی ئەمەی تۆ ناوی دەنێت ئیسناد وهێزی میللی ملیشیایە وجاشاندنی خەڵك وزیندوو کردنەوەی کلتورێکی بۆگەنە گەل فێری کرێگرتەی دەکات وکەس خێری لێ نەدیووە!بەسادەی پێت دەڵێت ئەوانە جاش نین وئاسایش دەپارێزن ودژایەتی تیرۆرستان دەکەن بۆ ئەمرۆی عێراق باشن...! شەڕی جاش ئیسناد ئەو شەڕەی کورد خۆی لێ لائەدات و هەر توشی ئەبێت، ئەو شەڕەییە ئەمڕۆ کورد بیکات لە سبەی باشترە ، سەیر لەوەیە ئەو لەبەرنامەی خۆی بەردەوامەو هەنگاو بەهەنگاو دێتە پێشەوە خەڵك ئەجاشێنێ و لە سنوورەکانی کوردستان پێگەو جێگەیان بۆ دەکاتەوەو پارەو چەکیان ئەداتی،کەچی کوردیش هەردەڵێ: ڕازی نابێن؟!.پێشمەرگەنیزامیەوئیسنادجاشایەتیە،چەلە حانێیەکی بیزنتیە وناگاتە ئاکام بە ئاشتیانە.

نیازی مالکی ڕوونەو مەبەستەکەی شاراوە نییە، بۆ ئەم هێزو جاشانە کۆ دەکاتەوە کەلەبەر دوو هۆی ئاشکرایە:

یەکەم: لەبەر ئەوەیە ئەم چەکدارانە ڕاستەخۆ پەیوەندی بەخۆیەوە بێت و لە ژێر ڕکێفی خۆیدا بێت.

دووەم:جاشەکان لەهەر نەتەوەیەك بن بە کوردیشەوە، ئەوە هەوڵێکی سەرکەوتووە بۆ دروستکردنی شەڕی نەتەوەیی و خۆبەخۆیی..

لەکاتێکیشدا،ئەگەر شەڕو دۆڕانێك بۆ جاشەکان هەبێت، ئەو کاتە سوپا بە نیازی نێو بژیوانی لایەنگری مالکی و لەبەرژەوەندی ناوەند کێشەکان بەلادا دەخەن،هەمیشە دڵپاکی وخۆش باوەڕی کوردیان قۆستوەتەوە وبەڵێنی زارەکیان پێداوە وبەماچ وردین ماچ کردن کێشەکانیان بەنیوەچڵی کپ وهێور کردووەتەوە... کە باڵا دەستیش بوون زرمی خۆیان لەکورد دەوەشێنن ،ئێستا باشترین نمونەمان لەبەردەستە ئەوەتا تاقم دارودەستەکەی بەعس کە گەورەترین تاوانیان لە دژی کورد بەکارهێناوە ولەنێو بەندیخانەکاندان و دادگای دەکرێن..ناوەناوەش سزا ئەدرێن وبڕیاریان لەسەر دەر ئەچێت ولەسێدارە ئەدرێن،کەچی تا ئێستا یەك تاوانباری بەعسی لەسەر تاوانێکیان لە دژی کورد سزا نەدروان...هۆکارەکەش دیارە لەبەر چیە؟لەبەر ئەوەیە دارودەستەی دەسەڵات لە ناوەند بەوە نەترسێنرین کە لەداهاتوو لەسەر کورد دادگای دەکرێن ،هۆکارێکی باشە بۆ سڵ نەکردنەوە لە ئازاردانی کورد لە ئایندە هەرچی بکەن لە بەعس و هەدام زیاتر ناکەن وئەوەتا لەسەر کورد بچوکترین سزا نەدراون.

لەم عێراقی بەزۆر بەیەکەوە لکێنراوەدا هەمیشە شەڕ لەسەر دەسەڵات کراوە وخوێنی زۆری لەم پێناوەدا رژاوە،پاچکی کورسیەکانی دەسەڵات لەسەر کەللە سەر وەستاوە ودەستی دەسەڵات هەمیشە بەخوێنی نەیارانی سوور بووە،تا شەڕی ناوخۆی لەتواناادا بووە کراوە وچنگی قایم لەدەسەڵات دارێتی گیر کراوە،کەهستایە سەر پێ ،پێش هەموو شت کورد یەکەم ئامانج بووە، کورد کوشتن بەسادەیی پەیڕەو کراوە،ئیتر پێویست بە شیتەڵ و بەدوادا چوون ناکات کە بۆ مێژووی شەڕەکان بگەڕێت چونکە پڕە لەم بابەتە ،ئەکرێ بۆ مێژووی کپ وهێمنی ئاشتی بگەڕێت کە دوو ساڵی ڕێك وپێك نیە کورد کوشتنی تیا نەبێت ،هەر تاکێکی کورد بەئاسانی دەزانێ پەیڕەو کردنی سیاسەتی چەوتی ناوەند سیاسەتێکی نەگۆڕە لە بیری شۆڤێنی عەرەبیەوە هەڵقوڵاوە و دژایەتی نەتەوەیەی کوردە وهیچی تر؟!بێگومان ئەوەش دەزانێت وڵاتانی دراوسێ وناحەزانی تریش دەستی بەهێزیان لەئازاردانی کورددا هەس، هەروەها ئەوەش ئەزانێت کەدەسەڵاتی ناوەند بە ئارەزوو هیچ بە کورد نادەن و زۆریان لەگەڵ ئەوانەی پێشویان جیاواز نیە ئەوەش بەدەست هاتووە بەزەبری هیز بووە!هەمیشە شەقامی کوردی گلەیی ئەوە لە سەرکردەکانی خۆی دەکات کە بۆچی لە کاتی لاوازی ولێقەومانی ناوەند هەنگاوی جیابوونەوە نادات وسنورە مێژوییەکانی خۆی بەزەبری چەك وپێشمەرگە ئازاد ناکاتەوە وقایم یان ناکات؟ئەگەر ئەوەش ناکات خۆ دەتوانێ نەبێتە هاوکار و پاڵپشتی بەهێز بۆ ئەستور بوونی داری ناوەند کە هەمیشە کوردیان پێ ئازار داوە.

# ئۆباما پارتی و یەکێتی دەگۆڕێت بەیەکگرتوو؟



**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**

گەورەترین هەڵەی سیاسی ئەوەیە کە مێژووی یەکگرتوو بگێڕنەوە بۆ سەرەتای ساڵی نەوەدەکان، چونکە بەر لەوە یەکگرتوو وەك ڕێکخستن و وەك ئایدیا و ئۆرگان بوونی هەبووە و کاری کردوە، بەڵام لەدوای دروست بوونی جەنگی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئەوکات بوونی خۆی وەك حزبێکی سیاسی ڕاگەیاند ، بەئایدیایەکی جیاوازلەحزبە کوردیەکان کەوتە مومارەسەکردنی سیاسیانە ، لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانی سود لەو بۆشایی و قەیرانە ئابوری سەختە وەربگرێت کە ئەوسا ڕووبەڕووی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بوبویەوە.

یەکگرتوو بەدرێژایی ڕاگەیاندنیدا بەدوو ئاراستە کاری خۆی ئەنجامداوە بەبەراورد بەحزبەکانی تر توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت جگە لەیەکێتی و پارتی کە دوو حزبی باڵادەستن لەهەرێمی کوردستان ، ئەم دوو ئاراستەیەش، ئاراستەی حزبی کە خۆی لەوە دا دەبینێتەوە کە بەئەدایەکی میانڕەوانە دەستی

بەکارەکانی کرد ، توانی ئەو ناڕەزایەتی هاولاتیان کەلەئەنجامی جەنگی ناوخۆوە دروست بوو بیقۆزێتەوە ، ئاراستەی دووەم یەکگرتوو وەك ڕێکخراوێکی مەدەنی کاری خۆی ئەنجام داوە لەرێگەی هەردوو ڕێکخراوی (رابگی ئیسلامی و الاغاپتە ) توانیویەتی بەشێکی زۆر لەو ئامانجانە بپێکێت کە خۆی وەك باڵێکی ئیخوان المسلیمین دیاری کردوون .

ئەوەی یەکگرتوو لەحزبەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەشەفافیانە سیاسیەتەکانی خۆی ئاراستە ناکات ، بۆیە تێگەیشتن لێی کاریکی زەحمەتە ، هەمیشە یەکگرتوو دیدو تێڕوانینی خۆی بەشاراوەیی دەهێڵێتەوە ، بۆنمونە تائیستا خۆی یەکالا نکردۆتەوە کەحزبێکە لەحکومەتدا بەشدارە یاخود دەیەوێت ببێتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر چی وەك حزبێکی ئۆپۆزسیۆن مامەڵە دەکات ، بەڵام حەقیقی بەشدارە لەحکومەتدا، بەئاشکرایش ناتوانێت بڵێت من حزبێکی ئۆپۆزسیۆنم ، یاخود تائیستا بەڕاشکاوانە باس لەکێشەی کورد لەپارچەکانی تر نەکردوە، بەتایبەتیش کێشەی نێوان پەکەکەو تورکیا ، لەوانەیە ئەمەش هۆکارەکەی پەیوەندیدار بێت بەو پەیوەندی یە سیاسی و ئابوری یەی کە لەنێوان یەکگرتوو و حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیادا هەیە ، ترس لەتێکچوونی پەیوەندیەکە وای کردبێت یەکگرتوو بێدەنگی هەڵبژێرێت .

## یەکگرتوو لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات

یەکێك لەو پرسیارانەی لای زۆربەی حزبیە سیاسیەکانی کوردستان ، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی بێ وەڵامە ئەوەیە چ پاڵنەرێك وای لەدیموکراتیەکان کرد وەك تاکە حزبێکی کوردی یەکگرتوو بانگهێشتی کۆنگرەی دیموکراتیەکان بکرێت کەبەر لەچەند مانگێك لەمەوبەر ئەنجام درا ، ئەم بانگ هێشتەی یەکگرتوو لەلایەن دیموکراتیەکانەوە ئەو پرسیارەی لەشەقامی گشتیدا دروست کرد ئایا ئۆباما کە لەسەرەتای ساڵی ئایندە دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە هەردووو حزبی دەسەڵات دار بگۆڕێت بەیەکگرتوو ،ئەمە هەرچەندە پرسیارێکە وەڵامەکەی ناروونە بەڵام بانگهێشتکردنی یەکگرتوو دەکرێت زەنگێکی ئاگادار کەرەوە بێت بۆ هەردوو حزبی دسەڵات دار، بەڵام ئەوەی وادەکات یەکگرتوو نەتوانێت جێگەی ئەو دوو حزبە بگرێتەوە ئەوەیە گە بەدرێژایی دروست بوونی نەیتوانی خۆی لەو هەڵانە بپارێزێت کە گشت حزبەکانی تر تێی کەوتون ، وەك گەندەڵی کە ئیستاکە جێگەی بایەخی ناو خۆو دەرەوەیە ، یەکگرتوو بەرلەرووخانی رژێمی سەدام هەزارەها تەسکیەو بڕوانامەی مەلایەتی بەخشی بەکادیران و دۆستەکانی یەکگرتوو بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو درێژە بەخوێندن بدەن و لەکۆلێژەکان وەربگیرێن ، ئەوە پەڵەیەکی یەکجار ڕەشە بەناو چاوی سیاسیانەی یەکگرتوو ، ئەوە ئەوەمان پێ دەڵێت یەکگرتوو ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت پەیرەویی لەحزبایەتی و خزم خزمێنەدەکات و کادیرەکانی خۆی فەرز دەکات بەسەر کەسانی تردا ، ئەم دیاردەیە یەکێکە لەوانەی کە سەرجەم خەڵکی کوردستان ڕقیان لێ یەتی .

ئەمە جگەلەوەی هەنوکە پەیوەندیەکی زۆر پتەو لەنێوان دەسەڵات دارانی کورد لەناو خۆو دەروە هەیە لەگەل ئەمریکا بەگشتی و دیموکراتیەکان بەتایبەتی ، لەم سەردانەی دوایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمە پیشاندارا ، خەونەکانی یەکگرتووشی دواخست بۆ کاتێکی نادیار .

## یەکگرتوو تەقلیدی حزبی دادو گەشەپێدان دەکاتەوە

یەکێك لەو میکانیزمانەی کەوای کرد یەکگرتوو تارادەیەك گەشە بکات ئەوە بوو کە یەکگرتروو سودێکی زۆری لەحزبی رەفاهی تورکیاو دادو گەشەپێدانی تورکیا بکات و تەنانەت بەشێك لەئسلوبەکانی ئەوان دوو بارە بکاتەوە ، بەتایبەت گەورەترین ئامانجی ببێتە گەشەپێدان ، لەم دوایانەش ناوی رێکخراوی یەکگرتوو قوتابیانی گۆری بەرپرێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان ، ئەمە جگەلەوەی خاوەن سەنتەرێکی ترە بەناوی سەنتەری گەشەپێدانی لاوان ، لەرێگەی ئەو دوو ریکخراوەشەوە کۆمەڵێك کار ئەنجام دەدرێت کە یەکگرتوو ئاواتە خوازیەتی بەتایبەت لەوەی کە ئەم دوو ڕیکخراوە بە هەموو شێوەیەك لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندیدان بەدنیای دەروە بەتایبەتیش ڕێکخراوەمەدەنیەکانی ئەمریکا ، ئەو ڕێکخراوانەی سەر بەوەزارەتی دەروەی ئەمریکان ، لەم دوایانەش توانیان ئەو پەیوەندیە پەر پێبدەن و پرۆژەیەکی گەورە بەناوی ( زیاد کردنی بەشداری مەدەنی و سیاسی قوتابیان و گەنجان ، لەو رێکخراوە وەربگرن .

## یەکگرتوولەلایەن مەلاکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت

لەگەڵ ئەوەی خۆی واپیشان دەدات کە حزبێکی مۆدیرن خوازی ئیسلامی یە بەڵام ئەوەی لەحەقیقەدا دەرکەوێت یەکگرتوو لەژێردەستی مەلاکاندایە و هەر ئەوانیش سیاسەتی ناوخۆو دەروەی یەکگرتوو دادەڕێژن ، تەنانەت دەتوانین بڵێین بێ دەنگی مەلاکان ئەندامێکی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی ناتوانێت بچوکترین هەنکاو بهاوێت ، ئەمەش لەزۆر بواردا بۆتە قەیرانێکی گەورە بۆ ناو خۆی یەکگرتوو ، وای لیکردوە ململانێیەکی توند لەنێوان مەلاکان و ڕۆشنفکرانی یەکگرتوودا دروست ببێت ، بەڵام تائیستاش هەیمەنەی مەلا بەسەر بڕیارەکان و ڕاگەیاندنی یەکگرتووەوە دیارە، زۆرجار مەلاکان بوونە پاڵنەری وازهێنانی دەیان گەنج و لاوی خوێن گەرمی یەکگرتوو ، بەتایبەتیش ڕۆشنبیران ، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین یەکگرتوو هەنوکە بەدەست کەمی کەسانی خاوەن فکرەوە دەناڵێنێت .

بۆیە گرنگە یەکگرتوو ئەوە بزانێت ، ئەو راستیە هەزم بکات کەنەك ناتوانێت لەم کات و زەمەندا جێگەی یەکێتی و پارتی بگرێتەوە ، بەڵکو ئەگەر سیاسیەت و کارەکانی خۆی نەگۆڕێت متمانەی ئیستاکەی کە لەشەقامی گشتی دا هەیەتی لەدەستی دەدات

# ئایندەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا



پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەوەر، یاخود پرۆژەی بەدیموکراسی کردنی رۆژهەڵاتی ناوەراست کەلەلایەن ئەمریکاوە پێشنیاز کراو کار بۆ جێ بەجێکردنی دەکرێت ، دەکرێت بەگەورەترین پرۆژەی ستراتیجی و گۆڕانکاری ماوی بنێن ، بۆیە دەمانەوێت بزانین چەندە ئەو پرۆژەیە چۆتە بواری جێ بەجێکردن ، دوای گۆڕانی حوکمی ئەمریکاو هاتنە سەرکاری دیموکراتیەکان چەندە ئەو پرۆژەیە گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت .

*ئا: حمدامین خدر احمد*

علی کەریم شرۆڤەکاری سیاسی سەبارەت بەجێ بەجێکردنی پرۆژەکە، ڕزگار کردنی وڵاتان لەچەنگ قەیرانی سیاسی و ئابوری دەڵێت «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ڕوانینێکی ستراتیجی دورمەدایەی کۆماریەکان بوو لەحوکمی ئەمریکا ،بەڵام مەرج نی یە ئەو پرۆژەیە وەك خۆی هاتبێتە ئەرزی واقیع ، مەرج نی یە فکرو پرۆژە ئینسانیەکان وەك خۆی بێنە سەر ئەرزی واقیع وەك چۆن لەسەر کاغەز نوسراوە، ئەو پرۆژەیە لەزۆر لەوڵاتان چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەی پەروەردەیی، دیموکراسی ، مەدەنی هینا ، زۆر لەحکومەتەکانی دونیای ناچارکردوە بەرەو دیموکراسی برۆن ، هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام بدرێت ، دەسەڵاتە مەرکەزیەکان بەرەو ئەوە چوون کەدەسەڵاتی لامەرکەزی پەرە پێبدەن ، ئەنجومەنی شارەوانی و ناحیەکان دروست بکەن، لەزۆر شوێن پارلەمانەکان ئەکتیڤ بوون ، لیژنەکانی پارلەمان ئەکتیڤ بوون توانیان لەزۆر بابەتدا قسە بکەن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتن ، میدیای ئازاد فراونترو کاراتر دەرکەوت ، ئەمانە هەمووی بەرئەنجام و بەرهەمی ئەو پرۆژەیەن کەپێی دەگوترێت شەپۆلی سی یەمی دیموکراسی، کەهاتن بۆ دنیای عەرەبی و ئیسلامی ، کەواتە ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێك چارەسەرو دەرئەنجامی ئایندەسازی بەدی هێنا ، بەڵام مەرج نی یە هەموو چارەسەرەکان بەپێی خواستی ئێمە بن ، بتوانن وەك خۆیان جێ بەجێ بکرێن ، من پێم وایە ئەو پرۆژەیە نەیتوانی هەموو چارەسەرەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت لەئەساسیشدا بۆ ئەوە دانەنراوە کە چارەسەری هەموو کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بکات ، بەڵکو بۆ ئەوە دانرابوو سەرەتای گۆڕانکاری بخاتە گەر ، کۆمەڵگاکانی ناوچەکە ناچار بەگۆڕان و کرانەوە بکات ، دەوڵەتی هاوڵاتی بوون ، حکومەتی تەندروست و گەشەپێدانی شەفافیەت پەرە پێبدات ، ئەمە بۆخۆی دەروازەی کرانەوەی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی بیر لەگۆڕان بکەنەوە ، ئەمە سەرەتایە بۆ دروست بوونی هاوڵاتی بوون نەك بەو مانایەی چارەسەری هەموو کێشەکان بکات ، چونکە تامرۆڤایەتی بمێنێت ئەو کێشتانە دەمێنن ، بەڵام لەئازادیدا عەقڵە گەورەکان بەکار دەکەون ، ململانێی فکرو تێزەکان سەرهەڵدەدەن، ئەمە وادەکات بۆ ئەوەی زۆرترین خەیار لەبەر دەست دابن بۆ ئەو وڵاتانە باشترین چارەسەر بۆ ئیشکالیاتەکانی خۆیان بدۆزنەوە ، بۆیە ئەم پرۆژەیە دەروازەیەکی گرنگ بوو کە بەڕووی ڕۆژهەڵاتی گەورەدا کرایەوە ، تائیستا لەسەر کەوتنەکانی بەردەوامە بەڵام بەو ئاراستەیە نی یە کە ئەمریکا دەیەوێت ، بەو ئاراستەیەش نی یە کە دکتاتۆرەکانی ناوچەکە دەیانەوێت .


علی کریم

ڕێبوار کەریم مەحمود مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا دیموکراتیەکان دەتوانن دیموکراسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیالۆگ بخولقێنن ، بەهۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەقی کۆبونەوەی دکتاتۆرەکانە دەڵێت « (پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورە) پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی ئیدارەی یەکەمی سەرۆك بوشی کورە، کە تیایدا داوای دەکرد چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەو بارودۆخە نالەبار و نەگونجاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی ئێستا و هەندێك لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە بدۆزرێتەوە. بەڵام کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئەمریکا پرۆژەکەی ڕووبەڕووی تەنگژە و ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە، هەربۆیە ئەو پرۆژەیە تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە بەشێوەیەکی ڕاگەیەندراو. سەبارەت بە هاتنی دیموکراتەکان بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کارکردن بۆ چەسپاندنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ڕای جیاواز هەیە. بەڵام بەوپێیەی دیموکراتەکان زۆربەی کات لەگەڵ دیالۆگێکی واقعبینانەدان بۆیە پێدەچێت لەبری بەکارهێنانی هێز -وەك لە سەردەمی کۆمارییەکاندا هەبوو- لێکتێگەیشتن و دیالۆگەکان ببنە پاڵنەر و میکانیزمی سەرەکی بۆ چەسپاندنی ئەو پرۆژەیە.


ڕێبوار کەریم مەحمود

## ئۆباما خەونی مارتن لۆتەرە

علی کەریم لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئۆباماوە دەڵێت «وەك چۆن ئۆباما خەونێکە ، کەخەونی مارتن لۆتەری باوکەگەورەکەیەتی کەکاتی خۆی پەنجا ساڵ بەر لەئیستا دەیگوت (ڕۆژێك دێت منداڵی کۆیلەکان و منداڵی خاوەن کۆیلەکان وەکو برا بەیەکەوە لەکەناری نیۆرك یاری دەکەن )بۆیە ئۆباما سەرۆکێکی خەوندارە ، واتە خەون و ڕوئیای گۆڕانی هەیە ، ئومێدی وایە ژیانێکی

ئارامتر ، عەدالەتر بەدی بهێنێت، بیرمان نەچێت هەر هاتنی ئۆباما خۆی گەورەترین گۆڕانکاری یە لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکای نوێدا ، یەکەم جارە گەنجێکی ڕەش پێستی بەرەگەز ئەفریقی ئاین مسوڵمان گەورەترین پۆستی سیاسی دنیا وەربگرێت ، بۆیە دەبێت نوسەران و ڕۆشنبیران بڵێن قۆناغی بەرلەهاتنی ئۆباماو قۆناغی دوای ئۆباما ، بەو مانایەی هەر هاتنە سەرکاری قۆناغێکی مێژووی گرنگی دروست کرد، بەڵام ئایا ئەو دەتوانێت پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە پەرەپێبدات یان نا؟ چونکە پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێشتر دیموکراتیەکان فکرەیەکیان دابوو ، کۆماریەکان فکرەکەیان بەرەو ئاراستەیەکی سەربازی برد ،حزبی دیموکراتیەکان بەوەناسراون کە لەرووی مەدەنی و دیموکراسی لەکۆماریەکان بەهێزترن ، کۆماریەکان لەهێزی سەربازی بەقوەترن ، بۆیە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەشێکی زۆری جەخت لەسەر گۆڕانکاری لەبواری پەروەردە، پەرەپێدانی میدیای ئازاد ، گۆڕانکاریە مەدەنی دیموکراسی ، هاندانی وڵاتان بۆ چەسپاندنی کەلتوری دیموکراسی دەکات ، بۆیە هاتنە سەرکاری دیموکراتیەکان ئەو ئاراستەیە بەهێزتر دەکات ، ڕەهەندە سەربازیەکان لەو پرۆرژەیە بەرو کاڵبوونەوە دەڕۆن ، چی تر هەوڵنادرێت بەهێز دیموکراسیەت بەسەر گەلانی ناوچەکەدا جێ بەجێ بکرێت ، بەڵکو زۆرتر لەرێگەی دیموکراسی و دبلۆماسی یەوە ئەو پرۆژەیە دێتە بواری جێ بەجێ کردن .

سەبارەت بەسەرنەکەوتنی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستان و کاریگەری لەسەر فەشەل هێنانی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رێبوار کەریم مەحمود مامۆستای زانستە سیاسییەکان پێی وایە ( ئەگەرچی بارودۆخی هەریەکە لە عیراق و ئەفغانستان ئاڵۆزە، بەڵام ئەو میتۆد و ئاراستەی کارکردنەی کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا گرتویەتیەبەر پەیوەندی بە قۆناغ و ساتێکی دیاریکراوەوە نیە، واتە ئەمریکییەکان کار بۆ چەسپاندنی پرۆژە درێژخایەنەکان دەکەن و دووربینن لە دیاریکردنی ئامانجەکان و ئەو پلانانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەیخەنەڕوو، ئەمە لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە جارێ زووە حوکمی فەشەل یان سەرکەوتن بدەین بەسەر ئەو سیاسەتانەی ئەمریکا لە عیراق و ئەفغانستان و کۆی ناوچەکە پەیڕەوی دەکات.

جەوادقادرسەرنوسەری ڕۆژنامەی هەولێرسەبارەت بەئایندەی کوردو هەرێمی کوردستان پێی وایە) داوڕۆژی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەندە بەو گۆڕانکاریانەی کەلەپەنجا ساڵی داهاتودا قۆناغ دەبڕن ، بێگومان کورد وەك یەكێك لەونەتەوانەی کەتائیستا دەوڵەتی نی یە زۆر ئەستەمە لەمەجالی کاری سیاسی خۆی تاپەنجاساڵی تر داهاتوی خۆی دیاری بکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شوێنیکمان هەیە کەکورد تیایدا تۆزێك لەدەوڵەت نزیك بۆتەوە کەکوردستانی عێراقە ، بۆیە گەر باس لەوێ بکرێت پێم وایە دەتوانرێت زۆر شت بگوترێت ، لەوێوە باس لەسێ پارچەکانی تری کوردستان بکەیت ، کوردستانی عێراق بەو پێگەیەی کە هەیەتی لەعێراق کە حکومەتی هەرێمی هەیە ، پەرلەمانێکی هەیە کەیاساین ، دەتوانن کاریگەرێکی زۆر قورسیان هەبێت لەسەر دوا ڕۆژی کورد لەسێ پارچەکانی دیکەش ، بەر لەهەموو شتێك هەموو ئەو شتانە بەوەوە بەندە کە ئەمریکا لەچەندساڵی داهاتودا چ بریارێك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات، ئەمریکا پێویستی یەکجار زۆری بەوە هەیە کەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی ئارام بێت، جموجۆڵی ناشەرعی سیاسیی تێدا نەبێ ، شەڕی تێدا نەبێ چونکە هەموو ئەوانە وادەکات ئەمریکا وەك تاکە دەسەڵاتداری ئەم سەردەمە پەرەبەدەسەڵاتی خۆی بدات ، پێویستی بەبازاڕی مەسروفی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە ، ئەگەر چ لەپاکستان چ لەئەفغانساتان ، چ لەعێراق کێشەهەبێت بارودۆخی ئەو ناوەچەیە تێك دەچێت، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو پلانەی ئەمریکا دایناوە ، مەرج نیە ئەو پلانە پلانێکی خراپ بێت ، دەکرێ پلانێکی باش بێت ، کەبەرژەوەندی هەم ئەمریکای لێبکەوێتەوە هەم بەرژەوەندی ئێمە، لێرەدا ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە عێراق ئارام بێت ، ئارامی عیراقیش بەندە بەکورد و یارمەتی کورد ، هەریمی کوردستان تاکە ناوچەی عێراقە کەبارودۆخی تێدا ئارامە ، نیمچە دیموکراسیەتێکی تێدایە ، بۆیە گەر عێراق بیەوێت وڵاتێکی ئارام بێت دەبێت یارمەتی لەهەرێمی کوردستان وەربگرێت ، چونکە



هەریمی کوردستان نیشانی داوە دوای ڕووخانی سەدام گەر بیەوێت عێراق تێك بدات دەتوانێت تێکی بدات ، گەر بیەوێت عێراق ئارام بێت دەتوانێت دەستێکی باڵای هەبێت ، ئەمریکاش لەوە تێگەیشتوە ، هەر لەبەر ئەوەشە گرنگی زۆر بەڕۆڵی کورد دەات ، ئێمە دەبینین کوردستان زۆر بەئاسانی لەبەرامبەر بەغدا دەنگ هەڵدەبڕێت ، قسەدەکات ، ڕەئیی خۆی دەڵێت ، هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر بێت و بەرژەوەندیەکانی نەیەنە دی ئامادەیە سەرۆك وەزیرانی عێراق بگۆڕێت ، کەئەوە دەسەڵاتێکی زۆر گەورەیە بەکورد داراوە، لەپێگەی دەسەڵاتەوە کورد قسەدەکات، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدەی کە کورد هەیەتی لەپێکهێنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بۆ وڵاتەکەی خۆی و عێراق ، کورد پێی وایە دەبێت بەهەموو شێوەیەك یارمەتی سیکۆلاریزم بدات ، پێی وایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ئەو هەموو شەڕو کوشتارە شەڕی تێدا نەمێنێت ، ئازادی ئینسان پارێزراو بێت ، کەئەمانە کۆمەڵە شتێکن ئەمریکا زۆر بەئاسانی دەیانبینێت ، بۆیەکەم جارە بەرلەوەی دەوڵەتێك دروست بێت ئایدیا ئەسڵەکان هەن ، هەرلەبەر ئەوەشە ئەمریکا لەبەرژەوەندیدایە کەیارمەتی دروست بوونی دەوڵەتێکی ئاوا بدات لەسەر ئەساسی عەلمانیەت و دیموکراسی و ڕێز گرتن لەمافەکانی مرۆڤ بەڕێوە بچێت

بەپێی ڕیکەوتنی ستراتیجی ئەمریکا دەتوانێت بنکەی سەربازی لەهەریمی کوردستان دابمەزرێنێت جەواد قادر لەوەڵامی پرسیاری پێت وایە ئەمریکا لەکاتی کیشانەوەی هیزەکانیاندالەعێراق بنکەیەکی سەربازی لەهەریمی کوردستاندا بهیڵنەوە دەڵێت «سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاچونکە سەرۆکی کۆشکی سپی گۆڕدراوە ناگۆڕێت ، سیاسەتی دەروەی ئەمریکا لەداوی چل و پێنجەوە نیشانی داوە بەند نی یە بەوەی سەرۆك کۆمار بگۆڕدرێ،سیاسەتی ئەمریکا یەکجار موستەقیرە، بەندە بەبەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتی ئەمریکا، بۆیە سەرۆك کۆمار چ دیموکراتی بێ چ کۆماری یەك شتە ، بۆیە بەدوری دەزانم ئەمریکا لەعێراق بکشێتەوە ، بائۆباماش سەرۆك کۆمار بێت ، ڕەنگە لەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ مالیکی و کورد هەندێ جیاواز بێ ، ئەم جیاوازیەش بەر لەهەموو شتێك بەندە بەو ڕێکەوتنە ستراتیژەی نێوان عێراق و ئەمریکا ، کە بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ستراتیژیە ئەمریکا تاکۆتایی دووهەزارو یازدە عێراق بەجێناهێڵێت ،تائەو کاتە دەبێ عێراق ئارام بێت ، من پێم وایە زۆر سادەیە بیرلەوە بکەینەوە کەدوای ئەوەی ئەمریکا ئەو هەموو کوشتارەی دا ، دوای ئەوەی عێراقی کرد بەوڵاتێکی دیموکرات بەجێی بهێڵێت ، تەجروبەی کۆریای باشور ، ئەڵمانیا ، ژاپۆن ...هتد . نیشانی داوە ئەمریکا وڵاتێك پێدەگەێنێت، دیموکراتی دەکات دوایی بەجێیناهێڵێت بەڵام شەرت نی یە داگیری بکات هەوڵ دەدات ئەو وڵاتە کاریگەری هەبێت بەسەر وڵاتانی دراوسێوە ، بۆیە من پێم وانی یە ئەمریکا نە دوو هەزارو یازدەو نەدوای ئەوە لەعێراق بکشێتەوە، دەگونجێت بنکەی سەربازی لەکوردستان هەبێت ، ئەگەر ڕێکەوتنی ستراتیجی جێ بەجێ کرا هیچ بەربەستێك نی یە بۆ ئەوەی ئەمریکا بنکەی سەربازی لەهەریمی کوردستان بکاتەوە .

ڕیگرەکانی بەردەم جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە

مامۆستا ڕێبوار کەریم مەحمود لەسەر ڕێگریەکانی بەردەم جێ بەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە دەڵێت « ئەو پرۆژەیە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێك ڕێگری رووبەروو بوەوە. لە گرنگترینیان بریتی بو لە هەستکردنی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان و لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەوەی کە ئەمریکا لەرێی ئەو پرۆژەیەوە دەیەوێت خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورە بە تەواوەتی بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و داگیرکاری خۆیەوە. ئەم بیرکردنەوەیە بوە ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم ئەو پرۆژەیە. بەڵام لەراستیدا پرۆژەکە پرۆژەی چاکسازیکردنە لەو بوارە نێگەتیڤانەی لە ناوچەکەدا هەیە، بەتایبەتی لەو سیستەمە دیکتاتۆرییانەی کە لە هەر چاکسازییەکدا زەرەرمەندی یەکەم دەبن. باشترین رێگاش بۆ چارەسەری ئەو ئاستەنگانە بریتیە لە کارکردن لە بواری فکری و سیاسی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئاراستە دیکتاتۆرییەکان لە ناوچەکەدا.



# کەرکوک مەسەلەیەکی نەتەوەی یە ، کێشەی نەتەوەیش بەهێزی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت



ئەحمد دینز بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرووەی پەکەکە

**لەو بارو زروفە پەکەکە چەك دانانێت**
**لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستوجیهان هەرشتێك دژی کورد ڕویداوە تەئسیری سیاسەتی تورکیایە . تورکیا دەیەوێت دژی بەرژەوەندی کورد لەتەواوی جیهان دژایەتی بڵاو بکاتەوە .**
**ئەحمد دینز بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرووەی پەکەکە، لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتی چرکەدا باس لەدوا گۆڕانکاریەکانی تایبەت بە دۆزی کورد بەگشتی و چەکدارانی پەکە کە دەکات . باس لەکاریگەری ئەو پەویەندیی دەکات کە کەپێش بینی دەکرێت لەداهاتودا لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا پەرەبستێنێت . باس لەئەگەرەکانی داخستنی پارتی (DTP)ی کورد دەکات لەلایەن حکومەتی تورکیا و دادگای ئەو وڵاتە.**

*سازدانی : چرکە*

**چرکە:ئێوە وەك پەکەکە چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ لیك نزیك بوونەوەی حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی تورکیا ؟**

احمد دینز : ئێمە پیمان وایە بوونی دیالۆگ و پەیوەندی میکانیزمی گرنگن بۆ چارەسەر کردنی پرسە گرنگەکان ، بەڵام ئەو پەیوەندیەی که ئیستای تورکیا دەیەوێت لەگەڵ کوردانی باشوردا هەیبێت و بەروپێشی ببات ، من وای نابینم که ئەو پەیوەندیە لەبەرژەوەندی هەر دوو گەلدا بێت، ئیستا لەتورکیا پارچەیەکە گەورەکان کوردستان داگیر کراوە ، تورکیا لەدژی ئەوان سیاسەتی خۆی بەکاردەهێنێت ، بەگشتی کوردان بێ مافن، بێ ناسنامەن ، ناتوانن بەزمانی خۆیان قسە بکەن،ئەوە ئەنجامی سیاسەتی تورکیایە بۆناوخۆی، دەولەتی تورك نەك ئەو سیاسەتە دژی کوردەکانی ناوخۆ بەکار دەهێنێت ، بەلکو ئەوە سیاسەتی تورکە بەرامبەر بەنەتەوەی کورد ، دەولەتی تورك دژی هەموو دەسکەوتێکی گەلی کوردە .

باشە ئیستا تورکیا دەڵێت دەخوازم پەیوەندی لەگەل کوردی باشور باش بکەین ، بەڵام پێویستە ئەو پەیوەندیە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی بیت، بەڵام لەلایەك ئەو شەر لەدژی کوردەکانی ناوخۆی تورکیا پەیڕو دەکات ، لەلایەك داوای پەیوەندی لەکوردی باشور دەکات ئەوە گومان دروست دەکات ، هەتا دەوڵەتی تورك پرسی کورد لەناو خۆدا چارەسەر نەکات لەگەل کوردەکانی ناوخۆ دیالۆگ نەکات ئاشتی بەرقەرا نەکات ،ئەوە هەر پەیوەندیەك پارچە پارچە بوونی لیدەکەوێتەوە ، یاخود لەوانەیە شەری لیبکەویتەوە ، ئەوە کاریکی خراپە گەر تورکیا مەبەستی بێت یاخود مەرجی سەرەکی پەیوەندی بەستنی لەگەل حکومەتی هەرێم دژی هەر لایەك بێت ، بەڵام بەگشتی تاتورکیا سیاسەتی ناوخۆی نەگۆڕێت بەرامبەر بەکوردی باکور ئەوە هیچ پەیوەندیەکی پتەو و باش لەنیوان کورد و تورك دروست نابێت یاخود ئەگەر دروستیش ببێت پەیوەندیەکی لاواز دەبێت و بەروپێش ناچێت .

**چرکە : هەڵویستی سیاسیەکانی کورد بەرامبەر بەکێشەی کوردانی باکور چۆن دەبینیت ؟**

احمد دینز : هەر کەس کوردان بەشەڕی ناوخۆ دەناسێت ، بەپارچە پارچە بوون دەناسێت ، زۆر کەس پییان وایە کورد ناتوانێت یەکێتی نەتەوەیی دروست بکات ، بەهۆی ئەوەی بەردەوام لەناو کوردا شەڕی ناوخۆ هەبووە ، بەڵام ئیستا گەلی کورد ڕوحێکی نەتەوەی لەناودابەهیزە .

ئەگەر کورد لەباشوری کوردستان ستراتیجێکی نەتەوەی پێش بخەن سیاسەتێکی نەتەوەیی بەکار بهێنن لەناو گشت نەتەوەشدا پێشکەوتن دروست دەبێت ، بەڵام لەسیاسەتی دەسەڵاتی باشوری کوردستان هەندێ کەم و کورتی هەن، ئیستا حکومەتی ئەرۆغان بەهەموو شێوەیەك دژی کورد شەڕ دەکات ، دەخوازن بەهەموو شێوەیەك کوردان لاواز بکەن ، لەناویان ببەن ، کوردانیش لەباکور دژی ئەو سیاسەتەی ئەوان گیانی خۆیان بەخت دەکەن ، بەرخودان دەکەن ، بەڵام بەداخەوە بەرپرس هەیە لەباشور دەڵێت پێویستە کوردەکانی باکور دەنگ بەئەردۆغان بدەن ، بۆیە من دەڵێم تاکەنگێ سیاسەتی پارچەپارچە بوون بەکار بهێنرێت ، چونکە بەهیز بوونی باشور بەهێز بوونی باکوری بەدواوە دێت ، بەهێزبوونی باکور بەهێز بوونی باشوری بەدواوە دێت ، بەهێز بوونی ڕۆژهەڵات بەهێز بوونی باشوری بەدواوە دێت ، بەهێز بوونی ڕۆژهەڵات بەهێز بوونی باشوری بەدوا وە دێت،ئێمە وا تەماشا دەکەین کە سیاسەتی یەکتر لاواز کردن لەبەرژەوەندی گەلی کوردا نی یە .

**چرکە : چۆن دەڕوانیتە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق لەسەر کەرکوك . ئەگەر جەنگ لەنێوان هەردوولادا دروست ببێت پەکەکە چ هەڵوێستێکی دەبێت ؟**

احمد دینز : کاتێك ئەمریکا هات بۆ عیراق کورد پشتگیری زۆری کرد ، ئیستاش کورد بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دەپارێزێت لەناوچەکە ، ئەو خزمەتەی کورد بەئەمریکای کرد کەس پێی نەکرد ، دیارە کوردیش ئەمەی لەپیناو بەرژەوەندی خۆی کردوە ، بەڵام دوای ئەوەی ئەمریکا هەندێ دەست کەوت و بەرەوپێش چوونی بەدەست هینا هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا باشتر بکات، بۆیە ئەوە وای کرد پەیوەندی نێوان ئەمریکاو کوردانی باشور لاواز ببێت ، دوای ئەو کاتە سیاسەتی تورکیا لەسەر عیراق و باشوری کوردستان کاریگەری هەیە ، ئەگەر مەسەلەی خانەقین بەنمونە وەربگرین ئەوەبە هێز بوونی حکومەتی عێراق نەبوو بەلکو ئەوە تەئسیری کاریگەری سیاسەتی تورکیایە ، ئەگەر سوریا توندوتیژی بەکار دەهێنێت و کوردان دەکوژێت ئەوە تەئسیری سیاسەتی تورکیایە ، ئەگەر ئیران لەسێدارەدانی کوردان پەیڕەو دەکات ئەوە تەئسیری سیاسەتی تورکیایە ، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیهان هەرشتێك دژی کورد ڕویداوە تەئسیری سیاسەتی تورکیایە ، تورکیا دەیەوێت دژی بەرژەوەندی کورد لەتەواوی ناوچەکە بڵاو بکاتەوە .

مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەمکی نەتەوەی یە، کیشەی نەتەوەیش بەهێزی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت ، دیارە کورد نەتەوەیەکی ئاشتی خوازە ، دەخوازێ لەگەڵ عەرەب و فارس و تورك برابێت، بەدیموکراتی ژیان بگوزەرێنێت ، بەڵام کەرکوك لەجوگرافیای کوردستاندایە ، کوردستان بەبێ کەرکوك نابێت ، پێویستە ئەو کیشەیە بەدیالۆگ چارەسەر بکرێت ، لایەنەی دەرەکی وەك تورکیا تەداخولات نەکات ، بەڵام ئەگەر زوڵم لەسەر نرخی نەتەوەیی پەیڕەوبکرێت پەکەکە قبوڵ ناکات و ڕۆڵی خۆی دەبێت .

**چرکە : زۆر جار باس لەوە دەکرێت پێویستە پەکەکە چەك دابنێت و دەست بەخەباتی چەکداری بکات . ئایا مەرجی چەك دانان لەلایەن پەکەکەوە چی یە ؟**

احمد دینز :لەو بارو زروفە پەکەکە چەك دانانێت، ئیستا لەتورکیا کێشەیەك هەیە تائیستا دیار نی یە ئەو کێشەیە بێتە چارەسەر کردن، بۆیە چەك دانان ئەگەرێکی پاسیڤە ، هەتا دەوڵەتی تورك پێشکەوتن لەبوارەکانی مافەکانی مرۆڤ بەدەست نەهێنێت ، دیالۆگی بەرهەم دار نەهێتە کردن ، هەتا لەناو یاسادا مافەکانی کوردان دابین نەکرێت ئەوە لەو بارو زروفەدا شتێکی زۆر زەحمەتە پەکەکە چەك دابنێت .

**چرکە : تاچەند ئێوە وەك پەکەکە حزبی (DTP) بەنوێنەری ڕاستەقینەی کورد دەزانن لەباکوری کوردستان ؟**

احمد دینز : DTP لەباکوری کوردستان حزبێکی یاسای یە لەهەڵبژاردنەکانی بەشداری کردوە گەیشتۆتە پەرلەمان ، نوێنەری خۆی هەیە ، نوێنەری ئەوان بەناوی کوردەوەیە ، کوردان دەنگیان پێ داون ، بۆهۆی ئەوانیشسەوە گەیشتونەتە پەرلەمان .

**چرکە : سەرۆکی DTP باس لەوە دەکات ئەگەر پارتەکەی لەلایەن داداگای تورکیاوە بڕیاری داخستنی بدرێت ئەوە ڕێگەی شاخ هەڵدەبژێرن. تۆ ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە ؟**

احمد دینز: ئەوان ناتوانن ئەوە بڵێن چونکە DTP حزبێکی سیاسی و فەرمی یە ، خەباتی خۆی دەکات ، ئەگەر بریارێکی لەو شێوەیە ڕووبدات کێشەیەکی زۆر لەناو خۆی تورکیا دروست دەبێت، بارو دۆخەکە دژوارتر دەکات ، ڕاستە تورکیا زەخت لەسەر DTP دەکات کەپەکەکە وەك تیرۆرست بناسێنن ، واز لەهەموو شتێکی نەتەوەیی بێنن، بەڵام کاتێك پەکەکە دەستی بەشەڕ کرد هیچ دەرفەتێکی سیاسەتکردنی نەبوو ، ئەگەر بەرێگەی سیاسی کێشەی کورد هاتبایە چارەسر کردن پەکەك خەباتی چەکداری دەست پێنەدەکرد ، بەڵام ئیستا کوردستان کوردستانی پێشوتر نی یە گەلی کورد خاوەنی ئیرادەیە دەیەوێت سیاسەت بکات ، بەرێگەی دیموکراسی پرسی خۆی چارەسەر بکات ، فەقەد تورك نوێنەری DTP دەگرێت لیکۆڵینەوە لەگەل نوێنەری ئەوان دەکات ، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا لەسەر سایەتی ڕەشکردنەوەی کورد بەردەوام بێت کوردیش ناچارە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت .

**چرکە : بەرای تۆ لەسەر دەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر بکرێت؟**

احمد دینز : دەوڵەتی ئەمریکا سیاسەتێکی ستارتیجی هەیە ، واتا بۆ ڕۆژێك سیاسەتی خۆیان دانارێژن ، ئەمریکا دەوڵەتێکە سیاسەت لەبەر ژەوەندی خۆی دادەڕێژێت و بەکار دێنێت باوەڕناکەم بەو حزب بەو حزب فکرو ئایدۆلۆژیایی ئەمریکا بگۆڕێت ، حکومەتی بۆش سیاسەتێکی هەڵەی پەیڕەو کرد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، سیاسەتی ڕۆژانە ناتوانێت کیشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر ناکرێت ، چارەسەر کردنی کێشەی ڕۆژهەڵا تی ناوەڕاست بیرۆکەیە ، کێشەی ڕۆژێك نی یە ، هەندێ کیشە هەیە هی سەردەمی حەزرەتی عیسایە ، هەیە هی سەردەمی حەزرەتی موسایە ، کیشەی میلەتێك هەیە وەك کورد ، بۆش سیاسەتێکی هەڵەی بەکار هێنا و ئەنجامیشی نەبوو هیوادارم ئۆباما سود لەستراتیجی بۆش وەربگرێت نەك سیاسەتی بۆش دووبارە بکاتەوە .

**چرکە : هیچ پەیوەندیەك هەیە لەنێوان ئەمریکا و پەکەکە ؟**

احمد دینز : نەخێر هیچ پەیوەندیە نی یە لەنێوانماندا .

# ئەو فرە حیزبیەیەی کەلە کوردستانداهەیەزیاتر فرە حیزبیەکی رووکەشیە نەک ڕاستەقینە

دیمانە : فەرەیدون بیوار
F_ bewar @ yahoo . com



زانا روستایی (ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی و پەرلەمانتاری کوردستان)

**بیوار: زەحمەتکیشان و سۆسیالست بەنیازی یەکگرتنن , وەکو خۆیان دەڵێن بۆ ئەوەی ببنە ڕەقەمێکی گەورەو بخوێنرێنەوە. ماوەی چەند ساڵێکیشە باس لەیەکگرتنی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی دەکرێ. ئەم پرۆژەی یەکگرتنەی ئێوە بەکوێ گەیشتووە ؟**

روستایی: ئێمە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کاری هاوبەشمان هەیە, دیدارو ڕێکەوتننامەی دوو قۆڵیمان هەیە , بەڵام تائێستا بەرنامەی ئەوەمان نیە کەهەردوو حیزب یەکخەین لەچوار چێوەی یەك حیزبدا ,چونکە ئێمە پێمان وایە گرنگ یەکێتی هەڵوێست و ڕوانینە بۆ ئیش و کارەکان. یەکگرتنی ئەم دوو حیزبە لەوانەیە پێویستی بەکاتێکی ترو گۆڕانکاری سیاسی هەبێت لەسەر ئاستی کوردستان و دەبێ لەسەر کردایەتی هەردوو حیزب ئەو قەناعەتە بەشێوەیەکی ئاسایی دروست بێت.
ئەگەر ئەم جۆرە یەکگرتنانە پەلەی تێدا بکرێت و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبایەتی بێت, سەرکەوتوو نابێت ,بەڵکو دەبێ مەبدەئی بێت.

بۆیە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کاری هاوبەشمان هەیە و نەمانگەیاندۆتە بەرەیەکی ئیسلامی ,بەڵام پرس وڕاوێژ بەیەکتری دەکەین .

**بێوار: ئێوە وەکو پارتێکی ئیسلامی هیچ مەترسیتان لەسەرە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ دژایەتیکردنتان تاکو ئێوەش لەبەرامبەر ئەم مەترسیەدا بەرەیەکی ئیسلامی دروست بکەن؟**

روستایی: لەناو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیشدا ململانێ هەیە , لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاکە کوردستان وەکو پێویست یاسای تێدا بەرقەرار نیە و ئەو فرە حیزبییەی کەلە کوردستاندا هەیە زیاتر فرە حیزبییەکی ڕووکەشیە نەك ڕاستەقینە,بەڵام لەو ئازادییە سیاسیەی کەهەیە ئێمەش توانیومانە جێی خۆمان بکەینەوە. بێگومان لەلایەت سیاسیە باڵا دەستەکانی کوردستانەوە چەندین ساڵە ململانێمان کراوە, تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەسەڵاتێك هەیە کەناهێڵێ لەوە زیاتر گەشە بکەین .بۆ نموونە مافی ئەندامانمان پارێزراو نیە لە دامەزراندن و خوێندنی باڵاو زەوی و زار... هتد ئەو مافی هاوڵاتیایەتی کە هەر هاوڵاتیەك پێویستە هەبێت هەتا ئێستا ئێمە لەو ڕووە هەست بەبێ بەشی دەکەین . تەنانەت بەشداریشمان لە حکومەت بەشداریەکی سنووردارە و تەنیا لەئاست وەزیرو مودیر عامێك دایە, لەوە زیاتر ناهێڵن قوڵ بێتەوە.ئەگەر ئێمە ئێستاکە لەدەسەڵاتدا بەوەزارەتێك بەشدار نەبوینانە ڕووبەڕووی دەیان پاڵەبەستۆی سیاسی تر دەبوینەوە.

**بێوار:بەحوکمی ئەوەی پارتەکانی تر(جگەلە یەکێتی وپارتی) بودجەیەکی کامڵ و گونجاویان نیە لەلایەن حکوومەتەوە ,بۆیە ناچارن پەنا بۆ چەند لایەنێکی دەرەکی بەرن, گومانی ئەوەش هەیە کەکۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵ ئێران باشەو هاوکاری دارایی لێوەردەگرێت؟**

روستایی : هەر بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە تۆمەتانە ئێمە (ئەو حیزبانەی دەرەوەی یەکێتی و پارتی ) لەڕێگای پەرلەمانەوە داوامان کردووە یاسایەك دەربچێت بۆ بودجەی حیزبەکەمان,بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو پارتی و یەکێتی لەبودجەی هەرێمی کوردستان بەقەبارەی خۆمان بەشمان هەبێت , بۆ ئەوەی کەس تۆمەتبارمان نەکات بەو شتانە. هەر چەندە ئێمە لەتەنگژەیەکی دارایی ژیاوین بەدرێژایی تەمەنی حیزب، هەتا ئێستاش لەگەڵدا بێت, بەڵام بەهیچ شێوەیەك دینارێکمان لەئێران وەرنەگرتووە و وەریشی ناگرین.

جگە لەو میزانیەی کەلە یەکێتی وپارتی وەریدەگرین .لەگەڵ هاوکاری دۆست و لایەنگرانمان,هیچ سەرچاوەیەکی تری داراییمان نیە.

**بێوار: لەپەرلەماندا پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان هەیە کە((٥٦)) پەرلەمانتار واژووی کردووە, بەڵام ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کەلە لایەن حکوومەتەوە لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ پێدا چوونەوە و زیادکردنی بودجەی حیزبەکانی تر , لەبەرامبەر ئەم زیاد کردنەشدا ئێوە(حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتی وپارتی) چاوپۆشی لەپرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان دەکەن؟**

روستایی: لەڕاستیدا ئەوە هەوڵێکە بۆ پەکخستنی ئەو پرۆژە یاسایە ,بەڵام ئەو پرۆژەیاسایە بۆ گشت حیزبەکانە چی ئەوانەی لەناو پەرلەمانن یان لەدەرەوەی پەرلەمانن. لیژنەی پێداچوونەوەی بودجەی حیزبەکان لەلایەن حکومەتەوە جێگرەوەی پرۆژە یاساکە نیە.ئێمە لەسەر پرۆژە یاساکە سورین و هەوڵیشی بۆ دەدەین کەبە ئەنجام بگات.

**بێوار: خۆت لەلێدوانێکدا دەڵێیت لە٦٠٪ بودجەی حیزبەکەمان بۆ کەناڵی (پەیام) تەرخان کردووە. ئەوسا چۆن دەتوانن بەلە٤٠٪ میزانیەکەتان حیزب بەڕێوەبەرن, چونکە ئێوە هەمیشە گلەیی لەکەمی بودجەکەتان دەکەن؟**

روستایی: ئێمە کۆمەڵێك ڕێوشوێنمان گرتۆتەبەر بۆ دابینکردنی داهات بۆ کەناڵی ئاسمانی (پەیام) .ئێمە لە کۆنگرەی (٢٠٠٥) ەوە بڕیاری دامەزراندنی سەتەلایتمان داوە, لەو کاتەشەوە مانگانە پاشەکەوتی بۆ دەکەین. ئێستاکە ئێمە هەشت (٨) کەناڵی لۆکاڵیمان هەیە .لە٢٠٠٨/١٢/١ ەوە هەموویەو کەناڵانە ڕادەگیرێن و میزانیەکەیان دەگەڕێتەوە ناو میزانیەی پەیام. بێجگە لەمانەش ئەو داهاتەی کە وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانمان دەیگێڕنەوە بۆ حیزب تەرخانمان کردووە بۆ پەیام.هەروەها سەرۆك کۆماری عیراق و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڵێنی هاوکاریانداوە بۆ پەیام . بە ئیعتماد لەسەر ئەو داهاتانە ئێمە سەتەلایتی (پەیام)مان کردۆتەوە.

**بێوار: ڕێکەوتنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق لەنێوان ئەمەریکاو عیراقدا, لەپەرلەمانی عیراقدا پەسەندکرا, هەندێ لەنووسەران و سیاسەتوانان و یاساناسان پێیان وایە کە ئەو ڕێکەوتنە هەندێ ماددەی تێدایە کە جێ ی مەترسیە بۆ ئایندەی کوردستان, کەچی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە پەسەندکرا,بۆ چوونی تایبەتی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟**

روستایی: جگە لەزەرەر هیچ شتێکی تر لە ڕێکەوتننامەدا نابینمەوە بۆ هەرێمی کوردستان،بەداخەوە لەجیاتی ئەوەی سەرکردایەتی کورد سوود لەو هەلە وەربگرێت و بیکانە هۆیەك بۆ سازش کردن لەگەڵ لایەنی بەرامبەرو هەندێ دەسکەوتی پێ مسۆگەر بکات بۆ کوردستان,کەچی هەرزان فرۆشی دەکات و بەبێ بەرامبەر بەڵێ ی بۆ دەکات و زۆر جارانیش ناوو ناوبانگی کوردی لەلایەن گەلانی دەوروبەر سوك دەکات. دەبوایە هاوپەیمانی کوردستانی و سەرکردایەتی کوردستان بەمەرج دەنگی بەو ڕێکەوتنە بدابایە، بەمەرجی جێ بەجێ کردنی کۆمەڵێك داواکاری و چارەسەرکردنی کۆمەڵێك گیروگرفت کەلە نێوان ئێمەو بەغدادا هەیە.

کۆمەڵێك بڕیاری نێودەوڵەتی کەلە بەرژەوەندی کورد دەرچوونە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە ,چونکە عێراق لەژێر بەندی (٧) دێتە دەرێ.
جگە لەمانەش ماددەکانی ٢٣و ٢٧ ...// کۆمەڵێك بڕگەو دەستەواژەی لاستیکی وناڕوونی تێدایە کە دەکرێ لە ئاییندە دژی کورد بەکاربهێنرێت. ئەم ڕێکەوتننامەیە تەنیا دەسەڵاتی مالیکی بەهێز دەکات، ئێستا ئەمریکا لەعێراقدایە مالکی ئاوا دەکات .ئەی ئەگەر ئەمریکا لەعێراق دەربچێت ئەوسا دەبێ مالکی دژی کورد چی بکات؟
هەموو سەرکردە کوردەکان دڵیان بەیەك دەربڕین خۆشە کەلە ڕێکەوتنەکەدا هەیە ئەویش :پاراستنی سیستەمی دیموکراتی فیدراڵیە لەعێراقدا . ئەمەش لە مەیدانی واقیعدا هیچ کاریگەرییەکی نیەو هیچ گۆڕانێك بەسەر ڕەوشەکەدا ناهێنێ.
بۆیە من پێم وایە نەدەبوایە سەرکردایەتی کورد تەنیا ڕەزامەندی ئەمەریکا لەبەرچاو بگرێت, چونکە ئەمەریکا لێرە میوانەو دەڕوات,بۆ دەبێ ئێمە هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەینە ناو سەبەتەی ئەمەریکاوە ,کاتێك ئەو سەبەتەیە شکا ئێمە دەست بەتاڵ دەمێنینەوە.

**بێوار:لەلێدوانەکانی مەلا کرێکار بەرامبەر بەکۆمەڵی ئیسلامی دژایەتیکردن هەیەو کۆمەڵێك تۆمەت دەداتە پاڵ کۆمەڵی ئیسلامی ,ئەو تۆمەت و دژایەتیکردنە لەسەر چی بنەمایەك سەرچاوەیان گرتووە؟**

روستایی : دەبێ ئەو پرسیارە لە مەلا کرێکار بکرێت کەبۆچی هێندە دژی کۆمەڵی ئیسلامییە؟ ئێمە هەست بەهیچ کەم و کوڕییەك ناکەین کەبەرامبەر مامۆستا کرێکار ئەنجاممان دابێت .ئێمە ئەو تۆمەتانەڕەتدەکەینەوە و هیچ بنەمایەکیان نیەو تائێستاکە نەیتوانیوە بەڵگەیەك نیشان بدات , تەنیا لەو گۆڕە خۆی کردۆتە نەیاری کۆمەڵی ئیسلامی . نەیاریش لەڕووی یاساییەوە قسەکانی حسابی بۆ ناکرێت, چونکە قسەی باشت بۆ ناکات .بەداخەوە ئەو لێدوانانەی کەئەو دەیدات خزمەت بەهیچ ناکات.پێویست وابوو (کەئەو ئیسلامیەو ئێمەش ئیسلامین) بەچاوێکی باشتر تەماشامان بکات. بەڵام من نازانم مامۆستا کرێکار کێ ی پێ باشە ؟هەتا ئێستا ئەو کەسی بەباش دانەناوە! ئەوەی باسی دەکات ڕاست و چەپ تۆمەتی بۆ دروست دەکات و بەخیانەتکارو تاوانباری دادەنێت.ئەو لەم کوردستانەدا کەسی پێ باش نیە . ئیتر من ناتوانم هیچ قسەیەکی تری بەرامبەر بکەم.

**بێوار:ئەوبودجەیەیکەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی زۆرترە لەبودجەی هەندێ وڵاتان, کەچی هێشتا لەکوردستاندا کەم و کوڕییەکان زۆرن و بەپاساوی کەمی بودجەکێشەو گرفتە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان چارەسەر نەکراون؟**

روستایی: سەبارەت بەبڕی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەلە ١٧ /٠بودجەی عێراقەو هەندێ وڵاتیش ڕەنگە ئەو ڕێژەییەیان نەبێت ئەمە ڕاستە .من پێم وانیە لەهەرێمی کوردستان کێشەی هەبوونی پارە هەبێت ,میزانیەکە هەیەو زۆریشە , بەڵام گەندەڵی هەیەو دادپەروەری نیە. ئەو پارەیە وەکو پێویست سودی لێوەرناگیرێت .ئەو پرۆژانەی کە جێ بەجێ دەکرێن بەداخەوە گەندەڵیان تێدا دەکرێت و سەروەت و سامانی کوردستان بەهەدەر دەدرێت لە کۆمەڵێك فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ و شتی بێ سوود .هەتا ئێستاش وەزارەتەکانی بودجەی(٢٠٠٨ )یان بەتەواوی وەرنەگرتووە و نەیانتوانیوە بەتەواوی خەرجی بکەن, هەرلە سەرەتاوە لە ٢٠٪ی بودجەی هەموو وەزارەتەکان بڕدرا, نەمانزانی بۆ ؟ لیژنەی دارایی پەرلەمان داوای کردووە کە وەزیری دارایی لەو بارەیەوە ڕوون کردنەوە بدات، کەچی هەئێستا وەزیر هیچ وەڵامێکی نیە. ئێستا نزیکین لەسەری ساڵ کەچی وەزارەتەکان نەیانتوانیوە لە٠/٥٠ بودجەکەیان خەرج بکەن و دەگەڕێتەوە ناو بودجەی گشتی و نازانین پارەکە چی لێدێت.

**بێوار: تۆ یەکێك بوی لەو پەرلەمانتارانەی کەدژی هەندێ ماددەو بڕگەی هەموار کراوەکانی یاسای باری کەسێتی بویت. بۆچی؟**

روستایی : من پێم وایە ئەم یاساییە واقعی نەبوو! ناشکەوێتە بواری جێبەجێکردن , یاسایەکیش کە جێ بەجێ نەکرێ ماندوو بوونی پەرلەمان و سەرئێشانی خەڵکە .لەگەڵ ئەوەشدا باروودۆخی ناو خێزان ئاڵۆز دەکات و ڕێژەی تەڵاق زیاد دەکات و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد دەکاتە پەیوەندیەکی مالملانێ و ماددی.
تێبینیە شەرعیەکانی من لەسەر یاساکە لەسەر دوو تەوەرە,
یەکەم :ئەو مەرجانەی کەدانراون بۆ فرە ژنی ئەو مەرجانە لەسەرچاوەی شەرعیەوە وەرنەگیراون , بەتایبەتی ڕەزامەندی ژنی یەکەم و نەخۆشی و نەزۆکی بەعوزر زانین بۆ ژنهێنانی دووەم.
دووەم:ئەو سزایانەی کە دانران, سزاکان وای لێ دەخوێنرێتەوە کەبۆ تاوانێك دانرابێت نەك بۆ سەر پێچیەکی یاسایی . دانانی فرەژنیش بەتاوان پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە .
من لە لەم دوو ڕووەوە تێبینیم هەبوو لەسەر یاسایەکە, وە هەر لەسەرەتاشەوە ناپاکی لێنەدەخوێنرایەوە بۆیە ئەو هەموو کرژییەی لێکەوتەوە.ئەوانەی بەپرۆژەکە هەڵسابوون مەبەستی دوریان هەبوو ئەگەر بۆیان بچوایە سەر.

# هەندێک لە بەرپرسانی کورد باس لە هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک دەکەن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە مادەی ١٤٠ جێبەجێ ناکرێت



**د.فایەق گوڵپی سەرۆکی پێشوی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەدیمانەیەکی تایبەتی چرکەدا قسە لەسەر سیاسەتی ئیستای حکومەتی هەریمی کوردستان دەکات ، تیشک دەخاتە سەر دوا پێشهاتەکانی سیاسەت لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و دۆزی کورد بەگشتی و کێشەی کەرکوک و پەکەکە بەتایبەتی ،وەڵامی ئەو بیرو ڕایانە دەداتەوە کەپیان وایەهێرشی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا سیناریۆیی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بوبێت و میکانیزمێک بووبێت بۆ لاواز کردنی هەیمەنەی سوپا لەناو خۆیی تورکیا**

*ئا : چرکە*

**چرکە: واقیعی ئیێستای کوردستان چۆن دەبینیت ، پێت وایە کورد هەنگاوی جدی بەروپێشەوە ناوەلەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە ؟**

د.فایەق گوڵپی : ساڵی ١٩٨٨ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی کێشەی کوردی وەك کێشەیەکی ئاڵۆزی رۆژهەلاتی ناوەراست بە جیهان ناساند، لە دوای داگیرکردنی کوێتیش لە لایەن رژێمی سەدامەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا، هێندەی تر زەمینەی دەرەکی بۆ باسکردن و ناساندنی کێشەی کورد هاتە پێشەوە و هەڵدانەوەی زوڵمەکانی رژێمی سەدام بەرامبەر بە گەلی کورد کردە بووە رۆژەڤی هێزە جیهانیەکان، شەری ئازادکردنی کوێت و راپەرینی باشوری عیراق و راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کوردستان، بەشێکی خاکی باشوری کوردستانی ئازاد کرد و زەمینەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم رەخساند، پشتیوانی و هاوکاری وڵاتانی هاوپەیمانی دژبەری رژێمی سەدام بۆ حکومەتی هەرێم بکەن هێندەی تر زیادی کرد. بەم شێوەیە لە ئاستی نێونەتەوەییدا زەمینەیەکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هاتبووە پێشەوە،بەڵام لەبەر ئەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا خاوەن پەیامێکی سیاسی نەتەوەیی

و چالاکیەکی دیبلۆماسی نەبوو، پەیامێکی حزبی و چالاکی نهێنی لەگەڵ دەزگا هەواڵگریەکان بە لای کوردەوە لە پەیامی نەتەوەیی وچالاکی دیبلۆماسی گرنگتر بوو، وە بە هۆی شەری ناوخۆی نێوان هێزە کوردستانیەکان و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەی ژێر دەسەلاتی حزبەکان، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد سوود لە زەمینە نێونەتەوەییەکان وەرنەگیرا.

لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، جارێکی تر زەمینەی دەرەکی (نێونەتەوەیی) لە بار بۆ پیشخستنی چارەسەری کێشەی کورد هاتەوە مەیدان، جێگیرکردنی مادەی ١٤٠ لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا یەك لەو دەسکەوتانە بوو کە لە ئەنجامی رووخانی رژێمی سەدامەوە گەلی کورد بە دەستی هێنا، بەڵام بە هۆی لاوازی سیاسەتی دەسەلاتدارانی کوردەوە لە عیراق و لە هەرێمی کوردستاندا، مادەکە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا و ئێستاش هەندێك لە بەرپرسانی کورد باس لە هەرێمی سەربەخۆی کەرکوك دەکەن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە مادەی ١٤٠ جێبەجێ ناکرێت، کەوابوو دەتوانین بڵێین لە دوای رووخانی رژێمی سەدامیش دەسەلاتی کوردی نەیتوانی بۆ چارەسەری کێشەکەی سوود لەو زەمینە لە بارەی تریش وەربگرێت.

لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا، تا ئێستا دەستورمان نیە،بۆ بەرێوەبردنی کار و باری وڵات یاسا پەیرەوناکرێت و دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆ نیە و بێ دەسەلاتە، ئازادی رادەبرین و خۆرێکخستنی کۆمەڵگا زۆر سنووردارە، شێواز و ئامانجی خەرجکردنی بودجەی هەرێم ئاشکرا نیە و گەندەڵی لە گەشەکردندایە و هیچ کارێکی جدی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی لە ئارادا نیە، بە پێچەوانەوە لە عیراقی ناوەندیدا دەستور هەیە، دام و دەزگاکانی دەوڵەت سەربەخۆتر و چالاکترن، هەوڵی راگرتن و کەمکردنەوەی گەندەڵی زیاتر دەبینرێت، دەتوانین بڵێین لە ئاستی سیستەمی ناوخۆییدا حکومەتی فدراڵی عیراق پێش حکومەتی هەرێم کەوتووە و ئەمەش وا دەکات کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەونە ژێر کاریگەری دەوڵەتی عیراقی فدراڵەوە.

**چرکە:گرفتەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و عیراق چۆن دەبینیت . ئایا پێت وایە کورد دەتوانێت بەدیالۆگ ئەم کێشان یەکالا بکاتەوە ؟**

د.فایەق گوڵپی : من پێموایە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دا لە کاتی دەنگدانی دەستوری عیراقدا دەسەڵاتدارانی کورد دۆزی کوردیان لە عیراقدا دۆڕاندووە،تەنها مادەی ١٤٠ ی ئەو دەستورە لە بەرژەوەندی گەلی کوردا بوو کە جێبەجێنەکرا، بەلام حکومەتی عیراق لەمەوپێش بە هۆی سەرقاڵی بە کێشە سیاسی و ئاسایشیە ناوخۆیەکانیاوە دەرفەتی نەبووە ئەو دەسکەوتانە بچێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کوردی بردۆتەوە. بە گوێرەی دەستوری عیراق هەرێمی کوردستان بۆی نیە بە بێ ئاگاداری حکومەتی فدراڵی عیراق گرێبەستی نەوت لە گەڵ کۆمپانیاکاندا بکات، لە هیچ بەندێکی دەستوری عیراقدا ئاماژە بە مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکراوە، لە هیچ بەندێکی دەستوری عیراقدا ناوی کورد و کوردستان نەهێنراوە، لە بەندی ( ) ئاماژە بەوەکراوە کە عیراق ئەندامی کۆمەڵەی عەرەبە. ساڵی ٢٠٠٥ ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەو دەستورە نەبووین و چەندان بۆچوونمان لە سەر دەستور هەبوو و کاتی خۆی خستمانە ڕوو، ئێستەش پێمانوایە بۆ چارەسەری گرفتەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق باشترین میکانیزمی ئەو چارەسەریە پێداچوونەوەیە بە دەستوری عیراقدا بە شێوەیەك کە زۆرینەی ماف و دەسەلاتەکانی کورد لە و دەستورەدا گەرەنتی بکرێت.

کورد دەتوانێت ئەو کێشانەی نێوان خۆی و حکومەتی عیراق بە دیالۆگ چارەسەر بکات ئەگەر بێت و بتوانێت خۆی بکات بە هێزێکی جەماوەری و سیاسی و ئابوری رێکخراو، لە ئاستی سیاسەتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا لە ئاستی سیاسەتی دیموکراتیدا گۆڕانکاری بکات و چالاکی دیبلۆماسی پێشبخات. مەبەست لە سیاسەتی نەتەوەیی ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی وەك حزب سیاسەت نەکەن، وەك کورد سیاسەت بکەن، لە ئاستی عیراقی فیدرالدا و لە پارێزگای کەرکوکدا یەك بۆچوونی سیاسی و یەك هەڵوێستی سیاسیان هەبێت،نەك دوو سیاسەتی جیاوازیان هەبێت وەك تا ئێستا پەیرەویانکردووە.

لە هەمان کاتدا دەبێت کوردی باشور سوود لە هێزی کوردی پارچەکانی تری کوردستان وەربگرێت و وەك قووڵاییەکی ستراتیجی و پشتیوانی باشوری کوردستانی ببینێ نەك وەك ئێستا کە داگیرکەرانی پارهچەکانی تری کوردستان وەك دۆستی ستراتیجی خۆی دەبێنێت و کوردی ئەو پارچانە و هێزە سیاسیەکانی ئەو پارچانە وەك دوژمن سەیر دەکات.ئەگەر دەسەلاتی کوردی ژێرخانی ئابوری هەرێمی کوردستان راستبکاتەوە و گەلی کورد لە باشور لەگەڵ دەسەلات ئاشت ببێتەوە و پشتیوانی لە سیاسەتەکەی حکومەتی هەرێم بکات و حکومەتی هەرێم هێزی خۆپاراستنی خۆی هەبێت، ئەو کات حکومەتی هەرێم دەتوانێت کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عیراق بە دیالۆگ یەکلا بکاتەوە.

**چرکە: هێرشی ئەمجارەیی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا کەبوە هۆی کوژرانی ١٧ سەربازی تورك دەنگدانەویەکی زۆری دروست کرد . بەڵام هەندێ لەبیرو را پیان وابوو کە ئەم هیرشە بە دەستی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا لەپشتەوە بووە . بۆ مەبەستی لاوازکردنی هەیمەنەی سوپا بووە لەتورکیا . تۆ لەمبارەیەوە چ بۆچوونێکت هەیە ؟**

د.فایەق گوڵپی : بە گوێرەی زانیاریەکانی ڕاگەیاندنی هێزی پارستنی گەل(HPG) شەست و دوو سەربازی سوپای تورکیا لەو چالاکیەدا (چالاکی بێزەڵێ) گیانیان لە دەستداوە، بە بڕوای من ئەنجامدانی ئەو چالاکیە سەربازیە مەبەستی سیاسی لە دواوە بوو، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرشانەی پۆلیسی تورکیا و نەتەوەپەرستانی تورك بوو کە بۆ سەردام و دەزگاکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستان بەڕێوەیان دەبرد، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گۆشەگیری و فشارە دەروونی و فیزیکیانە بوو کە بەرپرسانی زیندانی ئیمرالی دژی بە ڕێز ئۆج ئالان ئەنجامی ئەدەن،ئاگادارکردنەوەی دەوڵەتی تورکیا بوو بە سوپا و حکومەت و پەرلەمانەوە،کە وا ماوەی ساڵێك بەسەر مۆڵەتنامەی حکومەت و پەرلەمانی تورکیا بۆ هێرشی سەر ( PKK ) تەواو بوو گەریلا لە لوتکەی هێزدایە و بەرنامە سەربازیەکەی دەوڵەتی تورکیا بێ ئەنجام بوو.

راستە ئەو چالاکیە سەربازیە دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، هۆکارەکەشی ئەوبوو کە چالاکیەکی سەربازی ڕێکخراو و بە ئامانج بوو، لە پێناوی ئامانجێکی سیاسیدا بەریوەبرا و لە کاتی خۆیدا ئەنجامدرا.

ئەو کەس و لایەنانەی کە پێیانوایە ئەو هێرشە دەستی پارتی داد و گەشەی تێدایە و بۆ لاوازکردنی هەژموونی سوپا بووە،ئەوە بۆچوونێکی لۆژیکی نیە و لە راستیەوە دوورە، لەوانەشە بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونە بۆ کەمکردنەوەی گرنگی چالاکیەکە بێت. ئەوانەی بە وردی ئاگایان لە پێکهێنانی پارتی داد و گەشە پێدان هەیە، لەو باوەڕەدان کە دامەزراندنی ئەو پارتە بە ڕەزامەندی دام و دەزگا سوپاییەکانی تورکیا بووە، مەرجی سوپاش بۆ پشتیوانی ئەو پارتە(AKP) گوێڕایەڵی بووە بۆ سیاسەتەکانی سوپای تورکیا، راستی ڕووداوەکانی تورکیاش لەگەڵ ئەوەدان کە پارتی داد و گەشە پێدان گرێدراوی سیاسەتی سوپای تورکیایە نەك دژی سیاسەتی سوپا بێت و بیەوێت هەژموونی سیاسی سوپا لە تورکیادا لاوزا بکات. ئەوە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان و پەرلەمانی داد و گەشەپێدان بوون کە مۆڵەتیان بە سوپای تورکیا دا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر باشوری کوردستان و بە نیازی خۆیان PKK لە ناو ببات، ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا دەسەڵاتێکی ڕەهای بە سوپای تورک بەخشی، لەوانەیە هەندێك ناکۆکی لە نێوان سوپا و پارتی داد و گەشەدا هەبێت، بەڵام ئەو ناکۆکیە هێندە نیە کە (AKP) پیلانگێڕیەکی بەو شێوەیە لە دژی سوپا ئەنجام بدات، لە لایەکی تریشەوە AKP ناتوانێت لە دژی سوپا پیلانگێڕی وا بەرێوەببات، لە ڕووی پراکتیکیشەوە ئەو کارە زەحمەتە ئەنجامبدرێت، ئەگەر ئەو بۆچوونە راست بێت دەبێت پێوەندیەکی نهێنی لە نێوان , PKK, AKP هەبێت، کە ئەمەش مومکین نیە.

**چرکە: چۆن دەڕوانیەت ئایندەی کەرکوك، پێت وایە چۆن دەتوانرێت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ؟**

د.فایەق گوڵپی : کەرکوك کێشەی ناوەندی گەلی باشوری کوردستان و سەرجەم گەلی کوردستانە، تێکۆشان و قوربانیدانی دەیان ساڵەی شۆڕشی گەلی کورد بۆ ئەوبووە کە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری باشور بکەونەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان. مادەی ١٤٠ دەستوری عیراق بۆ ئەو مەبەستە داڕێژرا و دەنگی لە سەر درا، دەتوانم بڵێم مادەی ١٤٠ پرۆژەی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان بوو بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان، بەڵام لە بەرامبەر مادەی ١٤٠ دا چەندان پرۆژەی تری عیراقی و ناوچەیی و جیهانی هەبوون و ئاستەنگیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ درووستدەکرد، کورد نەك هەر نەیتوانی ئاستەنگیەکانی سەر رێگەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ راماڵێت، بەڵکوو دەسەلاتی کوردی بە ئاسانی وازی لە مادەی ١٤٠ هێناو ئێستە کار بۆ ئەوە دەکەن کە کەرکوك لە چوارچێوەی عیراقدا هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ بێت، ئەم پرۆژەیە پرۆژەی ئەمریکیەکانە و سەرۆك کۆماری عیراق بە ئاشکرا و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە نهێنی کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن و پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە بەرامبەریدا بێدەنگە.ئەگەر ئەم پرۆژەیە پرۆژەی هەرێمی سەربەخۆی کەرکوك جێبەجێبکرێت، ئیتر ئەبێت کورد کەرکوك بە بەشێکی خاکی کوردستان نەزانێت و بە شێوەیەکی رەسمی دەبێتە بەشێك لە خاکی عیراقی عەرەبی.

ئێمە پێمانوایە ئەگەر کەرکوك نەگەڕێتەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان، گەلی کورد و تورکمان و کریستانەکان لە عیراقدا پارچە پارچە دەبن،ئەم پارەچەبوونەش ناجێگیری سیاسی و ئاژاوە و کێشەی سیاسی و کلتوری لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سیستەمی فیدرالیدا دەبێت پێکهاتە کلتوری و ئاینی و نەتەوەییەکان لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا کۆببنەوە و لە یەك دانەبڕێن،ئەگەر وا نەبێت کێشە ناوخۆییەکانی عیراق چارەسەر ناکرێن و عیراق وەك ولاتێکی لاواز دەمێنێتەوە و ناتوانێت وەك وڵاتێکی دیموکراتی ناوچەکە رۆڵێکی ئەوتۆی هەبێت.

ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان(PCDK) پرۆژەیەکمان هەبوو، رۆژی ١٧-١٠-٢٠٠٨ لە شاری کەرکوك بە ئامادەبوونی ٣٠٠ کەس کۆنفرانسێکمان لە سەر پرۆژەکە بەست و پرۆژەکە کرا بە پرۆژەی کۆنفرانس، کۆنفرانسیش ٧ حەوت کەسی وەك لیژنەی بە دواچوونی پرۆژەکە هەڵبژارد، ناوی پرۆژەکە (پرۆژەی چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی تر) ە، پرۆژەکە چەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە، بنەمای یەکەم ئەوەیە ئەبێت کەرکوك بگەڕێتەوە سەر سنوری هەرێمی باشوری کوردستان، بنەمای دووەم ئەوەیە لەبەر ئەوەی شاری کەرکوك تایبەتمەندی فرە نەتەوە و فرە ئاین و فرەمەزهەبی هەیە، دەبێت شاری کەرکوك لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا خاوەنی حوکمی زاتی بێت، بنەمای سێەم قووڵکردنەوەی پرنسیب و دام ودەزگاکانی سیستەمی دیموکراسیە،بەوەی کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دوو ئەنجومەن پێکبێت، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی نەتەوەکان، لە ئەنجومەنی نەتەوەکاندا نوێنەرایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی وەك یەك بێت و بڕیار بە رێکەوتن بدرێت.

چرکە: وەك ساسیەك چۆن دەڕوانیەت داهاتوی پەکەکە ، ئایا پێت وایە تورکیا دان بەمافەکانی گەلیی کوردا دەنێت لەباکوری کوردستان ؟

د.فایەق گوڵپی : پەکەکە وەك جوولانەوەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژی کۆمەلایەتی جەماوەری کوردستانی ئەم سەردەمە دەبینم، داوای ماف و ئازادی گەلی کورد دەکات ، تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی گەلی کورد وەك گەلانی تری ناوچەکە و جیهان مافی سیاسی خۆی هەبێت،ئەم داوایە داوایەکی رەوایە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پشت بە پرۆژەی چارەسەری دیموکراتی دەبەستێ، ئەو شەڕانەی کە لە رێگەی هێزی گەریلاوە ئەنجامی ئەدات بۆ خۆپاراستنە لە هێرشەکانی دوژمن.

لە رووی سیاسی و ئابوریەوە پەکەکە هێزێکی سەربەخۆیە، لە رووی رێکخستنەوە لە ئاستی کوردستان و زۆربەی ولاتانی جیهاندا بە گوێرەی رەوشی سیاسی هەر شوێنێك ،خاوەنی رێکخستنی سیاسی، کۆمەلایەتی، کلتوری هەمەجۆرە، زۆربەی گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەندام و دۆستی پەکەکەن، لە ئاستی رۆژهەلاتی ناوراست و لە ئەوروپادا چالاکترین رێکخراوی سیاسیە کە دەتوانێت زۆرترین ژمارە لە خەڵك بۆ چالاکی سیاسی بخاتە سەرشەقام و فشار درووستبکات، تەنها هێزی سیاسیە کە توانیویەتی لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی فەزایی بێت.خاوەنی هەزاران کادر و

گەریلایە کە دەتوانن مێژوو دروستبکەن، خاوەنی جەماوەرێکە شۆرش بەخێودەکات و داکۆکی لە شۆرش دەکات.لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تورکیادا زەمینەی دەرەکی( نێودەوڵەتی) بۆ چارەسەری کێشەی کورد دژی ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد و دژی پەکەکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەکەکە لە سەر حەقە و لە ناوخۆدا بەهێزە و لەگەڵ جەماوەری کوردا بۆتە یەك، تێکۆشانی بەردەوامە و لە ناوچوونی خەونی ناخۆشی دوژمنانی گەلی کوردە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات دەبێت لە رێگەی نوێنەری راستەقینەی کوردەوە ئەو کێشەیە چارەسەربکات کە پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە) یە، چارەسەرکردنی راستەقینەی کێشەی کورد بە بێ پەکەکە و بە بێ رێبەری پەکەکە بەرێز ئۆج ئالان شتێکی مەحاڵە و کورد قبووڵی ناکات.

**چرکە: دەرچوونی ئۆباما وەك سەرۆکی ئەمریکا پێت وایە دەبێت سەرەتایەك بۆ گۆرانکاری لەرۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی . دەرچوونی ئەو تاچەند بەگرنگ دەزانی بۆ کورد ؟**

د.فایەق گوڵپی : بە بڕوای من داڕشتن و گۆرینی سیاسەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ناوچەیەك لە سەردەمێکی دیاریکراودا، تەنها پشت بە گۆرینی سەرۆکی وڵات نابەستێت، ئەو دەزگا ستراتیجی و لایەنە سیاسیانەی کە کار بۆ دارشتنی ستراتیجی سیاسی و تاکتیکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەکەن لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، دەزگای نەتەوەیی و نیشتمانی ئەمریکین و لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارە جیاجیاکانی ئابوری و سیاسی و ئیداری ....هتد پێکهاتوون، ئەوەدەزگایەش کە رەزامەندی لە سەر ئەو سیاسەتانە نیشان دەدەن و ئەرێیان دەکەن، پەرلەمانی ئەمریکایە کە لە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران پێکهاتووە، وە لەم کاتەدا دیموکراتەکانی سەر بە حزبی دیموکراتی ئەمریکا زۆرینەی ئەو دوو ئەنجومەنە پێکدێنن کە سەرۆك کۆماری ئەمریکا نوێنەری ئەو حزبەیە، بە بڕوای من دیموکراتەکانی ئەمریکا زیاتر لە جمهوریەکان بەرامبەر بە کێشەکان مەبدەئیانە هەڵوێست نیشان دەدەن و زیاتر باوەریان بە زمانی دیلۆگ هەیە، ساڵانی١٩٩٦-٢٠٠٠ کاتێك بیل کلنتۆنی دیموکرات سەرۆکی ئەمریکا بوو، هەڵوێستی بەرامبەر بە کێشەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا خراپ نەبوو، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ دا دیموکراتەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دۆزی جینۆسایدی گەلی ئەرمەنیان بەرامبەر بە تورکیا کردە رۆژەڤ، جێگری سەرۆك کۆماری نوێ جۆزیڤ بایدن بەرامبەر بە دۆزی کورد و کێشەکانی عیراق و ناوچەکە هەڵویستی باشە، ئەمانە کۆمەڵە راستیەکن کورد دەتوانێت بە گرنگ سەیریان بکات و هەڵمەتێکی دبلۆماسی جدی بۆناساندنی کێشەی کورد لە ئەمریکا بە رێوەببات، بەڵام کاتێك دەبینی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا سیاسەتمەدارێکی بە توانا و دبلۆماتێکی شارەزا نیە، جارێکی تر مرۆڤی کورد بێ ئۆمێد دەبێت و دەگاتە ئەو بڕوایە کە گەلی کورد ناتوانێت بۆ چارەسەری کێشەکانی سوود لەو زەمینە لەبارە نێودەوڵەتیە وەربگرێت.

**چرکە: مالیکی ئیستاکە داوای دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دەکات پیت وایە ئەم بیروبۆچونەی سەر دەگرێت پێکهاتەکانی عیراق و ئەمریکا قبولی ئەم بیرو بۆچونەی ئەو دەکەن ؟**

د.فایەق گوڵپی : ئەو داوایەی مالکی بۆ پێداچوونەوەی دەستوری عیراق بە شێوەیەك کە دەسەلاتی حکومەتی ناوەند لە سەر حسابی دەسەلاتی هەرێمەکان لە بڕگەکانی دەستوردا زیادبکرێت، داوایەکی ناڕەواو دژی بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی و فیدراڵی عیراقە، بە بڕوای من باسکردنی بابەتێکی وا لەم کاتەدا چەندان ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە، ئامانجی نزیك و ئامانجی دوور، ئامانجە نزیکەکانی مالکی لە بە رۆژەڤکردنی ئەو بابەتەدا بۆ ئەوەیە کە دەسەلاتدارانی حکومەتی هەریم تەنگاو بکات و پێیانبلێت منیش چەکی دژایەتیکردنی ئێوەم بە دەستەوەیە، ئەگەر لە بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی عیراقدا بوەستنەوە منیش دەتوانم فشارتان بخەمە سەر و لە بەرامبەرتاندا بوەستمەوە، لەم ماوەیەدا مالکی دەستیداوەتە هەڵمەتی تری سیاسی بۆ تەنگاوکردن و تەسلیمکردنی دەسەلاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستان و لە عیراقدا، شانبەشانی ئەوەی داوای عراقێکی ناوەندی بەهێز دەکات، باس لە دروستکردنی هێزی پشتگیری(ئەسناد) لە ناو هۆزە کوردەکاندا دەکات و پێشمەرگە بە میلیشیا حسابدەکات. ئەم سیاسەتەی مالکی وەلامدانەوەی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمە بۆ گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانداو بۆ هێشتنەوەی هیزی پێشمەرگەی کوردستان و بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بە رێکەوتنی ستراتیجی نێوان عیراق و ئەمریکا، لەبەر ئەوەی مالکی ئەم سیاسەتانەی هەرێمی کوردستان بە دژی دەستوری عیراق دەبینێت.

ئامانجی تری ئەو لێدوانانەی مالکی دژی دەسەلاتی هەرێم بۆ رازیکردنی جەماوەری عیراقی عەرەبیە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراقدا ئەو جەماوەرە دەنگ بە لیستی مالکی بدەن.

ئامانجە دوورەکانی سیاسەتی مالکی ئەوەیە کە گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا نەبێتە خاوەن ئیرادە و هەموو کاتێك هەست بکات کە ئەو دەسکەوتانەی هەیەتی لە مەترسیدان و نابێت داوای دەسکەوتی تر بکات و دەبێت لە هەوڵی پارستنی ئەو دەسکەوتانەدا بێت و لە بەرامبەر دوژمن و داگیرکەراندا ملکەچ بێت.

ئەو بۆچوونەی مالکی لە لایەن گەلی کوردەوە پرۆتستۆ دەکرێت، لە ئاستی ناوخۆی عیراق و ناوچەکەدا لە لایەن دەسەلاتداران و لە لایەن جەماوەری عیراق و ولاتانی ترەوە پێشوازی و پشتیوانی لێدەکرێت، لەوانەیە ئەمریکا وەك بۆچوونی سیاسی لەگەڵ ئەو بۆچونەی مالکی نەبێت،بەڵام بۆ هەڵوێست نیشاندان ئەمریکا زیاتر سەیری بەرژەوەندی خۆی و سەیری هاوسەنگی هێز دەکات، بۆیە بەلای منەوە وای بۆ دەچم تەنها لایەن کە دژی بۆچوونەکەی مالکی هەڵوێست نیشان ئەدات کوردە، لە لایەن عەرەبەوە پێشوازی دەکرێت و هەڵوێستی تورکمان و کریستانەکان زۆر روون نابێت و ئەمریکاش بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی و هاوسەنگی هێز هەڵوێست نیشان دەدات.

بەڵام من هیوادارم ئەو جۆرە بۆچوونە لە لایەن دەسەلاتدارنی عیراقیەوە لەوەندە زیاتر پیشنەکەوێت و مالکیش ئەو بۆچوونەی نەکاتە رۆژەڤی گەل

و نەیکاتە بریاری حکومەتی عیراق،لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بۆچوونانە پرۆسەی سیاسی عیراقی دوای رووخانی رژێمی سەدام هەڵدەوەشێنێتەوە و عیراق دووچاری کێشەی ناوخۆیی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکان دەکات، هیوادارم دسەڵاتی کوردیش لە حکومەتی هەرێم و لە عیراقدا بە بەرپرسیاریەوە سیاسەت بکەن و کار بۆ دیموکاتیکردنی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ بکەن و کار بۆ ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و سیاسی نێوان پێکهاتەکانی عیراق بکەن.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تا ئێستا بنکەی سەربازی ئەمریکی لە ئەلمانیا ماونەتەوە، ئیتر چۆن ئەمریکا لە عیراق پاشەکشە دەکات بە بێ ئەوەی بنکەی سەربازی و پێگەی ئابوری و کلتوری خۆی جێگیربکات.

**چرکە: چۆن دەروانیتە ریکەوتنی سیاسی نیوان عیراق و ئەمریکا . پێت وایە ئەمە تاچەند لەبەر ژەوەندی کوردایە ؟**

د.فایەق گوڵپی : بۆڕوخاندنی رژێمی سەدام ئەمریکا قوربانی زۆری داوە،بێجگە لەزیانی سامان و سومعە لە ماوەی ٥ پێنج ساڵی رابوردوودا، ٤٠٠٠ چوار هەزار سەربازی زیاتر کوژراون، بۆیە زەحەمەتە ئەمریکا واز لە سەرپەرشتیکردنی سیاسەتی عیراق بێنێ، ئەمریکا لە ناخی خۆیدا دەڵێت من رژێمی بەعسم بۆ خۆم ڕووخاندووە و تا ئامانجەکانی خۆم جێبەجێنەکەم لە عیراق دەرناچم. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تا ئێستا بنکەی سەربازی ئەمریکی لە ئەلمانیا ماونەتەوە، ئیتر چۆن ئەمریکا لە عیراق پاشەکشە دەکات بە بێ ئەوەی بنکەی سەربازی و پێگەی ئابوری و کلتوری خۆی جێگیربکات. ئەم رێکەوتنە ئەمنی و ستراتیجیەی لە گەڵ دەوڵەتی عیراق ئەنجامی ئەدات بۆ ئەوەیە، کە ئەژمون و دەسەڵاتی خۆی لە عیراقدا گەرەنتی بکات و لە رێگەی عیراقیشەوە چاودێری رەوشی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکات و دژی دوژمنەکانی بوەستێتەوە و بەرنامەی خۆی لە عیراقەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین جێبەجێبکات. ئەو هێز و لایەنە سیاسیانەی دژی ستراتیج و کلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوری ئەمریکان، لەگەڵ ئەو رێکەوتنە نین،ئەو هێز و کۆمەڵگایانەش کە دژی ستراتیج و کلتوری سیاسی و کۆمەلایەتی ئەمریکا نین لەگەڵ رێکەوتنەکەن.زۆربەی کۆمەڵگای عەرەبی عیراقی و زۆربەی هێزە عیراقیەکان لەگەڵ ئەو رێکەوتنە نین، وڵاتانی ناوچەییش هەر دژی ئەو رێکەوتنەن، بەڵام گەلی کورد و زۆربەی هێزە کوردستانیەکان دژی کلتوری سیاسی و کۆمەلایەتی ئەمریکا نین، بۆیە دژی رێکەوتنی لەو جۆرەی نێوان ئەمریکا و عیراق نین، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە رابوردوودا بە دەستی رژێمە ناوەندیەکانی عیراقەوە زۆر چەوساوەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کورد حەز دەکات لە عیراقدا هێزێکی تر هەبێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئەو هێزە بیانیە(ئەمریکا) لە ئەگەری هەر هێرشێکی حکومەتی ناوەندی عیراق بیپارێزێت، بۆیە کوردەکان لەگەڵ رێکەوتنی ئەمریکا و عیراقدان،بەڵام ئەم بۆچوونەی کورد بۆ ئەوەی ئەمریکا ببێتە پارێزەری مسۆگەر نیە،لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لە پێش بەرژەوەندی کوردەوە دادەنێت ولە هەڵوێست نیشانداندا سەیری هاوسەنگی هێز دەکات.

لە سیاسەتی ئەمریکادا تا ئێستا بە شێوەیەکی سیاسی لە گەڵ دۆزی گەلی کوردا هەڵسووکەوت نەکراوە، وەك پێکهاتەیەکی دەوڵەتی عیراق و گەلانی عیراق ئەمریکا لەگەڵ کوردا جوولاوەتەوە، ئەبێت کورد ئەم سیاسەتەی ئەمریکا رەخنە بکات و پێی رازی نەبێت و سیاسەتی دبلۆماسی بەڕێوەببات بۆ ئەوەی ئەمریکا لە بەرامبەر دۆزی گەلی کوردا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا چاو بە سیاسەتی خۆیدا بگێڕێتەوە و لە ستراتیجی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سیاسی ناوچەکە سەیر بکات و خۆی لە داوی سیاسەتی شۆڤینستی و داگیرکارانەی تورکیا و ولاتانی تر بەرامبەر بە کورد و کوردستان رزگار بکات، ئەگەر وا نەبێت کورد لە رێکەوتنی نێوان عیراق و ئەمریکا سوودێکی وا نابینێت.

**چرکە: پێت وایە پەیوەندی ئیستای حکومەتی هەرێمە و تورکیا بەئاراستەیەکی ئیجابی هەنگاو دەنێت و لەبەرژەوەندی گەلی کوردایە ؟**

د.فایەق گوڵپی : کێشەی کورد لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کێشەیەکی زیندو ڕەوایە، کێشەی کورد لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستاندا گرێدراوی یەکترن و بە سەرکەوتنی دۆزەکە و نزیکبونەوەی کێشەی پارچەیەك لە چارەسەری، دۆزی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا سوودمەند دەبێت. بەڵام وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، وە بە تایبەت دەوڵەتی تورکیا، دەیەوێت ئەم هاوکێشە دیالیکتیکیەی نێوان کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا تێکبدات و کێشەی گەلی کورد بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە و کورد و کوردستان بە ژێردەستەیی تورکیا بمێننەوە. بە گوێرەی یاسا و رێسای سیاسەتی نێودەوڵەتی مادام دەوڵەتی تورکیا پێوەندی لەگەڵ حکومەتی عیراق هەیە، دەبوو بە هەمان شێوە و بە بێ مەرج دەوڵەتی تورکیا پێوەندیشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەبوایە، لەبەر ئەوەی دەستوری عیراق حکومەتی هەرێمی ناسیوە و پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنەوەی عیراقی نوێ هەرێمی کوردستانی بە رەسمی ناسیوە. بۆیە ئەو مەرجانەی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناسینی حکومەتی هەرێمی داناوە هەر هەموویان نارەوان و دژی دەستوری عیراق و پرۆسەی سیاسی عیراقی نوێ و دژی بنەماو یاسا و رێساکانی سیاسەتی نێودەوڵەتین. لە لایەکی ترەوە مادام هەرێمی کوردستان لە دەستوری عراقی نوێ و لە پرۆسەی سیاسیدا ناسێنراوە و ئەو دەوڵەتانەی پێوەندیان لەگەڵ عیراق هەیە پێوەندیشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە بێجگە لە تورکیا، هەرێمی کوردستان لە سەرپەیوەندی و هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا پەکی نەکەوتووە و پێویست ناکات حکومەتی هەرێم بە مەرجە ناڕەواکانی دەوڵەتی تورك رازی ببێت و پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیا لە سەر حساب و چارەنووسی نیوەی کوردستان و پارتی کریکارانی کوردستان تەواو ببێت.

ئەو مەرجانەی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناسینی حکومەتی هەرێمی داناوە هەر هەموویان نارەوان و دژی دەستوری عیراق و پرۆسەی سیاسی عیراقی نوێ و دژی بنەماو یاسا و رێساکانی سیاسەتی نێودەوڵەتین

چرکە

# یەکێتی لەنێوان خواردنی کوتلەو خۆرەی کوتلەکانیدا

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**

ململانێی ناو یەکێتی ڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندایە، جگە لەهەرسێ باڵی وەك گشتی کەتاڵەبانی سەرپەرشتی دەکات ، باڵی ڕیفۆرم کەلەدەوری نەوشیروان مستەفا کۆبونەتەوە ، باڵی کۆسرەت ، چەندین باڵی تر هەن ، کەدەکرێت بڵێن بەقەد ژمارەی ئەندامانی مەکتەب سیاسی باڵی جیاواز هەن، هەریەك لەئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکێتی گرنگی بەناوچەیەکی دیاری کراو دەدەن ، ئیمتیازات بۆ خەڵکی ناوچەکەی خۆیان بەدەست دەهێنن ،تەنانەت هەنوکە بەشێك لەئەندامانی سەرکردایەتیش سەرقاڵی دروست کردنی کوتلەی تایبەت بەخۆیانن و هەوڵ دەدەن کەسی جیا جیا لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە بەشێوەیەك دەتوانین بڵێن لەهەناوی یەکێتی نیشتمانیدا چەندین حزبی واقیعی سیاسی سەردەمدا بگونجێت، ئەمە گۆڕانکارەشیان ناو نا ڕیفۆرم ، ڕیفۆڕمەکان جەختیان لەسەرە ئەوە ئەکردەوە کەدەبێت ئەجینداو پرۆگرامی یەکێتی بۆناو خۆو دەروە بگۆڕدرێت ، مەبەستیشیان ئەوەبوو هەیمەنەی تاڵەبانی و بنەماڵەکەی کەم بکەنەوە ، بۆ ئەوەی یەکێتی لەتاکڕەویی بەدوربگیرێت ، یاخود ئەو گۆڕانکاریە دەبێتە بەهێزکردنەوەی یەکێتی لەبەرامبەر حزبەکاتی تردا بەتایبەت پارتی کەگەورەترین حزبی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕیفۆڕمەکان پێشنیاری کۆنگرەیان کرد.

## کۆنگرەو شکستی یەکێتی

بەشێك لەئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکێتی پیان وابوو بۆ ڕزگار بوون لەو قەیرانەی یەکێتی تیی کەوتووە پێویستی بەهەڵبژاردنی کۆسرەتیەکان لەهەولێر ، لەڕێگەی بەخشینی ئیمتیازاتی ماددیی و مەعنەویی بەتایبەت دابەش کردنی پۆستە گرنگەکانی حزبی وەك دەزگای زانیاری و پۆستە حکومیەکان بەسەر کادیرانی باڵی گشتیدا ، پەراوێز خستن و دورخستنەوەیی کادیرانی باڵەکانی تر بەشێوەیەك هیچ پۆستێکی حزبی و حکومی نادرێن بەکەسێك کەسەر بەکوتلەی گشتی نەبێت .

دوای تاڵەبانی کۆسەرت یان نەوشیروان دەبێت بەکەسی یەکەمی یەکێتی

گەورەترین پرسیاری بێ وەڵام ئەوەیە کە کێ دوای تاڵەبانی دەبێتە سکرتێری گشتی یەکێتی، هەریەك لەنەوشیروان، کۆسرەت ، هیرۆخان ، د.بەرهەم ....هتد خۆیان بۆ هەر ئەگەرێکی دوای تاڵەبانی ئامادە دەکەن ، بەڵام ئەوەی

## شەڕی ئازادی عێراق و دروست بوونی باڵی ڕیفۆڕم

بچوك بچوك هەن، کە بونەتە خۆرەی یەکێتی یە سەرەکیەکەو وایان لیکردوە لاواز ببێت لەبەرامبەر حزبە سیاسیەکانی تردا .

دیارە مێژووی باڵ باڵێن بەقەد مێژووی دروست بوونی یەکێتی بوونی هەیە بەڵام تاچەند ساڵێك لەمەوبەر بەشێکی زۆری یەکێتیەکان نکۆڵیان لەهەبونی کوتلەو کوتلەکاری ناو یەکێتی دەکرد، کەیەکێتی و مەکتەب سیاسیەکانی توشی قەیران کردوە .

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق ، بەشێك لەئەندامانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەت نەوشیروان پیان وابوو کەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام یەکێتی پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوخۆیی هەیە ، بۆ ئەوەی گرۆتینێك بەیەکێتی ببەخشریتەوە ، بەڵام دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەوەیان سەلماند کە هەڵبژاردن نەك نابێتە چارەسەری گرفتەکانی ناوخۆی یەکێتی بەڵکو سەرەتایەك بوو بۆ دروست کردنی درزی گەورەتر لەناوخۆی حزبدا ، وای کرد یەکێتی ببێتە خاوەن سێ سەرکردە ،سێ باڵی گەورە ،هەرکامێکیشیان خۆیان بەمیرات گری سەرەکی یەکێتی دەزانن ، ئەگەر چی باڵی گشتی ئاسۆیەکی روونتریان هەیە بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان، بەبەراورد بەباڵەکانی تر، توانیویانە هەیمەنەی خۆیان بەسەر یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی ڕابگرن ، لەهەوڵ دابن بۆ لاواز کردنی باڵی ڕیفۆرم لەسلیمانی و باڵی تیبینی دەکرێت چانسی کۆسرەت ڕەسوڵ لەهەموویان بەهێزترە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

-هەولێر کە ڕوحی کوردستانە ، لەهەموو مەڵبەندەکانی یەکێتی باڵی کۆسرەت دەسەڵاتیان هەیە ، نفوزی یەکێتی بریتی یە لەکۆسرەتی یەکان ، ئەگەرچی ئیستاکە باڵی گشتی لەهەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو باڵە لاواز بکەن ، بەڵام کەسێکی سەر بەباڵی کۆسرەت کە ئیستا لەگەڵ باڵی گشتی دا کار دەکات پێی ووتم ( تاکە سەردانێکی کۆسرەت بەسە بۆ ئەوەی هەموو هەولیریەکان لەکاریگەری دەوربەرو کوتلەکانی تر دابڕن ، بەشێوەیەك هەولیرەیەکان کۆسرەتین نەك یەکێتی )



-لەدواسەردانی تاڵەبانی کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئەنجامی دا کۆسرەت رەسوڵی وەك سکرتێری گشتی لەدوای خۆی دەست نیشان کرد، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بێت کە مام جەلال باش دەزانێت گەر کۆسرەت رەسوڵ دەسەلاتێکی کولی لەناو یەکێتی دا نەبێت ، جیا دەبێتەوەو حزبێکی سەربەخۆ ڕادەگەیێنێت.

-کۆسرەت و لایەنگرانی تائیستاکەش لەناو خۆی یەکێتیدا کار دەکەن و لەدەروەی یەکێتیدا نین .

بەلاّم نەوشیروان هەم لەبەر ئەوەی لەناو خۆی یەکێتیدا کەسێکی نەگونجاوە ، ناتوانێت لەگەڵ ئەندامانی تری مەکتەب سیاسیدا کار بکات ،هەمیشە گەر نەوشیروان لەناو مەکەتەب سیاسی دا بوویێت پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی لەبارودۆخێکی گرژیدابووە، تاڵەبانیش باش ئەو ڕاستی یە دەزانێت بۆ ئەمرۆی کوردستان جێ بەجێ کردنی ڕیکەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی

# کۆنگرە و شکستی یەکێتی




زۆر گرنگە .

لەشەڕی نێوان مەلا بەختیارو نەوشیروان کۆسرەت تەنها سەیرکەرە .


ئەو ئەگەرەی پێی وایە کوتلەکانی یەکێتی سیناریۆیەکی یەکێتی خۆیەتی ئەگەرێکی یەکجار لاوازە ، چونکەو ماوەی ڕابردوو کار گەیشتە ئەوەی کە لەنێوان مەلا بەختیار و نەوشیرواندا گرژیەکی زۆر ڕووبدات ، کار گەیشتە ئەوەی گەر مام جەلال فریا نەکەوتایە نزیك بوو شەڕێك سەرهەڵبدات ،بەلاّم مام جەلال ڕاستەوخۆ تەداخولی کرد و بارو دۆخەکەی هیور کردەوە.

چاودێرێکی سیاسی پێی ووتم ( لیدوانە گرژیەکانی مەلا بەختیار تەنها لیدوانی شەخسی خۆی نین ، ئەو نمونەی بەئەوە هینایەوە کە مەلا بەختیار وتەبیژی مەکتەب



سیاسی یەکێتی یە، لیدوانەکانی بەناڕاستەوخۆیی گوزارشت لەیەکێتی بەگشتی دەکەن .
لەوانەیە بارگرژی نێوان نەوشیروان و مەلا بەختیار لەوەوە سەریهەڵدابێت کە باڵی ڕیفۆرم خەریکە سلیمانی کۆنترۆڵ دەکەن، بەشێکی زۆر لەو ڕۆژنامە و کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی سنوری سلیمانی سۆزیکی زۆریان هەیە بۆ نەوشیروان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەباڵی ڕیفۆرم خەریکە خۆی تۆکمەدەکات لە ڕێگەی کۆمپانیای ووشەوە ، بەتایبەت دوای ئەءەی کە بەڕێوەبەری رادیۆی نەوا بۆتە بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی کۆمپانیایی ووشە .
بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کۆسرەتیەکان تەنها سەیرکەرن و چاودیری پێشهاتەکان

# دوای تاڵەبانی کۆسەرت یان نەوشیروان دەبێت بەکەسی یەکەمی یەکێتی



دەکەن،خەریکی پتەو کردنی پێگەی خۆیانن.
دەرکردنی ڕەگ زەنگی ئاگاداری یە بۆ باڵی ڕیفۆرم گەورەترین مەبەستی یەکێتی بەگشتی و مام جەلال بەتایبەتی لەدەرکردنی چوار کەس بەناوی گروپی ڕەگ ئەوە بوو کە ئەو دەکردنە ببێتە هۆشیار کردنەوەی نەوشیروان ، بەتایبەتیش کە لەناو ئەو چوار کەسەدا هەلۆئیبراهیم ئەحمد برای هیرۆخان هەیە ،یەکێتی بەو بڕیارە بەکۆتلەکانی دەڵێت ئاگادارین هەرکاتێك بمەوێت دەتوانم باڵەکانتان بشکێنم و لەسوچی سیاسیەتدا بەجێتان بهێڵم .

## دکتۆر بخاری ئەندام پەرلەمانی عێراقی

# ئێمە وەک کورد لە سەرەتادا بێ مەرج پشتیوانیمان لەو رێکەوتنامە کرد



**دکتۆر بخاری ئەندام پەرلەمانی عێراقی لە دیمانەیەکی بۆ گۆڤاری چرکە باس لە رێکەوتنامەکەی نیوان عیراق و ئەمریکاو کاریگەریەکانی بۆ سەر هەریمی کوردستان دەکات.**

*ئا : چرکە*

***سەبارەت بەڕێکەوتننامەی ئەمەریکاو عیراق و کاریگەریەکانی لەسەر کورد وتی:**

- ڕێکەوتننامەکە میسالی نی یە بەشێوەیەکی ئیدعائی ئامادە نەکراوە.بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوشێوە لەگەڵ وڵاتەکانی تری جیهان دوای جەنگی جیهانی دووەم کردوویەتی پێمان وایە ئەمە باشترین ڕێکەوتننامەیە کەلە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتدایە ,لەوانەیە ئەو جیاوازیەش لەوە هاتبێ لەگەڵ پێش کەوتنی تەکنەلۆژیا و عیلاقاتی دەولیەوە ئەو تەوەرەی بەخۆیەوە گرتبێ واتە ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتننامە. گومانی تێدا نی یە کەئەم ڕێکەوتننامە پێش ئەوەی لەبەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دابێ لەبەرژەوەندی تەواوی عیراق دایە ئێمە وەك کورد لەسەرەتادابێ مەرج پشتیوانیمان لەو ڕێکەوتننامە کرد ئەوە وەك کورد. من کەپشتیوانم لەو ڕێکەوتننامەیە کرد لەیەك مەسەلەی زۆر گرنگ وە تەماشام کرد ئەوەش ئەوەبوو کەبە ئەم ڕێکەوتننامە وایە هاوکار دەبێ وەك ئامرازێك دەبێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو سیستەمە سیاسیەی ئێمە تەسبیتمان

کردووە لەناو دەستوری هەمیشەی عیراق واتە سیستەمێکی دیموکراتی فیدرالی من لەو ڕوانگە زۆر بەگرنگی دەزانم مانەوەی ئەمریکەیەکان بەو شێوەیە لەعیراق کەئەمە هۆکارێکە بۆ دابین کردنی ئەو سیستەمە سیاسیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کەدوای ڕژێمی لەناوچووی عیراق هاتوونەتەکایەوە, لەعیراق واتە پرۆسەی بەدیموکراتی کردنی عیراق و سیستەمێکی نوێ لەعیراق کەئێمە وەك کورد داواکاری ئەو سیستەمەین و پشتیوانمان لەو سیستەمە کردووە و پێش ڕووخانی ڕژێمیش داوای ئەو جۆرە سیستەمەمان کردووە لەبەر ئەوەی گومانی تێدا نی یە ئەوە لە بەرژەوەندی خەڵکی کورد ستانیش دایە ،لەلایەکی تر هەڵبەتە سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆری عیراق تەجمید کرابوو لەبانقەکانی ئەوروپی وجیهانی وئەمریکی , ئەمریکا لێرە هاوکار دەبێ بۆ ئەوەی ئەو سەروەت وسامانە بگەڕێنێتەوە بۆ عیراق و یەکسەر نەچێ بۆ وسیاسی لەعیراقدا بەهێز دەکا ئەمە خۆی لەخۆیدا مەترسیە, پێشتر ئاماژەمان پێ کردووەو قسەمان لەسەر کردووە بەڵام ئەم مەترسیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی لەدەسەڵاتن خراپ بەکاری بهێنن لێرە مەترسیەکە تەواو دەبێ جابۆ ڕێگەگرتن لەو مەترسیە ئەوە بوو کە وەسیقەی ئیسلاحاتی سیاسی لەپەرلەمانی عیراقی ئیقرار کراو دەنگی بۆ درائەوە بۆ ئەوەیە ڕێگا بگرێ لەو دەسەڵاتدارانە کەدەسەڵاتەکەیان بەخراپ بەکارنەهێنن وە هەورەها بەبیرهێنانەوەی ئەمریکیەکان عیراقیەکان و هەموو لایەنەکانە کەئێمە پابەندین بەدەستووری عیراقی بەسیستەمی نوێی عیراقی هەروەها ناحیەی ئەخلاقی و ناحیەی یاسایی،دەبێ دەسەڵاتدارانی عیرا ق پابەند بن بەجێ بەجێ کردنی ئەو دەستوورە هەر بۆیەش ئەو بڕیارە بڕیارێکی گرنگە و زۆربەی زۆری پێکهاتەکانی عیراقی لەسەری ڕێککەوتوون ئەمە لەوانە ببێتەڕێگرێك لەبەردەم خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن هەندێك بەو مانایەی نی یە کەبەشێوەیەکی یاسایی دیکتاتۆرێکی تر بەرهەم بهێنێتەوە.

***سەبارەت بە کاریگەری ئەم ڕێکەوتنامە بۆ سەر ڤیدرالی هەرێمەکان پێی وابوو:**

- لەڕێکەوتننامەکە ڕێز لەدەستوری عیراقی دەگیرێت, دەستوری عیراقیش واتە سیستەمی سیاسی دیموکراتی فیدرالی و ئەو مافە گشتیانەو سەربەستی تاکەکان هەموو ئەو پرینسیپانەی کەلەناو دەستوری عیراقی دا هەن دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ. بەپێچەوانەوە من پێم وایە ئەم ڕێکەوتننامەدەبێتە هۆی جێ بەجێ کردنی دەستوورەکە یان بەخراپ بەکارنەهێنانی دەسەڵاتەو پاڵپشتێەکە بۆ جێ بەجێ کردنی دەستووری عیراقی.

***لەبارەی بەندێکی ڕێکەوتنامەکەکە دەڵێ حکومەت بۆی هەیەلەگەڵ ملشیا چەکدارەکان شەر بکات وتی:**

# ڕێکەوتنامەی نیوان عێراق و ئەمریکا هیچ کاریگەریەکی لە سەر مادەی ١٤٠ نابێت

قەرەبووی شەڕەکانی سەدام لەکوێت ئەمەش هەر بەرژەوەندیەکی ئابووری یەکجار گرنگە بۆ عیراقیەکان سێ یەم شت ئەو ڕێکەوتننامە دەبێتە ئامرازو هۆکارێکی باش بۆ دەرچوونی عیراق لەژێر بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان کەبەندێکە کوت وبەندی عیراقیەکانی کردبوو بەتەواوەتی، ئەمە لێی دەرباز دەبێ واتا سەروەری تەواو بۆ عیراقیەکان دەگەڕێتەوە بەڵام هەندێك مەترسیش هەن وەنەبێ بێ مەترسی بێ.

*** دکتۆر بخاری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەمەترسیەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیەکردو وتی:**

- بەبۆچوونی من هەر ماددەی 23 نی یە خودی پەیمان نامەکە ئەگەر بێت و بەو شێوەی کەهەیە ئەوازیاتر دەسەڵاتی مالکی لەڕووی عەسکەری کەس کەمەبەستیان بێت لەوانە بەکارهێنانی لەشکری عیراقی و هێزە چەکدارەکانی عیراقی بۆ مەرامی سیاسی یەکجار گەورەیە ئەمە پێم وایە ئالیەتێکی ئەوتۆ دۆزراوەتەوە لەو وەسیقە ئیسلاحە سیاسیەی کەناومان نا ئالیەتێکی یەکجار چاکە و زۆربەی زۆری کوتلە بیانیەکانی ناو پەرلەمانی عیراقی لەسەری کوك بوون و دەنگیان بۆدا کە بەزۆرینەی دەنگ بوو ئەوانە لەوانەیە ببنە ڕێگربۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کەهەیانە بەخراپ بەکاری بهێنن ئەمە ببێتە کۆسپ بەرامبەریان گومانی تێدا نی یە و هیوادارم کەهەر وابێ .ئەم مەترسیەش تەنها بۆ عیراق نی یە و بۆ تەواوی خەڵکی کوردستانە چونکە تۆئەم هەموو خوێن و پارەو عارەقە و مەعاساتەت ڕشت بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆری

- پێش هەموو شتێك ئێمە لە کوردستان ملیشیامان نی یە ئەوەی هەیە لەشکرێکە, ڕێك و پێکە لەشکرێکە نزامیە و لەلایەن دەستووری عیراقی دانی پیانراوە و مەسەلەیەکی ئاشکرایە. ئێمەش دژی ملیشیا بوونی ملیشیاین, یەکێك لەبەندەکانی ئیسلاحی سیاسی ئەوەیە کە نابێ ملیشیا دروست بکرێ بەڵکو ئەوانەی کە هاریکاری حکومەتی عیراقیش بوون پێویستە ئێستا بەزوترین کات ڕێکیان بخەنەوە لەناو لەشکرو لەناو هێزە ناوخۆیەکانی عیراق .ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش کوردستان جاڕی سەربەخۆیی نەداوە و بڕوامان بەوە هەیە دەتوانین لەناو عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵ تەواوی مافەکانی خۆمان پیادە بکەین و بەدەست بهێنین جالەبەر ئەوە ئەو مەترسیەی لەقۆناغی ئێستامان ئەوە دروشمی سەرەکی

هەموو كوردستانیەكان و قیادەی سەركردایەتی سیاسی كوردستان وپەرلەمانی كوردستان ئەگەر چی مەسەلەی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ ئەمە مافێكی سروشتی خەڵكی كوردستانە و قەت دەست بەرداری ئەو مافە نابین, بەڵام ئێمە پێمان وایە لەو قۆناغە مەسەلەی فیدرالیزم بوونی هەرێمێكی فیدرالی یان چەند هەرێمێكی فیدرالی ئەمە مەتلەبی ئێمەیەو دەتوانی ئەو داوایانەی ئێمە لەقۆناغی ئێستا بەتەواوەتی بێنێتە دی . دوا رۆژیش گەلی كوردستان سەربەستە چۆن بڕیار دەدات بۆ مانەوەی یان نەمانەوەی لەعیراقدا ئەمەش پابەندە بەجێ بەجێ كردنی دەستووری عیراقیەوە.

***لە مەر كاریگەریەكانی ئەم ڕێكەوتننامەلە سەر هەڵوێستی توركیا وتی:**

ـ ئەوە زیاتر ڕێگرە لەبەردەم ئەو دەست درێژیانەی توركیا دەیكاتە سەر هەرێمی كوردستان ناوبەناو بەناوی بوونی هێزەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان . بەڵام ئەمە تەنیا بیانوویەو پاڵپشتە بەو ڕێكەوتننامەی كەكاتی خۆی لەگەڵ ڕژێمی بەعس و ڕژێمەێك لەدوای یەكەكانی حكومەتی عیراقی دژ بەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردستان مۆریان كردبوو. بەس پێم وایە ئەم ڕێكەوتننامە ئەبێتە ڕێگرێك لەبەردەم لەشكری توركیا دەبێ موافەقەی عیراقی وەربگرێ بۆ هاتنە ناو هەرێمی كورستان یان هەر پارچەیەكی تری عیراق .

***سەبارەت بە هەلوێستی حكومەتی عیراق بەرامبەر پەكەكە وتی:**

ـ حكومەتی عیراق پێی وایە كە پارتی كرێكارانی كوردستان دەبێ خاكی عیراق بەجێ بهێڵێت و نابێ خاكی عیراق بە كاربهێنێ دژی هەر دەوڵەتێكی دەوروبەر ئەمە مەسەلەیەكی مەبدەعی ودەستوری یە ئێمە پێمان وایە كێشەی پەكەكە لەڕێگای عەسكەری چارە سەر نابێ بەڵكو لەڕێگای سیاسی و هەروەها كێشەیەكی ناوخۆیی توركیاو پەیوەندی بەكوردستانی عیراق و عیراقەوە نی یە . بەڵام بە ناحەقانەو ناڕەوایانە شتەكە دەخەنە پاڵ هەرێمی كوردستان. جا لێرە دا زۆر گرنگە لیژنەیەكی چوار قۆڵی لەكوردستان و عیراق و ئەمریكا و توركیا پێك بێ بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە . ئەو زەرەرو زیانەی كەئێمە وەك حكومەتی هەرێمی



كوردستان لەپارتی كرێكارانی كوردستانمان بینیوە نەتوركیائەمەی بینیوە نەحكومەتی عیراق. وە پێمان وایە ئەمە بەشەڕ چارە ناكرێ وبە ئاشتی چارەسەردەكرێ. وە ئەو تەجروبەی 25ساڵی دواتریش بۆ توركیا و ناوچەكەو جیهانیش ڕوون بۆتەوە كەكێشەی نەتەوایەتی لە ڕێگای زەبرو زەنگ چارەسەرناكرێت, بەڵكو كێشەكە قوڵ تر دەكات و زەرەرو زیانی بۆ هەردوولا دەبێ هەر بۆیە ئێمە جەخت دەكەینەوە كەدەبێ ئەم كێشەیە لە ڕێگەی ئاشتیانە چارەسەر بكرێ ئەمە پێش هەموو كەسی لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستانی عیراقدایە.

***سەبارەت بە كاریگەریەكانی ئەم ڕێكەوتنامە لە سەر مادەی 140 وتی:**

ـ ئەو ڕێكەوتننامە هیچ پەیوەندی بەبارودۆخی ناوخۆی عیراق و دەستوری عیراق نابێ.چونكە دەڵێ ڕێز لەدەستووری عیراقی دەگرێ مادام ڕێز دەگرێ و ماددەی 140یش مادەیەكی سەرەكیە لەدەستوری عیراقی و حكومەتی عیراقی مولزەمە بەجێ بەجێ كردنی بۆیە هیچ كاریگەریەكی نابێ. لەڕووی قانوونی وشكلی, بەڵام لەڕووی فعلی بۆنموونە ئەگەر بەرژەوەندی وڵاتانی دەوروبەر بەرژەوەندی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا زیاتر بەرەو عیراق بچن عیراق بەرەو ڕوحێكی شوڤێنی بچێ ئەو كاتە بەڕاستی هەموو پرەنسیپەكانی دەستوور و تەنانەت ئەو یاسایانەی كەلەپەرلەمانی عیراق بەشێوەیەكی دیموكراتی دەرچوون هەموو ژێرپێ دەكرێن ئەمە لەڕوانگەی سیاسی .بەڵام بەگوێرەی ئەم ڕێكەوتننامە كەجەخت دەكا لەسەر ڕێزگرتن لەدەستووری عیراقی وئەمریكاكیەكان چەند جار ئەم مەسەلەیان دووبارە كردووتەوە لەبەرئەوە ئەم ڕێكەوتننامە بەهیچ شێوەیەك كاریگەری لەسەر دەستووری عیراق وئەو ناوچانەی كێشەیان لەسەرە وماددەی 140 بەتایبەت نابێت. بەڵام دیسان لەسیاسەت بەداخەوە زۆر جار لەوڵاتانی وەك ئێمە كەناسەقامگیری لێ یە هەندێك جار سیاسەت دەچێتە سەرووی قانوونەوە ئەمەش جێگای مەترسیە.بەڵام ئێستا هێزو توانایەكی یەكجار زۆر لەعیراقدا هەیە كەبەرگری لەدەستوورو سەروەری یاسا دەكات .ئێمە پشتمان بەئەوان بەهێزەو پاڵپشتی ئەوانین

و ئەوانیش پاڵپشتی ئێمەن چونکە ئەو وەسیقە پاڵپشتە سیاسییە کە دەرکرا هەمووی لەئەنجامی ئەو ترسەبوو کەلەلایەن زۆر لایەنی عەرەبی شیعە وعەرەبی سونە و کوردیشدا هەبوو بەتەنیا لای کوردنەبوو و بەڵکو لای زۆربەی زۆری خەڵکی عیراقی هەبوو چونکە ئێمە بینیمان لەماوەی ئەو ساڵەی ڕابردوو هەندێك لایەن دیانەویست دەسەلات بەخراپ بەکاربهێنن بۆ مارامی سیاسی خۆیان کەئەمەش دژی دەستوور بوو.

***دکتۆر بخاری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە بۆچونی شەقامی کوردیکرد کە پێیان وایە ئەم ڕێکەوتنامە زەرەری بۆ کورد هەیەو وتی:**


- ئەوە لەسەر ئەساسی نەزەریەی چەندی ئەمریکا لەناوەند لەعەرەب نزیك بێت کورد پەراوێز دەکرێت. بەڵام ئەمە نەزەریە کەڕاستە بەمەنتقی وا دەبینرێت چونکە ئەگەربێت وبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند تادێ بەرەو بەهێزبوون و باشتر بچێ ئەوا کوردستان پەراوێز دەکرێ, جالەبەرئەوە یە دەڵێن ئەگەر ئیتفاقیەکە نەبا ڕۆڵی کورد زیاد دەبوو لەعیراقدا یان لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا .بەڵام ئەمە لەڕوانگەی نەزەری وادەبینرێ لە ڕوانگەی فعلی ئێمە لەعیراقیشدا خاوەن دەسەڵاتین ئەوە تائێمە سەرۆك کۆمارمان کوردە جێگری سەرۆك وەزیرانت کوردە بۆنموونە بەدەیان پۆستی گەورە لە وەزارەتەکان ولەبریکارەکاری وەزارەتەکان کوردن لەناو لەشکری عیراقیش ...هتد. خەڵك باواتێ نەگا ئێمە خۆمان لەکوردستانا حسرکردوەو هیچ پەیوەندیمان بەسیاسەتی عیراقی نی یە , نەخێرئێمە کاریگەری ئێجگار زۆرمان لەناوەندا ولەناودام و دەزگاکانی عیراقدا هەیەو بڕیاری سیاسی تاڕادەیەکی زۆر ئێمە دەتوانین دروستی بکەین و کاریگەریمان لەسەر دروست کردنی هەبێ بالەو ڕوانگە سەیری مەسەلەکەبکەین نەك خۆمان گۆشە گیر بکەین بەو مەرجەی ئەمریکاو دونیا بەرەو عیراق دەچێ و ئێمە گۆشەگیر دەبینێ , نەخێرئێمە هەنگاوی زۆرمان لە ڕووی دیموکراسی و دامەزراندنی دام و دەزگای دیموکراسی لە عێراقدا ناوە لە ڕووی ئیستعمارات تاکو ئێستا ئێمە باشترین لە ڕووی ژێر خانەوە. عەقلیەتی کورد زیاتر کراوەیەو ئامادەیە، بەرەو پێش چوون و قبوڵ کردنی جیهانی دیموکراسی و جیهانی نوێ ئەوانە هەموو ئەبنە هۆکار کەجیهانی دیموکراسی لەوانەش ئەمریکا بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ئێمە تووشی لێك جیابوونەوە نەبێت بەڵکو جووت بێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئێمە .ئەمە ئەو مەترسیانە دەرِوێنێتەوە لەسەر ئەو مەنتقە تەسکە.ئەگەر ئیتفاقیە کراوە ئەوە لەگەڵ عەرەب کراوە نەك کورد ئەوە لەگەڵ عیراقیەکان کراوە کەئێمە بەشێکین لەعیراق .ئەوەش دەبێ ئیشی بۆ بکرێ دەبێ ئەوەش باش بزانین کەخەباتی دیبلۆماسی خەباتی ئابووریمان دام ودەزگایمان بەدیموکراتی کردنی زیاتر لەکوردستان ئەمانە هەموو دەبێتە هۆی ئەوەی کەپێگەی کوردستان تادێ نەك هەر لەعیراق بەڵکو لەناوچەکانی تریش بەرەو بەهێزبوون بچێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش یان دنیای دیموکراسی دەست بەرداری ئەو پێش کەوتنە بێ کەلە کوردستان هەیە ئەو تەتولعاتەی کەخەڵکی کوردستان بەرامبەر دوا ڕۆژ هەیەتی کە ڕۆڵی گرنگیان هەیەی لەدروست کردنی سیستەمی نوێ سیاسی عیراق وەتا ئێستاش ئەوەمان لەبیر نەچێ وەك کۆمەڵگایەکی عەشایری عیراقی حەقیقەت مەرکەزی قەرار تەنیا لای حکومەت نی یە مەرجەعیەت و شوێنی تریش مەراکیزی قەراریان هەیە ئەمانە هەموو مەترسین لەسەر دیموکراسی پەرلەمان کەدەبێتە سەرچاوەی سەرکردایەتی سیاسی و سەرچاوەی بڕیاری سیاسیەکان لەکوردستان ئەمانە بەبۆچوونی من هەموو کۆمەڵێك شتن ئەو مەترسیانە دەرەوێنە وە کەخەڵك بەخەیاڵی دادێ واتە ئەمریکا کوردی بەکارهێنابێ بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی لەبەغدا ئیتر دوای گەیشتن بەو مەرامانە کورد لەبیردەکا ,ئەمە مەنتقێکی تاڕادەیەك سەتحیە وبەقوڵی نی یە بەڵکو ڕۆڵی کورد تا دێ بەهێزتر دەبێ لەعیراق نەك لەعیراق لەناوچەکەش ئەمەش دنیای دەرەوە حیسابی بۆ دەکا جالەبەر ئەوە ئەو مەترسیانە لەجێگای خۆیدانێن.

**ئەم ڕێکەوتنامە دەبێتە ئامرازێکی باش بۆ دەرچوونی عیراق لە ژێر بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان**

# بەکارهێنانی چەک ، هەوادارانی زۆربوون

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

راستە بەکارهێنان و کڕین و فرۆشی چەک لەپەیوەندی بەئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاوە نییە و بۆ وێنە ئەمریکا کە ترۆپکی پەرەسەندن و پێشکەوتن و دیمۆکراسییەتە، کەچی وەکو ئامارەکان پێمان دەڵێن لەهەر حەوت خولەک جارێکدا مرۆڤێکی ئەمریکی دەکوژرێت ، یان بەدەمانچە یان بەچەقۆ ..!
بەڵام وڵاتەکەی ئێمە ناوازەیەو بێنموونەیە لە ئەزموونی بەکارهێنانی چەکدا و پڕە لە چیرۆک قەڵاچۆکردن وبنەبڕکردنمان بەکارهاتوون .. بۆیە مێژوویەکی درێژمان لەگەڵ مەترسی فەنابوون و خەتەرناکی مەرگدا هەبووە ، چونکە ئاسوودە و دڵ راشکاو نەبووین بەرامبەر بە ژیانمان .. چونکە چرکەکانی ئاسایش و حەوانەوە و هێمنیمان هێندە کەمبوون ، متمانەو گەرەنتیمان بەدەوروبەرو بە فاکتەرەکانی مانەوەمان بە زیندوویی کزو کزتربووە ..لەبەرئەوەی کە دوژمنەکانمان هەمیشە چەکیان بەدەستەوە حوکمڕانی لەژێردا بوو،کە بەیەکسانی هەرماڵە وهەرتاکێکی ئەم وڵاتە چەکێک یان زیاتری بەربکەوێت .. خولیاو ئارەزوویەکی ئەوتۆی لای تاکی عێراقی دروستکرد کە هێدی هێدی حەز لە چەک بکەن . حەز لەخۆگیڤردنەوە و خۆبەزلزان و بە پیاوێکی بەهێز لەهەست و دەروونیاندا موتوربە بکات..حەزکردن لە کوشتنی مرۆڤ زیادتر بێت و تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگ خەسڵەتی یەکەمینی مرۆڤ وتاکی ئەم



و دیرۆکی خوێناوی و کوشت و کوشتار و سەربڕین و لەتوپەتکردن و قڕکردنی مرۆڤەکانی ، ئێمەیەک کە تەنها لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد بووین ، بەرامبەرە دڕندەکەمان بە کاڵی و بە برژاوی پارچە پارچە و هەلاهەلای کردووین ، گشت کەرەستەکانی زەبروزەنگ و توندوتیژی بۆ بووە ، لەپەرچەکرداردا ئێمەش بەناچاری پەنامان بۆ چەک بردۆتەوەو بەرەنگاری ئاگرو باروودی بێبەزەیی نەیارەکانمان،چەکی لێکردووینەتە هاوەڵ و یاوەر! بیریشمان نەچێت کە دیکتاتۆرەکەی بەغدا ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ئەو ستراتیژییەتە کارەیدەکردو کورسی کۆمەڵگایەمان بێت .. ویستی کەلتوورێک بکاتە مۆدێل کە خەڵکی بیریان بەتیژی و بە فراوانی لای چەک بێت ، تەنانەت یاری منداڵەکانیشمان هەر دەمانچە و تفەنگ و تانک و سەیارەی پۆلیس بوو لەبازاڕەکاندا دەفرۆشران .. ئێمەش دەمانچەمان دەدایە دەست کوڕەکانمان

و بووکە شووشەمان بۆ کچە قشتیلەکەمان دەکڕی .. کەلەئاییندەدا کوڕەکان ((بەزەبری پەروەردەی خێزانی چەواشەمان بەدەمانچە و چەقۆی راستەقینە خوشک و دایک و خێزانی خۆیان دەکوشت !)) ..کە لەراستیدا هەتاکو ئێستاش بازرگانەکانمان کەدەچنە دەرەوەی وڵات ، دەمانچە و چەقۆ و چەکیان بۆ کوڕو منداڵ و گەنجی ئەم وڵاتە هەناسە ساردە بیرناچێت و بگرە لە جەژن و موناسەبەکانیشدا دەمانچەی ساچمە و مووروو یاخود دەمانچە و فیشەکە شێتە دێنن و بەلێشاو دەیانفرۆشن و بەڵێشاویش منداڵان بریندار دەبن و کوێردەبن و رەنگە بشمرن و کەچی گەورەکان ناتوانن ئەو خواست و ئارەزووە لەمنداڵەکانیاندا بمرێنن ! پۆلیس و هێزی ناوخۆش ئەو دیاردە ترسناکەی لێ قەڵاچۆ ناکرێت و ناتوانن غەرامە و سزا لەسەر بازرگان و دوکاندارو فرۆشیاری ئەو چەکە مەترسیدارانە زیاد و زیاتر بکەن ..!

ئەم حەزو ئارەزووە لای منداڵی کورد گەورە بووە و بەکاریگەری لاسایبیکردنەوەو چاولێکەری لەنێو گەنجەکانیشماندا بەرێژەیەکی بەربڵاو زیادیکردووەو ڕوو لەتەشەنە سەندنە .. رێژەیەکی زۆر لەگەنج و گەورەکان کە بەداخەوە ئاستی رۆشنبیری و خوێندن و بڕوانامەیان زۆر بەرز نین و رەنگە زۆربەش لە چینی مامناوەند و زەنگینیش بن،هەڵگری چەقۆودەمانچەن و رۆژانە لەم کوردستانەدا ، لێرەولەوێ کارەساتی دڵتەزێن روودەدەن ..مەڵبەندو ناوەندەکانی پۆلیس، هەروەها لوورەی سەیارەی پۆلیس و ئیسعاف، یان بەرنامەی zoom in شاهید و گەواهی ئەوە دەدەن کە خەڵکانێکی زۆر هەن شەڕدەکەن و هەندێکیان کەسوخزمی نزیکی یەکتریشن و لەسەر شتی زۆر سادە و بێمانا،یا لەبەر قسەیەکی رەق و جنێوێک پەلاماری یەکتری دەدەن و چەقۆ یان دەمانچەی تیادا بەکاردێت و چەند کەسێک لەو شوێن و کاتەدا دەبنە کۆچی قوربانی !

گومانی تێدا نییە دیارە ئەم دیاردەیە لەدوای پرۆسەی رزگارکردنی وڵات لەدیکتاتۆرییەت و هەڵڕژانی دەفتەرە دۆلاروگەشەسەندنی باری ئابووری و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی و دیاردەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و کوشتنی بەلیشاوی مرۆڤ وزیادبوونی چەک و فرۆشتنی بە شێوەیەکی راستەوخۆو ئاشکرا لەبازاڕەکاندا بەرەو زیادبوون هەڵکشاوەو زەمینەسازی بۆ خۆشکراوە کە هەر گەنجێک رقی لەبرادەرەکەی خۆی هەڵگرت،لەسەر پارە یان ئافرەت یان بازرگانی یان قومار یان خواردنەوە،دەچێت دەمانچەیەکی ستیلی هەرزان و حازربەدەست، یان چەقۆو کێردێک لەوەی رامبۆ کە (موو) قاش دەکات بە ئاسانی و لەبازاڕەکانی کوردستاندا بکرێت و ئەو نەیارەی بکوژێ و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت و رەنگە لەماڵێ بەرپرسێک یان مەسئولێک ببێتە پاسەوان یان چایچی و ئاشپەز و دادگاو یاساش هەر سیر بخۆن و زووڕنا لێبدەن ..!!

دیارە دەرکەوتنی هەر دیاردەیەک و بەرێژە و بەئاستێکی بەرز: هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە،ئەم دیاردەیەش وەکو وتمان لە کۆمەڵگاکەماندا بوون و بەرکەماڵبوونی زەبروزەنگ و توندوتیژی یەکەمین هۆکارێکە بۆ پەنابردنە بەر کەرەستەی یەکتر قبوڵنەکردن و یەکتر سڕینەوە و فەوتاندن،نەبوونی زەمینەیەکی مەدەنی و شارستانی بۆ دیالۆگ و ئاخاوتن لەنێوان توێژ و چینەکاندا هۆکارە بۆ بەکارهێنانی چەک،مێژوویەکی درێژی حوکمی سەربازی و هەڵایسانی جەنگ و بە ئاساییکردنی بەکارهێنان و هەڵگرتنی چەک رەگی ئەم دیاردەیەی بەتوندی داکوتیوەو هێشتاکە حکومەتی کوردستان ڵلانی نییەو یاساو بڕیارەکانی توندو ڵتەو و سەرەور نین بۆ قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک و ناتوانێ خەڵکی مەدەنی کۆنترۆڵ بکات کە هەڵگری چەکی بێ مۆڵەتن و بێ ئیجازەن..ناتوانێت کوڕی بەرلرسێک سزا بدات و لەزینداندا توندی بکات کە چەک و مۆڵەتی شۆفێری یاساغیان هەیە و سەیارە جام ڕەشە مۆدێل بەرزەکەشیان لەولاوە بوەستێ.. ئیدی چۆن هەزاران دیاردەی کوشندە و خەتەرناک روو لەم زێدونیشتمانە هەتیوە ناکات ...!





مەلا عبدالله زەنگڵی

# پێدەچێت ئەندامەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان هەموویان خاوەن میردبن لەبێ پێویستی خۆیان سەیری بارودۆخەکەیان کردوە

**مەلا عبدالله زەنگڵی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و بەرپرسی لقی رانیەی یەکێتی زانایانە ، ئەو یەکێکە لەو کەسایەتی یە ناودارانەی زۆر بەڕاشکاوانە قسە دەکات و ڕەخنە دەگرێت ، ئەو لەگەڵ ئەوەی خاوەنی سێ ژنە و وەک خۆی زۆرجار دەڵێت من بەشی خۆمم بردوە ، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەپێویستە رێز لە هەموو ژنان بگیرێت و مافیان پێبدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەنی یە کە ژنان لەبارتەقای خۆیان زیاتر گەورە بکرین ، لەم دیمانەیەدا ناوبراو جەخت لەسەر بڕیاری فرەژنی دەکات وهەلوێستی یەکێتی زانایان لەم باریەیەوە دەخاتە ڕوو.**

***ئا : چرکە***



ئەو لەبارەی پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لەپارلەمانی کوردستان دەڵێت «پێش هەموو شتێك ئەبێ بزانیین ئێمە دروستکراوی خوای گەورەین ، خوای گەروەش باشتر لەهەموو کەس دەزانێ دروستکراوی خۆی چۆن دروست کردوە ، چ هێزو توانایەکی پێ بەخشیوە ، هەرخواش دەزانێ کەتواناى پیاو چەندە و تونای ژنیش چەندە.

ئەم جیاوازیە ڕوونەو لەفەرموودەکانی خوای گەورە ئاماژەی بۆ کراوە ،بەلای منەوە کە ئەمرۆ دەبینێت بەگوێرەی ئامارەکان لەعێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ڕێژەی ژن زۆر زۆر زیاترە لەپیاو ، باشترین ریگا چارە بۆ نەهێشتنی کێشەی ڕێژەی ژنانی بێ مێرد بڕیاردانە بۆ فرەژنی ، بۆ ئەوەی هەقێك کە خواپێی بەخشیوون ئەویش کە ( مومارەسەی جنسي و دایکایەتی یە ) بەگوێرەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بێ بەش نەبن لێی، ئەمەش تەنها بەریاردانی فرەژنی دەکرێت ، چونکە ڕێژەی ژن زۆر زیاترە لەپیاو .

سەبارەت بەو ئاڵۆزیەی کە دوای پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لەلایەن ریکخراوەکان پەیڕووی لیکراو ناوبارو دەڵێت «بەلای منەوە کێشەی نێوان پەرلەمان و کۆمەڵگا بەمە چارەسەر کرا نەك ئاڵۆزی پەیدا کردبێ کەئەویش پەسەندکردنی فرەژنی بوو لەپەرلەمان،بەلای منەوە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو ئەندام

پەرلەمانانەی کەدەنگیان بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی دا دورن لەو واقیعەی کەکۆمەڵگای کوردیی تێدایە ، پێدەچێت ڕێکخراوەکانی ژنان هەموو یان خاوەن میردبن لەبێ پێویستی خۆیان سەیری بارودۆخەکەیان کردوە ، ناڵەی گەورە کچان و بیزاری ژنانی میرد ئەنفال و زۆرینەی مێینەی ناو کۆمەڵگایان لەبیر نەبووە ، هەر ئەوانیش کەئەم چارەسەرە قەدەغەبکرێ ، کورد گوتەنی ( تیر ئاگای لەبرسی نی یە ) بائەوەشمان بیر نەچێت لەجەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا بڕیاری دووژنیدا چونکە ڕێژەی ژن زیادی کردبوو ، ئیستاش لەویلایەتێکی ئەمریکا فرەژنی پەیڕەو دەکرێ ، بائەوەشمان بیر نەچێت کە ئاینی پیرۆزی میرات بگرێ کەلەدیندا هەر پیاوێك بەقەد دوو ژن میرات دەگرێ ، لەلایەکی تریش پەرلەمان دەیویست دایك بکات بەوەلی ئەمر کە باوك نەما ، بەڵام لەهەمان کاتدا باپیر بڕیاری لێدراوە کەوەلی ئەمر بێت ، هەموو ئەمانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی یەکێتی زانیان ناڕەزای بن ، چونکە ئەگەر لەمە بێدەنگ بووباین ، شتی تریشی بەدوادا دەهات ، زۆر بەئاسانی دەتوانرا بڵێن یاسای دەست کردمان دەوێ ، پشت بەهیچ یاسایەکی تر نابەستین ، ئەمەش مەترسیەیەکی گەورەیە بۆ بڕواداران ، کەغەزەبی خوای لێدەکەوێتەوە و دەگوترێت کورد هەڵگەڕاوەتەوە لەدین ئێمەی کورد هیچمان نەکربوو ، هیچمان لەو ئیسلام هەڵویستی خەڵکی مسوڵمان بەو شێوەیە دەبێت سەرەتایەك نوێژی هەینی ناکرێت ، دواتر هەمموو خەڵك دەڕژێنە سەر سەقام و جادەکان بۆ نەهێشتنی ئەو یاسا پێشێلکاریەی کەدژی دینی پیرۆزی ئیسلام و یاساو بنەماکانیەتی ، ئەو کات خراپ دەشکایەوە بۆ پەرلەمان و بۆچونەکانیان ، بۆیە سەرۆکی حکومەت هەڵویستی باش نواند بۆ کپ کردنەوەی خەڵك و نەهێشتنی ئەو هەموو ناڕەزایەتیەی کەچاوەڕوان دەکرا لەلایەك و لەلایەکی تریش ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی لێدەکەوتەوە کە هەندێ کەس وەك مەسەلەیەکی سیاسی باسی لێوە دەکەن ، بۆیە ئەم هەڵویستەی سەرۆکی حکومەت بەهەڵوێستێکی دینی

# ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کەدەنگیان بۆ قەدەغەکردنی فرەژنی دا دورن لەو واقیعەی کەکۆمەڵگای کوردیی تێدایە

ئیسلام بەووتەی خوار گەورە فەرژنی کەم کردۆتەوە بۆ چوار ژن ئەویش مەرجی بۆ داناوە، بەڵام پێش ئیسلام سنوردار نەبوو مرۆڤ ئازاد بوو هەرچەندێکی هێنابایە ) مەلا عبداللە زەنگڵی لەسەر نارەزایی یەکێتی زانیان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت «یەکێتی زانانیان لەدەست کاری کردنی شەریعەتی ئیسلام و بڕیارەکانی خواو پێغەمبەری خوا ناڕازی یە ئەویش لابردنی ووشەی (نشوز)ە لەقورئاندا دەربارەی ژنان، هەروەها بڕیاردانیان لەسەر ئەوەی کەژنیش بەشاهید وەردەگیرێت وەك پیاو لەهەمان کاتدا لەشەریعەتی ئیسلامدا دوو ژن بەشاهیدێك دەچن ، دەربارەی میرات کەدەیانویست بڕیاربدەن ژنیش وەك پیاو جۆرە نەوتبوو ئەنفال دەکراین و فتوای جۆراو جۆرمان لەسەر دەدرا، لەبەر ئەوە نامانەوێت هیچ یاسایەك بەدەربێت لەیاسایی خواو پێغەمبەری و شەریعەتی ئیسلام ، وەڕازیش نابین هەر پێشیلکاریەك بکرێ دەربارەی قورئان و حەدیث.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی زانیان بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبریارێکی واقیعی دەزانێت و دەڵێت « دیارە سەرۆکی حکومەتیش لەناو ئەو کۆمەڵگاو واقیعەدا دەژی ، لەلایەکی تریش ناڕەزایەتی خەڵکێکی زۆری پێگەیشتوە لەوانەیە پێی وترابێت ئەگەر بەم شێوەیە یاسای کوردستان پێشیلکاربێ بەرامبەر بەبنەماکانی هەژمار کرا ئەبێ ڕێز لەبنەماکانی ئیسلام بگیرێ و نابێ هیچ یاسایەك دەربکرێ کە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام و شەریعەتی خوا بێت ، ئەمەش کاریکی باشبو لەئەمڕۆدا کەنەیهێشت بوار بۆ دوژمنان بڕەخسێت بۆ ئەوەی دژایەتیمان بکەن

پێمان وایە ئەگەر بەم شێوەیە نەکرابا دەرگاکان وڵادەبوون ، بۆ ئەو کەسانەی کەچاویان بەکوردو بەرژەوەندیەکانیان هەڵنایێن ، خواخوای شتێکن لەسەر کورد بیدۆزنەوە ، بەڵام شوکر بۆ خوا بەهۆی ووشیاری یەکێتی زانایان و بەخەمەوە بوونی کارەکەو گوێ ڕایەڵی سەرۆکی حکومەت بۆیان خەونەکانی دوژمانا پوچەڵکرانەوە .

# ڕیکخراوەکانی ئافرەتان وئەگەری شۆڕش دژی توندوتیژی







**توندوتیژی یەکێکە لەوئیشکالیاتە گەورانەی کەهەنووکە ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێ دەبێتەوە لەناو هەرێمی کوردستاندا ،وای کردوە ڕۆژانە چەندین ئافرەت ببنە قوربانی، هەرئەم هۆکارەش وای کرد لەلایەن حکومەتەوەهەفەتیەک دیاری بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ،بۆقسەکردن لەسەر توندوتیژیو کاریگەری لەسەر بارودۆخی مێینەوکۆمەڵگا بە پێویستمان زانی لەڕێگەی تەوەرێکی تایبەتەوە قسەلەسەر توندوتیژی و کاریگەریەکانی لەسەر ژن بکەین ، لەڕێگەی دواندنی چەند کەسێکی چالاک لەبواری مافەکانی ژنان .**

***ئا :چرکە***

## پێویستەپەروەردەکردن بگۆڕدرێت

چرۆ عوسمان هەورامی چالاك لەبواری ڕیکخراوەکانی ژنان وکۆمەڵی مەدەنی سەبارەت توندوتیژی لەناوکۆمەڵگای کوردیدادەڵێت «توندو تیژیی لەناو کۆمەلگەی کوردیدا بەشێوەیەکی زۆردیاربەدیدەکرێت لە راگەیاندنەکاندا رۆژانە ئاگاداری ئەو توندوتیژیانەین کە بەرامبەر بە (ژن)دەکرێت ،کەئەمە بووەتە هۆی قەیرانێکی گەورە بۆ تاکەکان و بۆ کۆمەڵ ،بۆیە ئەمە ئەرکی (ڕیکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنان و حکومەتە ) کە بەرنامەیەکی سەرتاسەری دابنرێ بۆ ناو (پەروەردە)کە بەردی بناغەی کۆمەلە لێرەوە تاك دروست دەبێت و پەروەردە دەبێت لەدوای (خێزان)ەوە بۆیە من بروام وایە کە پێویستە گرنگی زیاتر و چرتر بە (ووشیارکردنەوەی تاکەکان ) ی کۆمەل بدرێت تاوەکو بتوانریت بەشێوەیەکی وورترو چرتر کاری بۆبکریت دەبێت (هۆکارەکان) و (رێگەکانی چارەسەرکردن) دەست نیشان بکرێت تاوەکو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوان ووشیاری (نابۆتوندوتیژی بڵاوبکەینەوە)،کۆمەڵگەی

کوردی وەکو هەموو کۆمەڵگایەکی جیهان بەدەر نیە لە توندوتیژی بەلام ئەوەی ئیستا بەدی دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ وولاتانی دەرەوە دەبینین روو لەزیادبوون دەکات کە هۆکارەکانی (ئابوری ،سیاسی ،کۆمەڵایەتی،پەروەردە ، دین، رۆشنبیری ....هتد) کەئیستا بە شێوەیەکی زانستی و پەروەردەیانە هەنگاوێکی کەم نراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بۆیە پێویستە ئەمە بەبەرنامەیەکی گشتگیر لەناو هەموو چین و توێژەکاندا باس بکرێت تاوەکو بتوانین کۆمەلگەیەکی ئارام و مۆدرێن بەدی بهێنین .

## کاریگەری توندوتیژی لەسەر کۆمەڵگا

چیا یاسین نوسەرو ڕۆژنامەنوس سەبارەت بەکاریگەری توندوتیژی لەسەر دواکەوتنی کۆمەڵگە دەڵێت «توندوتیژی کردارێکە یان زەبرێکە کە زۆربەی جارەکان بەهێز بەرامبەر لاواز بەکاریدەهێنێت, یاخود بریتیە لە هاوسەنگ نەبوون یان لاسەنگبوونی دووتای تەرازوویەك, لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا پیاو لەتایەکی تەرازوەکەدایەو ژنیش لەلایەکەی تریدا, ئەو تەرازوەش بەهیچ شێوەیەك هاوسەنگ نیە ، هەتا ئێستا ، تا ئایندەیەکی نزیکیش پارسەنگ ناکرێ, پیاوبەهێزە ژنیش لاواز , کاتێك کۆمەڵگەیەك لەبارێکی ناهاوسەنگدا بێت چۆن دەتوانێ بەرەوپێش هەنگاو بنێت .

کاریگەری توندوتیژی لەسەر کەسی قوربانی ڕوخاندنی ناخودەرونیەتی, سەرڕەای شکستی کەسێتی لەناو کەسانی نزیکدا, توندوتیژیش لەهەموو کایەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرپایەتاك لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا توندوتیژی بەرامبەر ئەنجامدەدرێت .

ڕۆژانە ژن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا 3 جار ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە لەشێوازی جۆراوجۆر, کاتێك لەناوخێزاندایە لەلایەن نێرینەکانی خێزانەکەی, کاتێکیش لەماڵ دەچێتەدەرەوە بەمەبەستی خوێندن یان کارکردن یان بۆ ڕاپەڕاندنی هەرکارێکی تایبەت لەسەر جادە لەلایەن ئەو نێرینانەی کە لەڕێی زارەوە تانەو توانج ، دەستدرێژی زارەکی ، هەندێکجار جەستەییشی دەکرێتە سەر, شوێنی سێهەم شوێنی کارکردنیەتی کە لەگەڵ هاوکارەکەی یان بەرپرسەکە ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە .

کاریگەرترین زەبری توندوتیژی بەئاراستەیەکی سلبی لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە توندوتیژی خێزانیە کە کۆمەڵگە بەئاراستەی پێچەوانە دەبات واتە دواکەوتوویی ، ترس ، دڵەڕاوکێ ، بێهودەیی، کە لێشاوێك لە تاکی دەررون نەخۆشت بۆ بنیات دەنێت کە لەپاشەڕۆژدا دەبنە دایك ، پۆلێك نەوە پەروەردە دەکەن کە ئەوانیش پشکێك لە تێکشکاوی ناتەواوی پەیوەندی خێزانیان بەردەکەوێت .

هەروەها پێچەوانەکشی ڕاستە بەئاسودەیی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەری ئیجابی هەیە بەرەو ئاڕاستەی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگە .

## کاریگەریەکانی هەفتەی توندوتیژی دژی ژنان

نەجیبە محمود داکۆکیکاری مافەکانی ژن لەسوید پێی وایە هەر چالاکیەك کەئەنجام بدرێت کاریگەری خۆی دەبێت و دەڵێت «بەبۆچوونی من هەر جۆرە چالاکیەك لەپێناو گۆڕانکاریدابکرێت بەدڵنیایەوە ڕۆل و کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ڕۆشنبیری، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو بارودۆخ و قۆناغەی کەجۆری چالاکیەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت تاچەند زەمینەی بۆ لەبارە ، بۆیە لەکوردستان لەکاتێکدا هەفتەی توندوتیژی دژ بەژنان بەڕێوەچوو کەیاسای فرەژنی لەپەرلەمانی کورستان پەسەند کرا ، ئەمەش جیگای پرسیارو گومانە ، ئایا نەئەکرا ئەو چالاکی یە چربکرایەتەوە لەڕووبەڕووبونەوەی پەسەند کردنی یاسای فرەژنی لەپەرلەمانی کوردستان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاساییە ؟ یاخود تەنها ڕووکەشەو بۆ ئارایشکردنی ڕووی دەسەڵاتە، کە ئەمە زیاتر سەرنج ڕاکێشەو دووفاقیەتی دەسەڵات نیشان ئەدات ، ئایا ئەو چالاکییە چ بایەخێکی هەیە لەداوی پەسەند کردنی یاسای فرەژنی کەبەیاساو بەبەرنامە توندوتیژی دەرونی وکۆمەڵایەتی ویاسایی گەشە پێئەدرێت .

## توندوتیژی سەرەتایەک بۆخۆسوتاندن

لەوەڵامی پرسیاری کام جۆر لەتوندوتیژی لەناوکۆمەڵگەی کوردیدا پەیڕەوی لێدەکرێت چرۆعوسمان هەورامی دەڵێت»هەردوو جۆرە توندوتیژیەکان لەناو کۆمەڵگەی ئێمە بەدیدەکرێت و پەیرەوی لێدەکرێت ئەویش ئەوەیە کە لەناو ( خێزان، فەرمانگاکان ، سەرشەقام ،بازار،خوێندنگاکان ....هتد )بەدیدەکرێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەموو کچانەیان خۆیان دەسوتێنن یان انتحاردەکەن یان دەکورژێن بۆیە من هەردووکیان بەدیدەکەم ناتوانی بلێین تەنها یەکیکیانە .

## یاسای نیرینە ولاوازبوونی کەسێتی ژن

هەرەوەها جیا یاسینی ڕۆژنامەنوس تیشك دەخاتە سەر کاریگەری توندوتیژی لەسەر لاوازی کەسیەتی ژن و دەڵێت «یاساکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی نێرینە داینەوەو هەمومان تەتبیقی دەکەین, یاسای نیرینەیە ڕێگە لەئازادیەکانی مێیینە دەگرێت, وەك ئازادیەکانی هاتنەگۆ و دەربڕینی هەست ونەست ، بیرەڕاکانی ....، هەر نێرینەیە دەڵێت کە ئێمە قسەمان کرد مێینە بۆی نیە قسەی تیادا بکات, سەرباری ئەو زەبروزەنگانەی تر کە نهێنین، لە تاریکی ژورەکاندا ئەنجامدەدرێت کە زەڕەیەك متمانە لەناخی ژندا ناهێڵێت و لاوازی دەکات تا ئەوپەڕی, کەلەپاشە ڕۆژدا ئەو مێینەیە دەبێتە نێچیرێکی بەلەزەت بۆ نێرینە چاوبرسیەکان, هەموو دەموساتێك دەیانەوێت زەفەری پێبەرن .

بێگومان ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر هەر کائنێك مانای ئەوەیە کە لاوازە لەڕوی جەستەیی، پاشان عەقلی, ئەمە بەنەزەری ئەو کەسەی کە توندوتیژی ئەنجامدەدات, نێرینەکان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو ڕەفتار ، بیرکردنەوەی خۆیانیان پێ ڕست ، دروستە, دەبێت مێینەکان گوێڕایەڵی ئەوان بن, لەوکاتەدا کە ژن لابدات لەو خەتەی بۆی ڕاکێشراوەیان دەرچوو لەوچوارچێوەیەی کە دابونەرێت تێیدا قەتیسی کردوە نێرینە تورەدەبێت، زەبروزەنگ پیادە دەکات بەرامبەری بەبیانوی پاراستنی شەرەف وەك ئەوەی ژن خۆی نەتوانێ شەرەفی خۆی بپارێزێت .

هەموو کاتێك توندوتیژی روخێنەرە, متمانە لەو کەسەدا پوچەڵ دەکاتەوە کە ڕوبەڕوی زەبروزەنگ

بۆتەوەء توشی ترس ، دڵەڕاوکێی دەکات .

## ئافرەتان پێویستیان بەشۆڕش هەیە

هەروەها چرۆهەورامی لەوەڵامی پرسیاری کەی ژنی کورد دەتوانێت دژی بەربەستەکانی بەردەم ئازادی شۆڕش بەرپابکات هیمابۆ ئەوە دەکات کە«ژنی کورد کاتێك دەتوانێت شۆرش بەرپابکات بەوەی کە (نەخوێندەواری لەناو ژناندا نەهێلێت و بەرنامە ڕێژی بۆ بکات و بەرنامەی بەردوام هەبیت بۆ ووشیارکردنەوەی ژنان تاوەکو بتوانن ژنان مافەکانی خۆیان و ئەرکەکانیان بزانن بونەوەرەیەیە کە مرۆڤەکانی تر لەناو رەحمیدا دەخولقێن, دوایش هەر ئەوە زۆر بەمیهرەبانیەوە شیری پێدەدات ،گۆشی دەکات بەشێك لەپەروەردەی مرۆڤەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو, بەڵام کاتێك جگە لەکاریگەری خێزان کاریگەریەکانی تری وەك کۆمەڵگە ، کلتور، دابونەریت ، ئاینەکان دیتە گۆڕێ کاریگەری خۆی لەسەر تاکەکان ئەنەخشێنێت مرۆڤەکان دەکات بەدوو بەشەوە مرۆڤی خێرخواز، لەبەرامبەریدا مرۆڤی شەڕخواز دەکەونە ناو کومەڵگەوەء ئەوانیش کاریگەری خۆیان نیشان دەدەن, بەشێوەیەکی گشتیش کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان کە کۆمەڵگەی کوردیش ناهێڵێت نزیکترین کەسی پێی بزانێت, بێدەنگبوونی مێینە هۆکارە بۆ ئەوەی کە زیاتر زەبروزەنگی بەرامبەر بکرێت, نەك خودی ژن, چونکە نێرینە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دوو ڕوو نیشانی کۆمەڵگە دەدات, هەمیشە ڕویەکی جوانکراو بە مکیاجی خێر ، چاکەو ڕاستگۆی،دەستپێشخەر بۆ یارمەتی کەسانی دەورءبەری وەك خزم ، دراوسێی و تەنانەت کەسانی نەناسیش, بەڵام کە لەدەرگای ماڵ خۆی کرد بەژوردا دەستبەجێ ڕوەکەی دەگۆڕێت بۆ توڕەیی ، منەتکردن بەسەر ماڵ ،منداڵیدا, دەبێتە حاکمێکی دیکتاتۆر ، فەرمان دەردەکات ، دەبێت جێبەجێ بکرێت .

**ڕۆژانە ژن سێ جار ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە جارێک لەناوخێزاندا جارێکی تر لەسەر جادە لەلایەن ئەو نێرینانەی کە لەڕێی زارەوە تانەو توانج ، دەستدرێژی زارەکی ، هەندێکجار جەستەییشی دەکرێتە سەر سێهەم شوێنی کارکردنیەتی کە لەگەڵ هاوکارەکەی یان بەرپرسەکە ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە .**

،هەروەها بتوانرێت کاربکەین بۆ بەدەستهێنانی و هێنانە کایەی کلتورێکی مۆدرین و نەهیشتنی ئەو توندوتیژیەی کە بەدیدەکرێت لەناو کلتورماندا ،ئەوکات دەتوانن شۆرشی مەیدانی بەرپابکرێت و هەروەها کاربکرێت بۆ بەدیهێنان و کارکردن و جێبەجێکردنی یاسا، وە واز لەو دروشمانە بهێنین کە ئەمرۆ بەم شێوازە کاری بۆ دەکەن .

بۆیە من پێم وایە کاتێك ژنان دەتوانن شۆرش بەرپابکەن کە دوور لەبیرکردنەوەی حزبیانە و ئایدۆلۆژیا کاربکەن ،ئامانجیان پاراستن و بەدیهێنانی ماف بێت بۆ کۆمەل بەگشتی و ژنان بەتایبەتی .

## نیرینەکان هەوڵی سەرکوتکردنی مێینەکان دەدەن

نوسەرو ڕۆژنامەنوس چیا یاسین لەسەر کاریگەری مامەڵی ژن خۆی لەسەر بەکارهێنان زەبروزەنگ هیما بۆئەوە دەکات کە«ژن ئەو بەشێکە لەوان مرۆڤی دڕندە و شەڕخواز دەخولقێ تیایدا, بەشێکی ئەو مرۆڤە نادروستانە بەرەگەز نێرینەن کە هەمیشە لەهەوڵی سەرکوتکردنی مێینەکان، ئازاردانیانن بەبیانوی جۆراوجۆری وەك ئایین،دابەنەریت ، کەلتور ، ژن بوون ، پیاو بوونەوە .

من هیچ کاتێك خودی ژن بەهۆکار نابینم بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئەنجامبدرێت, کاتێك ژن لەکەشێکدا پەروەردە بکرێت جیاوازی نەکرێت لەگەڵ نیرینەکانی دەوروپشتی ، هۆشیار بێت بەمافەکانی خۆی ، مافەکانی بەرامبەر, وەك مرۆڤێك لێی بڕوانرێت ئەوا قەت نابێتە هۆکار بۆ پیادەکردنی توندوتیژی دەرهەقی, بەڵام پێچەوانەکەشی ڕاستە کاتێك لێشاوێك ژنی نەخوێندەوارت هەیە, کەئاشنا نین بەمافەکانیان و هۆشیار نین بەدابءمافە کۆمەڵایەتی ، مەدەنیەکان ،ئەو ڕەفتارە توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت, زۆر بەئاسایی وەریدەگرن ، تەقەبولی دەکەن, لەپێناو نەشکاندنی حورمەتی خێزانەکەی لێی بێدەنگ دەبێت ، پەندەکانی پێشینان ، دابونەریت ، کلتوری کوردەواری هەمیشە لەهەوڵی بێدەنگردن،سەرکوتکردنی مێینەکانن کاتێك دەڵێت( مریشك خۆی خۆڵ نەکات بەسەر خۆیدا کەس نایکات), کاتێك دەڵێت ژنی شەرمن شارێك دێنی ... ) ئەمانە هەمووی زیاتر سەرکوتکردنی ژنە لەوەی کە ئەگەر زەبروزەنگیشت بەرامبەر کرا ئەوە خۆتی [illegible]

**لەکاتێکداهەفتەی توندوتیژی دژ بەژنان بەڕێوەچوو کەیاسای فرەژنی لەپەرلەمانی کورستان پەسەند کرا ، ئایا نەئەکرا ئەو چالاکی یە چربکرایەتەوە لەڕووبەڕوونەوەی پەسەند کردنی یاسای فرەژنی**

# پیاوسالاری و سیستەمی خووپێوەگرتن!!!

تاڤگە سابیر

ئەوکۆمەڵگایەی کەسیستەمە کۆمەڵایەتیەکەی لەسەربنەمای ڕەتکردنەوەی ڕۆح بێت، لە شاخێکی گڕکانی دەچێت کە خەریکە دەتەقێتەوەو بەردەوام دووچاری شۆک دەبێت، بەجۆرێک وادێتەبەرچاو کە ژیان بەرە بەرە هەرەس دێنێت . هۆشیاری جەستە دەخولقێنێت ئەندامی جەستەمان لەهەندێ سیستەمی وزەیی بزوێن پێکهاتووە، کە لەژێر کاریگەریی ڕێجیمی خواردن، پەیوەندیەکان، بۆماوە، کەلتوور، هەڵ کەوت و هەموو ئەم فاکتەر و چالاکییانەدایە. ئێمە کەمترین زانیاریمان دەربارەی چۆنیەتیی کارکردنی سیستەمی ئەندامانی جەستەمان بەیەکەوە نییە و لێیتێناگەین ، ئیدی چۆن دەتوانین لە پەیوەندیی جەستەمان لەگەڵ سیستەمی جەستەی کەسانی تر بگەین؟ کەلتووری کورداوەری بە تەواوی « لەژێر دەسەڵاتی باوک» بێت ،لەگەڵ ئەمەشدا باوک سالاری تەنها یەکێکە لە سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی . تەنانەت لەم بوارەشدا ئێمە لەتوانامان‌دا نابێت، کە بونیادێکی کۆمەڵایەتی تر بخولقێنین ، مەگەر ئەوەی پێداویستییەکانی چارەسەرکردنی خۆمان لە کەلتووری خۆماندا ئامادەبکەین. زۆرجار لە ژووری منداڵبووندا ئەو دیمەنەم دیووە، کە کچێک لەدایک دەبێت دایکی ڕوو لە هاوسەرەکەی دەکات و دەڵێت «ئازیزم» بەداخەوە دەربڕینی ناڕەحەتی لەوەی منداڵەکەی کوڕ نییە !! ئەم متمانە بەخۆنەبوونەی دایکەکەی داوای لێبوردنکردنی بۆئەو بەرهەمەی کە بۆماوەی نۆمانگ بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە هەڵیگرتووە،جگە لە ئازاری منداڵبوون و هێنانەدنیای منداڵەکە، هەریەکێکیان بۆ خۆی ئەزموونێکی پڕئازارو تاڵە. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ دووەمین منداڵم بوو، ڕاچەنیم، وەختێک کە دەقاودەق هەمان ئەو داوای لێبوردنەم بە بیرداهاتەوە، کە لە کۆنەپەرستی نەژادی مرۆڤەوە هێرشی بۆ هێنابووم. هەرگیز بەدەنگی بەرز ئەو ووشانەم نەوتووە، بەڵام ئەو ووشانە بێ ویست و بێ ئیختیار لە مێشکمدا بەرجەستە بووە. ئینجا تێگەیشتم کە ڕەتکردنەوەو دوورخستنەوەی ڕەگەزی مێینە بەشێوەیەکی وەکویەک لەلایەن پیاوان و ژنانەوە چ ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ و کۆنی هەیە.

« گوناهی بنەڕەتیی ژن بوون بەنووسینەکان قەرەبووناکرێتەوە« ئیتر ئێمەی ژن لە زانکۆدا بەهەر پلەیەک بگەین و چەند بڕوانامەی ڕێزلێنان وەربگرین، هەرگیز ناگەینە ئەو ئاستەی کە لەوانەیە یان پێویستە پێیبگەین. ئەگەر وابڕیاربێت کە ئێمە لە ڕۆژی یەکەمی لەدایکبوونمانەوە بۆ(بوون) ی خۆمان داوای لێبوردن بکەین ، کەواتە شتێکی دوور نییە کە سیستەمی پزیشکی کۆمەڵگا ، هزری ناوەکیمان بەو بیانووە ڕەتبکاتەوە کە ئێمە لەبنەڕەتدا(ڕەگەزی پلەی دووەمین) پیاوسالاری بەهات و هاوارەوە ئەم پەیامە رادەگەیەنێت ، کە جەستەی ژن لە پیاو نزمترە و پێویستەبخرێتە ژێر چاودێرییەوەو کۆنترۆڵ بکرێت. بەداخەوە زۆرجار ووشەی پیاوسالاری دریغی کردنی پیاو بەبیردێنێتەوە، بەڵام بە دریغی کەر زانینی کەسانی تر یەکێکە لە و ڕەفتارە سەرکییانە خەڵک لەو سیستەمانەدا دەهێڵێتەوە کە زیانیان پێدەگەیەنێت، تا ئەوکاتەی کە تاکە کەسێک ئەویتر بە دریغی کەر بزانێت نە ژنان و نە پیاوان و کۆمەڵگاش ناتوانن وەکو کۆمەڵێک پێکەوە لە پێناوی چارەسەرکردنی بارودۆخی ژناندا بزاوتێکی پۆزەتیڤانە ئەنجام بدەن. پێویستە ئێمە بڕیاری بەرەوپێش چوون بدەین و بەدریغی کار بزانین بخەینەلاوە. من بڕوام وایە کە پەسەندکردنی زانستی پزیشکی نوێ لە سوودوەرگرتن لەدەرمان و نەشتەرگەری وەکو ڕێگا چارەیەک ، بەشێکە لەئاراستەیەکی شەڕئامێزانەی باوک سالارانە ، یان ڕاهێنەرانە بەرامبەر بە نەخۆشی. ئەو دەرمانانەی ژەهراوی نین و لە سروشتدا دەستدەکەون، (دەرمانە رووەکیەکان) بەرامبەر بەو گوللەگەورانەی (مەبەست لەو حەب و دەرمانە کیمیایی یانەیە) چارەسەرکردنی کیمیایی و ئەشیعە، بە کەم و بێنرخ دەژمێردرێن. هەم ژنان و هەم پیاوان بەردەوام بەو سیستەمە دەخشێن کە تێیدا لەگەڵ ڕەفتارو ڕوانگە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەژین. پیاوسالاری لەژێر ناونیشانی (سیستەمی خووپێوەگرتن) دا، بەشێوەیەکی جوان و پڕ ئازاری ئاستی تێگەیشتنمان سەبارەت بە مەسەلەکانی کۆمەڵگا بەرزتر دەکاتەوە. چونکە ئومێدی چاکبوونەوەو چارەسەرکردنی تێدا بەدی دەکرێت ڕەگ و ریشەی پشتگیریکردن لەژن لە کەلتووری کۆن و رابوردوودا هەیە، فەلسەفەیەکە کە بنچینەکانی لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەیە کە پیاوسالاری ناوی ناوە« سیفەتە تاینەتییەکانی ژنان» لەکاتێکدا کە هەموو مرۆڤایەتی پێویستی بەم بەهایانە هەیە، دەتوانین لەنێو بنەماو بەهاکانی بزوتنەوەی لایەنگیریی ژناندا کە بەتەواوی لەگەڵ بنەماکانی پیاوسالاریدا جیاوازە، باسی یەکسانیی جیهانی ، چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێی ئاشتییەوەو پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە ، لەگەڵ سروشتدا ، لەگەڵ یەکترداو جۆرەکانی تر بکەین. سیستمە ڕاهێنەرەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەو کۆمەڵگایان دەڵێن کە خۆیان بۆشەڕ ئامادەدەکەن ،یان لە شەڕ رزگاریان بووە ، ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە زیاتر لە ئاشتی و ئارامی بێبەشن بایەخ بەشەڕو وێرانکاری دەدەن. بە چاوخشاندنێک بە باری خەرجیی هەرکۆمەڵگایەک کە بۆ بەرگری تەرخانی دەکان ، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئەو کۆمەڵگایە زیاتر نرخ بۆ چ شتێک دادەنێن؟ چونکە رادەی ئەو پارەیەی کە ئەو کۆمەڵگایە بۆشتێکی تایبەتی خەرج دەکان، پێوەری بەهای ئەو شتەیە لەو کۆمەڵگایەدا. رادەی ئەو پارەیەی لەهەر خولەکێکدا بۆ کڕینی چەک خەرجدەکرێت ، دەتوانێت دوو هەزار منداڵی بەدخۆراک بۆ ماوەی دوو ساڵ تێربکان

# خاوەنی ئیمتیاز یان دکتاتۆری بواری ڕاگەیاندن
# ململانێی نێوان سەرنوسەرو خاوەن ئیمتیازەکان پەرەدەستێنێت

هاتنی وەرزی پایز تەنها وەرزی زەردبوونی گەڵای درەختەکان و سیس بوونی گوڵە جوانەکان نەبوو،بەڵکو وەرزی کۆتایی و هەڵوەرینی دەیان سەرنوسەری ڕۆژنامەکان بوو ، ئەوسەرنوسەرانەی تادوێنی سیاسەتی ڕۆژنامەکانیان دیاری دەکرد و بەهیوای پێش خستنی کایەی میدیا بوون، ئەمرۆ بەشێکی زۆر لەخەونەکانیان بوو بەخەیاڵ و لەلایەن خاوەنی ئیمتیازەکانەوە لەگۆڕنران .

ئەم جەند مانگی ڕابردوو ململانێ تەنها لەنێوان مالیکی و سیاسیەکانی کوردا نەبوو بەڵکو ململانێیەکی زۆر توند لەنێوان خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەرەکانی بەشێکی زۆرلەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوهەرێمی کوردستان هەبوو، ئەگەر ململانێی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر پێشیلکردنی دەستور بێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کەمالیکی و خاوەن بیرکەرەوە دکتاتۆرەکان پێیان وابێت عێراق دەوڵەتی عەرەبەکانەو کورد بۆی نی یە ببێتە برابەش وپشکدار ، ئەی دەبێت ململانێی نێوان سەرنوسەر وخاوەن ئیمتیازەکان لەسەر چی بێت ؟ ئایا ململانێی ئەوانیش لەسەر پێشیل کردنی سیاسەتی دیاری کراوی ڕۆژنامەکە یاخود گۆڤارەکە بێت؟ یان لەسەر بەرژەوەندی ماددی و مەعنەویی هەریەك لەخاوەن ئیمتیازوسەرنوسەرەکانە، هەریەك لەوانە بیانەوێت کەناڵەکە ببێتە موڵکی خۆیان ، هەوڵی لەکار خستنی پێگەی ئەوی تر بدەن .

لەم چەند ماگی ڕابردوودا ئەو ململانێ یە بەشێوەیەکی زۆر دیار بەدی دەکرێت و خەریکە دەبێتە دیاردەیەکو زۆربەی کەناڵەکان دەگرێتەوە. وازهێنانی سەرنوسەری هاوڵاتی ، ڕاسان ، پرووشە، ستافی گۆڤاری لڤین ....... هتد بەڵگەی ئەم ڕاستی یەن .

### سەرنوسەرەکان لەنێوان دەرکردن و وازهێناندا

بەهۆی ئەوەی هەموو کایەکان لەنیو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونەتە قۆرغکاری ئەستەمە بڕوا بەوە بکرێت کەسێك دەست بەرداری پێگەو دەسەڵاتی بێت ،کورسی دەسەڵات بۆ کەسێکی تر جێبهێڵێت بەتایبەت گەر کەسی بەرامبەر نەنیار بێت، بۆیە شتێکی ئەستەمە بڕوا بەوە بکرێت کەکەسێك بەخواستی خۆی وازی هێنابێت ، چونکە وازهێنان نە بۆتە کەلتور .بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیزانین ئایا تاچەند ئەم حاڵەتانە بۆ کایەی میدیا وەڕاست دەگەڕێن، بەبڕاوی من دورکەوتنەوەی سەرنوسەرو ستافی ڕۆژنامەکان ،ئەم حاڵەتانە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو ڕەهەندی جیاواز.

یەکەمیان ئەوەیە کە خاوەنی ئیمتیاز دەسەڵاتی ماددی دەزگا ڕاگەیاندنەکەی لەبەر دەست دایە، زۆرجاریش لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت هەموو باروودۆخەکە بۆخۆیکۆنترۆڵ بکات ، بەتایبەتیش کە موچە و بەخششی سەرنوسەر لەلایەن خاوەن ئیمتیازەوە دیاری دەکرێت ، بۆیە لەو کاتەی کەسەرنوسەر بەپێی خواستی خاوەن ئیمتیاز مامەڵەناکات ، خاوەن ئیمتیاز لەڕێگەی کەم کردنەوەی مووچەکەی فشار دەخاتە سەر سەرنوسەر و سەرنوسەریش بەناچاری بڕیاری واز هێنان دەدات ، بەڵام بەهۆی پتەوی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و هاوڕێ یەتیە سەرنوسەر ئامادەگی ئەوەی نی یە سەرجەم ئەو گەندەڵی و بیبەرنامەیەی خاوەنی ئیمتیاز ئاشکرا بکات ، لەوکاتەدا خاوەنی ئیمتیاز دەست پێشخەری دەکات و بەشەفەیی ئەوە بڵاوی دەکاتەوە کەسەرنوسەر یاخود ستافەکەی دەرکردوە بەمەبەستی بەرو پێش بردنی ڕۆژنامەکە .

دووەمیان هۆکاریان پەیوەستە بەو سیاسەتە تاك ڕەهەندەی کەلەلایەن سەرنوسەرەوە پەیڕەوی لێدەکرێت بەهۆی ئەوەی سەرنوسەر سیاسەتی دەزگاکە دیاری دەکات ، ئەمەش بۆ کەناڵە ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان (ئەهلیەکان ) جۆرێك لەئیشکالیات دەخوڵقێنێت بەهۆی ئەوەی وەك کەناڵە حزبیەکان خاوەن سیاسەتێکی دیاری کراو نین .جگە لەم دووهۆکارە زۆرجاریش میزاجی شەخسی هەردوو لابەتایبەت خاوەن ئیمتیاز ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لەخوڵقاندنی ئەو ململانێ یەو واز هێنانی سەرنوسەردا .

### کاریگەری ململانێ لەسەرڕۆژنامەکان

بەهەڵەدادەچین گەر پێمان وابێت ئەو ململانێ یەو دورکەوتنەوەی سەرنوسەرەکان تەنها کاریگەری سلبیی هەیە لەسەر دەزگاکە، کەناڵەکە بەرەو قەیرانی جۆراو جۆری دەبات ، چونکە بیرمان نەچێت واز هێنانی سەرنوسەر تاکە میکانیزمە بۆ هێنانە پێشەوەی کەسانی ناوستاف بەتایبەت جێگری سەرنوسەرو بەڕێوەبەری نوسین ، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی سیاسەتی کەناڵەکە، زۆرجاریش بۆ ئەوەی سەرنوسەری نوێ بیسەلمێنێت کە کەسێکی بەتواناترە لەسەرنوسەری پێشووتر هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرەوپێش چوونی دەزگاکە دەخاتە گەر، وای لێدەکات دیزاین و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بگۆڕێت

### خاوەن ئیمتیازەکان دەبنە دکتاتۆر

ئەوەی جێگەی پرسیاری هەموو لایەکە ئەوەیە کە لەم جۆرە ململانێ یەدا لایەنی پەیوەندی دار کەبریتی یە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بێدەنگەوهیچ هەڵوێستێکی دیاری کراوی نی یە ، ئەم بێدەنگی یەی وەزارەت و لێنەپرسینەوەی وادەکات ئەم حاڵەتە سلبیی یە بەرەوی پێبدرێت خاوەن ئیمتیازەکان ببنە کەسانی تاکڕەودکتاتۆرەکانی بواری ڕاگەیاندن بەهۆی ئەوەی یاسا ڕێگە بەخاوەن ئیمتیاز دەدات هەر کاتێك ویستی سەرنوسەر بگۆڕێت ، یاخود ستافی نوسینی تر پەراوێز بخات ، کەسانی تر کە لەگەڵ بیرو بۆچوون و بەرژەوەندی خاوەن ئیمتیاز دەگونجێن جێگەی کەسانی پێشوو تر بگرنەوە.

بەشی یەکەم

# خوێندنەوەیەکی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان

و: (ئاسۆ ڕۆژهەڵاتی)

## کورتەیەک

توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان، بەشێک لە ڕەوتی بەربڵاوی توێژینەوە کولتوورییەکانە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ جۆری توێژینەوە کولتوورییەکانی بریتانیایی یان فەرانسەویدا جیاوازە. پێگەی سەرەکی ئەم توێژینەوانە دەگەڕێتەوە بۆ هزرڤانانی وڵاتانی جیهان سێهەمی بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا. لایەنی سەرەکی ئەم توێژینەوە ڕەخنەئامێزانە بوونیان و پێکهێنانی ئاخێو(گفتمان Discourse)ێکی توێژینەوە کولتوورییەکان، هاوکات بە پشتبەستن بە میراتی کۆمەڵناسی، بە تایبەت توێژینەوە فەرهەنگی، فەلسەفی، ئەدەبییەکانی جیهانی هزری ڕۆژئاواییە. بیرمەندانی ئەم بیاڤە(حوزە) توێژینەوانە، قەڵەمڕەوی ڕەخنەی خۆیان لە بیاڤە کۆمەڵناسی، فەلسەفە، سینەما، ئەدەبییەکان و بە گشتی نەریتی هزری ڕۆژئاوا پەرە پێدەدەن و ئەم بیاڤگەلە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی میتۆدۆلۆژی، مەعریفەناسی، ئاخێویی بنیات دەنێن. بەرهەمی ئەم پرسیار، ڕەخنەگەلە نەریتی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکانە کە لە مژارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفە، ئەدەبیات، فیمینیزم ... ڕەگی داکوتاوە. بەم هۆیەوەیە وەکوو توێژینەوەگەلێکی فرە ڕەهەند ناساندووە. ئەم وتارە هەوڵ دەدا بەکورتی تیشک بخاتەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم توێژینەوانە.

## بەرایی

ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵناسی دەتوانین لە دەوری «کولتوور» وێنا بکەین. وێناکردنی ئەم ڕەوتە، ڕەهەندگەلێك لە تیۆریی ، نەریتە کۆمەڵناسییەکان زەق دەکاتەوە کە پێشتر یان پەنگراو یان کەمڕەنگ بووە. لە درێژەی ئەم ڕەوگە(مسیر)یەدا شوێنگە هەستیار، بێدەنگەکان زۆر بەرچاو دەکەوە، گوایە قەڵەمڕەوی کۆمەڵناسی، گۆڕەپانی ململانێی دوو گرووپی پشتیوانیی بیردۆزی ـ فەلسەفی کولتووری ، گرووپی گرینگی نەدان بە کولتوور بووە. هەرچەند ئەم واتایە بە مانای نەبوونی فەرهەنگ لە لقەکانی زانستە مرۆییەکان وەك ئەدەبیات نیە, لە هەرحاڵدا بە پێچەوانەی بوونی پێویستی کولتوور لە تەواوی واتاکان و لە تەواوی ڕوانینەکاندا، تەنیا لە چەند دەیەی دوابیدایە کە کولتوور بەشێك و توخمێك لە سیستمێك بوون کە لە سەرخانەوە پتر پەلیان هاوێشتووە و دەتوانین بڵێین کە بە پێگەی شیاوی خۆیان گەیشتوون. ئەم دەورهەڵگرتن لە حەقیقەتدا، لە ژێر ساباتی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ڕوانین بۆ زانست وەك نموونە کۆمەڵناسی، بە تایبەتی لە بیاڤی مەعریفەناسی، میتۆدناسی، فەلسەفەی زانستدا، ڕووی داوە. پێش لە هەر شتێك، گەڕان لە کۆمەڵناسیدا پۆزیتویست(اپبات گرا posi-tivist) بوو کە ڕێگا خۆشکەربوون. بە دوای ئەودا، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە دەیەکانی 60،70ی زایینیدا، گۆڕانکارییەکانی دواتر پێکهات. ئاشکرابوونی بەریان بەرەو ڕۆشنگەری، مۆدێرنیتە، پێکهاتەخوازی (ساختارگرایی)، زانستخوازی (علم گرایی)، ...، بیرمەندانی بەرەو وەرچەخانێکی مەزن ڕێنومای کرد. یەکێك لە لایەنە بەرچاوەکانی ئەم وەرچەرخانە، بزاوت لە بیرۆکەی بەرهەست (انتزاع) بەرەو بیرۆکەی دەرهەست (انچمام)، ڕاستەقینەی خەڵکی کۆمەڵگا بوو. لە گۆشەنیگایەکەوە گرینگیدان بە ژیانی ڕۆژانە، گرینگیدان بە کولتوورە، چونکە ژیان لە تان،پۆی کولتووردا ڕوو دەدا، لە جووڵەدایە. بەرهەمی ئەم گۆڕانکارییانە پەرەسەندنی توێژینەوە کولتوورییە نوێیەکانە، بەڵام ئەم توێژینەوانە لە ڕابردوویەکی دێرینتردا، ڕەگی داکوتاوە.

دەتوانین تا سەدەی نۆزدەهەم وەدوای توێژینەوە کولتوورییەکان بکەوین. هێندێك جار چەند ڕوانینێکی جۆراوجۆرە هاوتەریبی یەکدی، لەمەڕ کولتوور، مەسەلە پێوەندیدارەکان هەبووە. بەشێك لەم توێژینەوانە دەتوانین لە شێوەی خوارەوە پۆلێنبەندی بکەین:

- توێژینەوە ڕەخنەییەکان
- توێژینەوە کولتوورییە گشتییەکان
- توێژینەوە فیمینیستییەکان

توێژینەوەپاش کۆلۆنیالیستی، فرەکوتوورییەکان پێشینەی توێژینەوە ڕەخنەییەکان دەتوانین بۆ دەیەکانی دوای گۆڕانکارییەکانی ناوبراو بگەڕێنینەوە. بەتایبەتی لەم دەستەیەدا دەتوانین ئاماژە بە توێژینەوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین. پێگەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەندیشەکانی «مارکس»، «فرۆید» و «ڤێبر»ە. لە ڕوانگەی مارکسیستەوە، کولتوور لە چوارچێوەیەکی «ئیدئۆرلۆژی»دا هەست پی دەکر، لەوا ئیدئۆلۆژی بە واتای بیری چینی دەسەڵاتدارە، کەوابوو کولتووریش بەرهەمی ئیدئۆلۆژییە. زێدەتر لەوە، هەم ئیدئۆلۆژی، هەم کولتوور لە لایەن ژێرخانی ئابوورییەوە دیاری دەکرێن. جیاوازی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ مارکسیزم لێنینی ـ گرینگیدان بە مەسەلە سەرخانەکانی کولتوور و سیاسەتە، تا ڕادەیەك کە بە پێچەوانەی جەخت کردنی مارکسیزم بۆ دیارکردنی ئابووری، بۆ کولتوور سەربەخۆییەك لە بەرچاو بگیردری. لە ڕوانگەی بیردۆزانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە، جەوهەری سەرمایەداری مۆدێرن، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ، بەرگری لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانە و کولتووری مۆدێرن یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم کۆنترۆڵە بە ئەژمار دێت. لە ڕوانگەی ئەوانەوە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس گرینگی کولتووری مۆدێرن وەکوو هۆکاری کۆنترۆڵ، باڵادەستی لە بەرچاو نەگرتووە، لە حاڵێکدایە کە لە سەرمایەداری مۆدێرندا، «پیشەی کولتووری» یەکێك لە بەربەستە سەرەکییەکانی ئاگایی، ئازادی، شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانە. فرانکفۆرتییەکان، بەتایبەت ئادۆرنۆء هۆرکهایمر بە جەخت کردن لەسەر باشاری (تقابل) دولایەنەی کورلتووری «باڵادەست»، کولتووری،ژێردەستە، کولتووری ژێردەست (کولتووری گشتی) دەخاتە بەر ڕەخنەوە.

به بۆچوونی ئەم گرووپە، پیشەی کولتووری توانابیە جۆراوجۆرە دەرهەستەکان، کولتوور، هونەری مرۆڤەکان دنیایی دەکا، هونەر، ژیان، زانست وەکوو شتءمك دەکات.

لە راستای دیاریکردنی کولتوور لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا،تیۆرییەکانی گرامشی، ئالتۆسریش جێگای باسە. تیۆریی هێژموونی گرامشی تیۆرییەکی گرینگ لە توێژینەوە کولتووری، ئیدئۆلۆژییەکانە، تا شوێنێك کە هێندێك لەو باوەڕەدان پێگەی تیۆریکی توێژینەوە کولتوورییەکان بۆ هزری گرامشی دەگەڕێتەوە. لە روانگەی گرامشییەوە دوقاتبوونەوەی سیستمی سەرمایەداری بەرهەمی هێژموونی ئیدئۆلۆژیکە. «هێژموونی رەوتێکە کە لەودا چینی دەسەڵاتدار، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئەخلاقی، هزری ئاراستە دەکات. بە واتایەکی دیکە، هێژموونی، کۆنترۆڵ لە ڕێگەی کۆمەڵی فەرهەنگییەوەیە. هێژموونی ئیدئۆلۆژیك، لە هەر کاتێکدا بە هۆی «رووناکبیرانی سیستماتیك»ی چینی دەسەڵاتدار پەرە پی دەدات. لەم تیۆرییەدا کولتوور کێشە و ململانێی گرووپە دەسەڵاتدار، هێزە بەرگرییەکانی، ژیانی رۆژانەی کولتووری گشتی تەیار دەکا.

بەم شێوەیە ئالتۆسر بە پێکهێنانی گۆڕانکاری لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا، دەرگایەکی نوێی بەڕووی توێژینەوە کولتوورییەکان کردەوە. لە روانگەی ناوبراوەوە، ئیدئۆلۆژی بە تەواوی زایەڵەی ژێرخانە ئابوورییەکان نیە، بەڵکوو خۆی کۆمەڵێك لە کردەوە ماددییەکانە کە کارکردی ئەو سەرپۆشی دانان بەسەر جیاوازی، دژایەتییەکان لە رەوتی ژیانی راستەقینەدایە، ئیدئۆلۆژی ئەم کارە لە ڕێگەی دانانی ڕێگا ناڕاستەکان بۆ مەسەلە واقعییەکان بەڕێوە دەبات. ئەو کە کاریگەری تیۆریی «لاکان»ی لەمەڕ (موژە) هەیە، لەو باوەڕەدایە کە ئیدئۆلۆژی تاك دەکاتە ناسکار(سوژە)یەك و دەیکاتە تاکێکی گوێڕایەڵ.

خاڵی هاوبەشی تیۆریی رەخنەیی‌یەکان، لێکدانەوە و تاوتوێکردنی بەرهەمە کولتوورییەکان، رۆڵیان لە پێکهێنان، پاراستنی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدارە. هەروەها کە گوترا، لە تیۆرییە دواییننییەکانی ئەم قوتابخانە فکرییەدا گرینگییەگی زۆرتر بە تایبەتمەندییە کولتووری سیاسی، ئابووری، بەرخۆر(مێرف)ی فەرهەنگی، بەرگری لە بەرامبەر ئیدئۆلۆژی، هێژموونی، باڵادەستدایە، رۆڵی کولتوور لە گۆڕانگارییە جڤاکییەکاندا زەق دەکاتەوە.

بە درێژایی رەوتی فەرمی کۆمەڵناسی، خاوەنڕایان لە بیاڤی فەرهەنگدا جیا لەم رەوەتە چالاکی دەکەن. ئەم توێژنەوانە لە تیۆریەکانی «ماتیۆ ئارنۆلد، لی ڤیس و ئیلیویت» دەستی پێکردوەء لە دەیەکانی دواییدا دەگاتە «هورگارت، ویلیامزء فیسك». ئەم رەوتە توێژینەوانە لە بواری هەڵسەنگاندنی جەماوەریدا، وەرچەرخانێکی ینەڕەتی «لە تێڕوانینەوە تا پێداهەڵگوتنی کولتووری جەماوەری»ەوە بە خۆیەوە بینیووە.

ئەوەی کە ئارنۆلد، لی‌ویس و ئیلویت» ستایشیان دەکرد، نە کولتووری جەماوەری‌یان چینی کرێکار، بەڵکوو کولتووری نەریتی رابردوو بوو. لە روانگەی ئارنۆلد، لە کتێبی «کولتوورء ئانارشیزم»دا، ئانارشی شتێکە کە ئەورۆکە کولتووری جەماوەری ناو دەبردر، بە گشتی مەبەستی ئەو لە ئانارشی، فەرهەنگی چینی کرێکاری بوو. ئەرکی کولتوور لە روانگەی ئارنۆلد، کۆنترۆڵی هێزی وێرانگەری ئانارشییە کە لە کولتووری»جەماوەرە بی فەرهەنگ ، بی دەنگەکان»دا دەر دەکەوی. لی‌وییس، بە کارتێکەری لە ئارنۆلدەوە، جەماوەریبوون و بە واتایەکی دیکە ئامریکای بوونی فەرهەنگ، دێنێتە بەر باسەوە. ئەو قەیرانی کولتوور یان کێشەی گشتی فەرهەنگ یەکێك لە تایبەتەمەندییەکانی سەدەی بیستەم دەزانی. لی ویس، کولتووری راستەقینە بە بەرهەمی هەوڵ داهێنانی کەمایەتییەکان دەزانی کە پارێزەری نەریتە بەهادارەکانن، لەو باوەڕەدایە لە سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتی کەمایەتییە فەرهەنگپەروەرەکانی کەوتوونەتە بەر هێرشی هێرشبەران، فەرهەنگ تووشی قەیران بووە.

بەمشێوەیە «ئیلویت» «لە بنەڕەتدا روانگەیەکی فیودالی لە کۆمەڵگا هەبوو کە لەودا چینی دەسەڵاتدار وەکوو هیچ کام لە گرووپەکانی نێو چینی نێوەنجی نەبوون بەڵکوو ئاریستۆکرات پێش لە کۆمەڵگای کاپیتالیستی رەنگ دەداوە. ئیلویت لە دژایەتی خۆی لەگەڵ تێکرووخان مادی گەریدا «کۆمەڵگای کۆ» بەدوای گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای بە تەواوی لەسەر بنەمای وێنە ئاریستۆکراتانەی فیودالی لە کۆمەڵگا فەرهەنگ بوو (جانسۆن 1378: 1457/ الویت 1381)

خاڵی هاوبەشی ئەم سی بیرمەندی رەخنەی کولتووری جەماوەری نەریتە کۆنەکانە. ئەوان لەم رووەوە کە سەرمایەداری ئەمریکایی بوون و ئاستی فەرهەنگی جەماوەری شی دەکەنەوە، خاوەنی هاوبەشییەك لەگەڵ توێژینەوە رەخنەییە کولتوورییەکانن، چونکە ئەوان»ئارنۆلد و ئەوانی دیکە«ش لەو باوەڕەدان کولتووری جەماوەری هەر شێوە پێوانەیەکی بۆ هەڵسەنگاندنی بەهای گوتەزا(مقولە) کولتوورییەکان نیە پشت ئەستوور بە هەستی چێژخوازی (حس لژت گلبی) ئاسوودەییء بآکارییە. خاڵی جیاوازی رەخنەییان وتوێژنەوەکانی کاریگەر لە ئارنۆلد لە ڕێگەی رۆچوونە کە کێشە سازە.

توێژینەوە فەرهەنگییە بریتانیاییەکان کە لەگەڵ ئارنۆڵد دەستی پێکرد، لە نیوەی سەدەی بیستەم بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات. هەروەها کە لە سەرەتای باسەکەدا ئاماژەی پێکرا، دەیەکانی 60 70ی زایینی، دەورانێکی مێژووسازی لە هزر بیری رۆژئاوا بە تایبەت لە توێژینەوە پێوەندیدارەکان لەگەڵ فەرهەنگدا بوو. یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییە گرینگەکانی ئەم دەورەیە «تشکیك» لە بیرە بژاردە (نخبە) خوازانەی توێژینەوە کولتوورییەکان بوو، بیری بژاردەخوازانەی کە لە لای نەریتی توێژینەوە رەخنەییە کولتوورییەکان و نەریتی بریتانیاییش بە شێوازی ئارنۆلد باو بوو. ئەم رەوشە بووە هۆی گرینگی پێدانێکی جیددی‌تر بە کولتووری جەماوەری (عامە) پێگەیەکی تایبەتی پیدا. لەم دەورەیەدا، ریچارد هوگارت، سیمای زەق دیاری توێژنەوە کولتووریی جەماوەرییەکان لە بریتانیادایە. ئەو کە دژی بیرە بژاردەخوازانەیە، گرینگی زۆرتر بە چینی کرێکار دەدا تاکوو چینی رووناکبیری، بنەمای بەهای بوارە دیارەکان لە کولتووری مۆدێرنی جەماوەری بوو و لەو باوەڕەدا نیە کە تیرێژی کولتووری جەماوەریبوون ئەو، بە واتای هێنانە خوارەوەی ئیستانداردی چۆنایەتیی ئەو بی (جانسۆن: 208)، هوگارت ، لە بەرامبەردا مەترسییەکی سەرەکی لە پێوەندییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگای تێکنۆلۆژیکی دەبینێ و کە بەردەوام فەرهەنگ دەکاتە کاڵا و شتء مکە بەرخۆرە(مێرف)ییەکان.

بەم شێوەیە، ریمۆند ویلیامز، جگە لە

باندۆرهەڵگرتنی توند لە لیڤیس، باوەڕی بە واتای زەنجیرەپلە (سلسلە مراتب)ی تیۆرییەکی ئەو نەبوو و، بە پێچەوانەی ئەو کولتووری جەماوەری وەکوو هەڕەشەیەك بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاستی فەرهەنگی وێنا نەدەکرد. بەگشتی ویلیامز، وێنەی کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیك لە بیری نووسەرە بریتانیاییەکان پێش لە خۆیدا سەرچاوە لە سۆز هەستی ئەوان بە گەڕانەوەی سیستمی فیودالی دەزانی هەست ، سۆزە بە کورتبینی لە قەڵەم دەدا. لە روانگەی ئەوەوە کولتوور بەتایبەتی بەرزترین بەرهەمە هزرییەکان، رەنگدانەوەیان نیە، بەڵوو بەردەوام لە حاڵی گەشەکردن دان. بەم هۆیەوەیە، ئەو کولتوور بە «شێوەی ژیان» دەزانی. لە لایەکی دیکەوە ویلیامز بەهۆی کاریگەری لە نیۆمارکسیستەکان، بە تایبەتی گرامشی، ماتریالیزمی کولتووری رەت دەکاتەوە و لەو باوەڕەدایە کە فەرهەنگ خۆی وەکوو رەوتێك بیچم دەدا.

بە گشتی لە لای بیرمەندەکانی ئەم دواییانەی توێژینەوە کولتوورییەکانی بریتانیا، کولتووری جەماوەری نەتەنیا بی بەها نیە، بەڵکوو شایانی رەسەنایت ئیعتباری جڤاکییە. لەو روانینەوە، کولتوورەکان وەکوو ئەمرێکی خۆجێی شی دەکرێنەوە کە دەسەڵات بەرگرییان هاوکات لەودا رۆڵ بگێڕی. لە ئاکامدا، بیرمەندانی ئەم نەریتە خاوەنی هانیەیەکی مارکسیستین کە توێژینەوەکان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە (ئەسمیت: 1384). توێژینەوە کولتوورییەکانی بریتانیا هەنووکە لەژێر باندۆری بیرمەندانی نابریتانیایی وەکوو گرامشی، ئالتۆسر، دوسرتو، بارت باختین، تووشی گۆڕانێکی جێگای تێڕامانە. گۆڕانکارییەك کە دەتوانی لە تیۆرییەکانی ئیستوارت هال، جان فیسك، ئەوانی دیکە ببینری. یەکێك لەم گۆڕانکارییانە بە تایبەت لە ئاراهال، گرینگیدان بە نێوەرۆکێك هەیە کە لە توێژینەوە پاش کۆلۆیالیستییەکان فرەکولتوورییەکاندا گرینگ وێنا دەکری.

توێژینەوە فیمینیستییەکانیش ئەگەرچی رەگی لە رابردوویەکی دووردا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو هاوکات لەگەڵ توێژینەوە پاش مۆدێرنەکان گەشەی کردووە. ئەم توێژینەوانە لە نێو خۆیدا بە لقە سەرەکییەکانی، هەروەك توێژنەوە رادیکاڵ، سوسیالیست و لیبراڵەکان دابەش دەبن. لە سەر ئەم بنەمایەوە، ئەوان تەنانەت نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی ...

وەکوو هۆکارێکی پیاوسالارانە ئەوان هێناویانەتە ژێر پرسیارەوە. لەم توێژینەوانەشدا، جیاوازی نێوان سەرەوەو خوارەوە نەبوونی هەر شێوە بەهایەکە. چونکە لەسەر بنەمای ئەوەوە، کولتوور و هزری ژنانە لە گرووپی خوارەوەدا هەڵدەکەوت. تیۆرییەکانی ئەم گرووپەش کەوتە بەر سەرنجی بیرمەندانی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان، بە تایبەتی ئسپیواك ، رەخنە ، دوبارە پێداچوونەوەیان کران.

توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکانی سنوور، کەش ، هەوا هاوبەشەکان لەگەڵ توێژینەوە پاش مۆدێرنەکاندا بە گشتی هەیە. بە تایبەتی تایبەتمەندییەکانی ئەم توێژنەوانە پێگەیەکی فکری، کۆمەڵایەتی ، سیاسیی تایبەت ، جیاواز هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە گرینگترین جیاوازیان بە سآ دەستە پێشوو، رەخنەی بنەڕەتی ، بەربڵاوی نەریتەکانی هزری رۆژئاوایی، لە روانگە دەرەکی ئەم بازنە نەریتییە. هەڵبەتە ئەمە بە واتای سەرهەڵدانی یەکجارەکی ، لە ناکاو سەرهەڵداوی ئەم تیۆرییانە نیە، بەڵکوو لە لایەکەوە، ئەم توێژینەوانە رەگی لە بیری رۆژئاواییدایە و لەسەر بنەمای بیروڕای بیرمەندانێك وەك: نیچە، ئادۆرنۆ، فۆکۆ، دریدا، دلوز ، لاکان پێی گرتووە، هەروەها کە ئاماژەمان پێکرد، بەشێك لە توێژینەوە کولتوورییەکان لەم دواییانەدایە. لە لایەکی دیکەوە، لەمێژە بیرمەندانی ئەم دواییانەی پاش کۆلۆنیالیستی، نوسەران و شایرانێك وەك (ئمە سەزر، فانوون و ...) بوون کە بە رەخنەی نەریتی بیری رۆژئاواوە خەریك بوون. ئەوەی کە ئەورۆکە دەبێتە هۆی پەرەسەندن ، جێگای پەسندی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان، وەکوو نەریتێکی هزرییە، لێڕوانینی میتۆدیکە تیۆریکترە کە لە لایەن بیریارانی ئەم بیاڤەوە پێکهاتووە. ئێمە لە باسێکی دواتردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

لەسەر ئەم بنەمایەوە، توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان، سەردێڕێکە بۆ توێژینەوەیەك کە لە سەردەمی پێش لە کۆلۆنیالیزمدا کراوە. گرینگترین ، سەرەکیترین توێژینەوەکانی ئەم بیاڤە لە سەرەتادا لەسەر مژاری رۆژهەڵاتناسی خۆی چڕ کردبۆوە. ئەم توێژینەوانە، بەگشتی خۆی بە رەخنەی توێژینەوەکان، راڤەکاری ، تیۆریگەلێکەوە خەریك کردوە کە لە لایەن بیرمەندە رۆژئاواییەکانەوە لەمەڕ «رۆژهەڵات»ەوە نووسراوون.توێژینەوەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتناسییەوەء رەخنەی ئەو توێژینەوانە کە بۆ یەکەمجار «عەبدولمەلەك» لە دەیەی 1960ەوە دەستی پێکردء دواتر «ئیدوارد سەعید» لە دەیەی 1970دا پەرەی پێدا. سەعید لە کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی لە ژێر ناوی «رۆژهەڵاتناسی (ئۆریانتالیزم)»دا، خۆی بە رەخنەیەکی زانستییانەی رۆژئاواء تیۆرییەکان لەمەڕ رۆژهەڵاتەوە خەریك دەکات. بە بۆچوونی ئیدوارد سەعید، کتێبی «رۆژهەڵاتناسی»، دوو مەسەلەی سەرەکی هەیە: 1. پێوەندی زانست و دەسەڵات 2. پێداچوونەوە بە کولتوورەکانی دیکە. ئیدوارد سەعید لەم کتێبەدا خەریکی رەخنەی «وێنەیی (تێویری)» دەبێ کە رۆژئاوا لە جیهان (چ رۆژئاوا و چ رۆژهەڵات) هێناویانەتە ئاراوە. لەم روانگەوە لە ئاستی وەسفکردنی مژارەکەدا، مەسەلەکە ئەمەیە کە ئەم وێنەیە، وێنەیەکی یەکپارچە، سادە، ناڕاست (ناواقعی)، خەیاڵی‌یە، وێنەیەك کە هیچ پێوەندییەکی بە واقعییەتی خۆی، واتە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی‌یەوە، نیە. لە ئاستی راڤەکردندا، «رۆژهەڵاتناسی» چاودێری کردنی بەسەر ئەم هزرەدایە کە ئەمو وێنە خەیاڵییە لە رۆژهەڵات، لە نێواخن ، دەروونی ئامانجە دەسەڵاتخوازانەکانەوە شاردراوەتەوە ، رۆژئاوا بە هێنانەئارای ئەم وێنەیە، لەگەڵ هەوڵ بۆ سەرپۆشدانان لەسەر راستییەکانی رۆژهەڵات (بە پێداگری لەسەر ئیسلام)دا، پێگەی خۆی لە بەرامبەر ئەودا بەرز دەکاتەوە.

رەخنەکان لەسەر توێژینەوە «رۆژهەڵاتناسی»یەکانەوە، کاریگەریی دانا. زۆربەی بیرمەندان، توێژەران ، سیاسەتمەدارە رۆژئاواییەکان، پێداچوونەوەیان بە بیرو هزری خۆیاندا کرد ، هێندێکیشان عەمەلیان پێکرد. لەم بوارەدا رۆڵی ئیدوارد سەعید، زۆر زەق،بەرچاوە. ئەو توانی شەپۆلێکی هزری رێك بخات کە هەنووکەش درێژەی هەیە ،هیوایەکی زۆر، لانیکەم لە بواری فیکری ، تیۆرییەوە، بۆ رووناکبیرە ناڕۆژئاواییەکان ئافراند. لەسەر ئەم بنەمایەوە، بە بۆچوون «ترنر» (1384)، ئاخێو

(گفتمانی رۆژهەڵاتناسی دوو ئاکامی سەرەکی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان هێنا ئاراوە: یەکەم، جیاوازییە تەواو لەمەر ، جیاوازییە کۆمەڵایەتی، مێژووییەکانی هێنا ئاراوە کە رۆژهەڵات، رۆژئاوای لێك جیا کردەوە، کە بە بۆچوونی ئەو، لەم چوارچێوەدا «رۆژهەڵات دیوی نەرێنی سکەی رۆژئاوا لەقەڵەم دەدری». دووهەم، جیگە لە ئیدیعای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە بیلایەنی بەهایی(ارزشی)،ئاخێوی رۆژهەڵاتناسی مژارێکی ئەخلاقی بەتایبەت لە رەگی کولتوورە مۆدێرنەکاندا پێك هێنا. ئەم هەڵوێست گرتنە بەهاییە،بۆتە هۆی لەبەرچاونەگرتنی دەسکەوتەکانی رۆژهەڵات لە بیاڤەکانی زانست، فەلسەفە، تێکۆلۆژی ... هتددا.

گرینگترین رەخنە لەسەر «رۆژهەڵاتناسی»، ئەمە بوو کە ئەو توێژینەوانە پتر لە ئاستی وەسفکردنی وێنەی رۆژئاوا لە هەمبەر رۆژهەڵاتەوە پتر ناڕوات. خودی ئیدوارد سەعید گوتوویە کە «هیچ شێوە وێنەیەکی راستەقینە لە رۆژهەڵات بەدی ناکری» (سەعید 1382).

سەعیدلە کتێبی «رۆژهەڵاتناسی»،«کولتوور، ئیمپریالیزم»دا هەوڵی داوە کە خەوشدار، ئیدۆلۆژیك بوونی وێنەی رۆژئاوا لە رۆژهەڵات زەق بکاتەوە. وەسفکردنی توێژینەوە پێوەندیدارەکان بە رەخنەی رۆژهەڵاتناسییەوە، وەك خاڵێکی هەستیار، لە ئاکامدا رەوگە(مسیر) ی توێژینەوەکانی پاش خۆی خۆش کردووە. ئەمجارە بە جێی ئیدوارد سەعید، بیرمەندان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جێهانەوە ( نە ئەوەی کە تەنیا وڵاتانی رۆژئاوایی بن)، بە توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان رووی داوە. بە واتایەکی روونتر، بە دوای ئەم رەوتە بوو کە ئەدەبیاتێك بە نێوی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان برەوی پەیدا کرد. ئەم توێژینەوانە ئەگەرچی مژار ، نێوەرۆکە نوێیەکان دێنێتە ئاراوە. بەڵام ئاوێتەیەکی زۆری لەگەڵ توێژینەوە رەخنەییەکانی کولتووری، توێژینەوە کولتوورییەکانی بریتانیا ، توێژینەوە فیمینیستییەکاندا هەیە، ئەم سی دەستە لە توێژینەوەکانی لە دەوری ناوەندێك بە نێو «رەخنەی توێژینەوە رۆژهەڵاتناسانە (نقد مگالعات شرق شناسانە) پەرەی ئەستاندووە، سەرلە نوی هێڵبەندی دەکات.

**توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان ( Postco-lonial studies)**

هەوڵە کۆلۆنیالیستییەکان نزیك بە چوار سەدەی پێش دەستی پێکرد. کۆلۆنیالیزم کە لە سەرەتاوە خۆی لە ئورووپای رۆژئاوا بە جووڵە کەوتبوو و بەرە بەرە سەرتاپای کورەی زەوینی داگرتبوو. هەوڵی دا ئەم ئەستێرەیە نە شێوازی ئورووپا، بەڵکوو لە خزمەتی ئورووپادا ئەم قارەیە رێك بخات. سەرتاپای قارەی ئەمریکا، لە ئالاسکا هەتا پاتاگونی، تایبەتمەندییەکانی خۆی لە داوێنی کۆلۆنیالیزمی ئورووپایدا دەبینێتەوە. لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم قارەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزدەهەم، فراونخوازانی ئورووپای دەستیان بە تێکڕماندنی رێکخراوی کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی خۆجێییەکانی ئەم قارەیە کرد. بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم، کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی لەگەڵ تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی سەرنجی قەڵەمڕەوی ئەفریقا دا. ئەم بارودۆخە لەگەڵ کڕین ، فرۆشتنی کۆیلەکان دەستی پێکرد، تا دەیەی 1960 کە تەپڵی سەربەخۆیی داگیرکراوەکان لێدرا، درێژەی هەبوو. لە نیو کورەی رۆژهەڵاتیش کۆلۆنیالیزمی ئورووپایی لەسەر گرووپی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك، ئاسیای باشووری رۆژهەڵات و ئوستراليا پەرەی ئەستاند کە تا دەیەی 1940، سەربەخۆیی وەرگرتنی وڵاتە چوکەکان درێژەی هەبوو (ایزنار: 1372).

کۆلۆنیالیزم لە درێژەی قۆناخەکەی خۆیدا، ژێرخانە رەنێوهانین ، پێوەندییەکان، ئابووری، حەشیمەت، ئاڵوێرە بازرگانی ، کۆمەڵایەتییەکان لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا خۆی بیچم دابوو. بە کۆتایی هاتن بە کۆلۆنیالیزم، قۆناخێکی نوێ بۆ وڵاتە ئازادکراوەکان دەستی پێکرد کە دەتوانین وەکوو «دژەکۆلۆنیالیستی (استعمارزدایی)» ناوی بەرین. کۆلۆنیالیزمی کولتووری دژەکۆلۆنیالیستی کولتووریش بەشێك لەم رەوتەیە. ئەوەی کە لە دژەکۆلۆنیالیستیدا گرینگی هەیە، لەبەرچاونەگرتن، سڕینەوەی ئیمکاناتە ماددی ،تێکنۆلۆژییەکان نیە کە لە قۆناخی کۆلۆنیالیزمدا پێکهاتووە، بەڵکوو باسی شوناس، نەریتء پرسە غەیرە ماددییە کولتوورییەکانی ئەم کۆمەڵگایانەیە. دژەکۆلۆنیالیستی لە راستیدا رەوتێکە لە پێناو خەبات لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی نوێدایە. ئەو رەوتە لە رەهەندگەلی ئابووری ـ حەشیمەتی، سیاسی.. هتد و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بە خۆوە گرتووە. دژەکۆلۆنیالیستی لە رەهەندە هزری (تیۆری ـ میتۆدۆلۆژی ..)یەکاندا دەتوانین لە چوارچێوەی «توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان» رەچاو بکرێت. کەوابوو توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان نە یارییەکی رووناکبیرانە و نە کردەوەیە جوانیناسانە یان ئەدەبیاتێکی تەواو و تایبەت بی، بەڵکوو راڤە ، رامانێکە کە رەگی لە راستییە مێژوویی، کاریگەرەکانی کۆلۆنیالیزم ، ئاکامەکانی ئەو دایە.

چەمکی «پاش کۆلۆنیالیزم» یەکەمجار لە فەرهەنگی وشەی ئاکسفۆرددا، دەرکەوت. ئەم وشەیە سەرەتا ئاماژەیەك بوو بۆ قۆناخی دوای حکوومەتە کۆلۆنیالیستەکان و ئەوە کە ئەوڕۆکە پێناسەی لێوە دەکرێ، باسی لێوە نەکراوە. ئەم چەمکە سەرەتا پتر وەکوو هێزێکی سیاسی دژ بە کۆلۆنیالیزم بوو نە ئەوەی لە نێو رووناکبیران زۆر بە گرینگی باو بێت. هەنووکە ئەم وشەیە چوارچێوە پێوەندیدارەکانی لە بازنەی روناکبیری، ئاکادمیکدا وەکوو کردەوەیەکی رەخنەئامێزانە گەشەی کردووە، چەمکی «پاش کۆلۆنیالیزم (post - Colonial)، لە دەیە کۆتاییەکانی 1960 ، 1970دا بۆ دەستنیشان کردنی قۆناخێك کە بە دوای سڕینەوەی کۆلۆنیالیستییەکی بەرین، کە بەدوای شەڕی جیهانی دووهەم دەستی پێکرد، بەکار هاتووە.

مەرمێژووی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستەکان روانگەی جۆراوجۆر هەیە. تەنانەت بە جێگای ئەو چەمکانەی وەك توێژینەوە پاش ئیمپریالیستەکان، توێژینەوە وڵاتانی هاوبەرژەوەند (مشتراك المنافع)... کەڵکی لاوەرگیراء کەسانێك وەك «هالوارد» لەو باوەڕەدا بوو، کۆمەڵێك کە لە ژێر ناوی توێژینەوە پاش کۆلۆنیالیستییەکان ناسراوە، شتێکی زەنییە و بوونێکی دەرەکی و واقیعی نیە (2002). لە روانگەی زەمەنەوە هەم مێژوو یان قۆناخەکە بە تەواوی کۆمەڵێکی بەرچاو بۆ ئەم توێژینەوانە روون نیە.

بێجگە لەم فرەچەشنییە، دەرەتانی پێکهێنانی رووپەرێکی نوێی هاوبەش لە نێوان خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا هەیە. بە کەمێك وردبینییەوە



# خۆپیشاندانەكان و هەڵوێستی ڕێكخراوەكان

سابیر حسێن

ما و ە یە كە
ناڕەزایی دەربڕین و خۆ پیشاندانی چین و
توێژەكان بەتایبەتی قوتابی و خوێندكارەكان بۆتە دیاردەو ڕۆژانە
بەمەبەستی مافەكانیان دەڕژێنە سەرشەقام. وبەردەم پەرلەمان بێگومان ئەمەش
حاڵەتێكی تەندروستەو لەهەموو وولاتانی جیهان هاولاتیان بۆ ناڕەزایی دەربڕین وەك دیاردەیەكی
شارستانی دێنە سەرشەقام و داوای مافی خۆیان دەكەن, بەلام ئەوەی مایەی سەرنجی ئێمەیە شێوازی ئەو
ناڕەزایی دەربڕینەیە كە هاولاتیانی كوردستان دەیگرنە بەر ,بەجۆرێك خەریكە چەمكی خۆپیشاندان دەشێوێنن و
لەدیاردەیەكی مەدەنیەوە بەرەو ئاراستەیەكی ناشارستانی دەیبەن.

لەماوەی ئەم مانگەدا كەچەندین خۆپیشاندانی قوتابی و خوێندكارانی ئامادەیی و زانكۆكان سازدرا كەمافی خۆیانە داوای هەر شتێك بكەن و لایەنی بەرامبەریش گوێیان لێ ڕابگرێ,بەلام بەداخەوە ئەوانەی خۆپیشاندان دەكەن چەمكی ئازادیان چەواشەكردووە لەپاڵ ئازادی ڕادەربڕین ڕەفتارو هەڵسوكەوتی ناشارستانیانە دەگرنە بەر  وەك و جنێودان و گرتنی ڕێگای هاتوچۆی هاولاتیان و ڕێگەنەدان بەئۆتۆمبیلی مەدەنی لەشەقامە گشتیەكاندا...

بێگومان زۆربەیئەو كاتانەش كەشەقامە گشتیەكان دەگیرێت بریتی یە لەو كاتانەی كە هاولاتیان بەرەو كارەكانی خۆیان دەچن .یان كاری بەپەلەیان هەیە.تەنانەت زۆر جاریش ئەو ئۆتۆمبیلە مەدەنیانە ڕێگەیان لێ دەگیرێت نەخۆشیان لەگەڵ  خۆیان هەڵگرتووەو پەلەیانە بۆ ئەوەی بەرەو نەخۆشخانەیان بەرن. كەچی لەناكاو ڕوو بەڕووی ئەو ڕێگەگرتنە دەبن و ئیدی دەكەونە ناو قەرەباڵغی و مانەوە لەناو جەنجاڵی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەشوێنی خۆیان چەقیان بەستووە.ئەوەی لێرەشدا ڕەخنەگرتنە بەداخەوە تاوەكو ئێستا هیچ لەڕێكخراوەكانی قوتابیان و خوێنكاران و سەندیكاو ڕێكخراوەكانی دیكە كۆمەڵگای مەدەنی بەهیچ جۆرێك لێدوان و ڕێنمایی و بەیاننامەیەكیان دەرنەكردووە . كەتیایدا ئەندامانی خۆیانو خەڵك لەسەر گرتنەبەری شێوازی خۆپیشاندانی مەدەنیانە ڕابهێنن. چونكە بەردەوام بوونی ئەم شێوازە لەخۆپیشاندان وڕێگەگرتن لەهاتوچۆی هاولاتیانی سڤیل بۆ ئایندە دەرهاوێشتەی نێگەتیڤی لێ دەكەوێتەوە كە دیارترینیان ئەوەیە هاولاتیان بەگشتی ڕقیان لەدیاردەی خۆپیشاندان بێتەوە. كەئەمەش بۆ خۆی كارەساتە .بۆ پرسی مەدەنیەت و كۆمەڵگای شارەشتانی بۆیە پێویستە لەمەودوا چینوتوێژەكان بە تایبەتیش قوتابی و خوێنكارەكان هەوڵ  بدەن دیسپلینەكانی خۆپیشاندانی مەدەنیانە لە خۆپیشاندانەكانیان پەیڕەو بكەن تاوەكو داواكاریەكانیان زیاتربیبتە مایەی بایەخ وگرنگی پێدان.